# چاپکراوی نوێ


(زمانی میدیا، چەمکەکان - بنەماکان - پراکتیزەکردن) ناونیشانی کتێبێکی تازە وەرگێڕدراوی نووسەر و وەرگێڕ (کامەران تاهیرە)، کە بە بەرگێکی قەشەنگ و بە دیزاینێکی جوان کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە. ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا بە زمانی عەرەبی نووسراوە لەلایەن د.سامی ئەلشەریف و د. ئەیمەن مەنسوور نەدا و (کامەران تاهیر) کردوویەتی بە کوردی، سەرەتای کتێبەکە بەوە دەست پێ دەکات کە میدیا تەنیا ئامرازێکی پێوەندیگرتن نییە، ئەگینا بۆ نموونە دەبوایە شوێنی خۆی ڤالا بکردایە بۆ مانگە دەستکردەکان، میدیای (چاپکراو، بیستراو، بینراو، نووسراو- ئەلیکترۆنی) بریتییە لەو هێزە کاریگەرەی کارلێکی خۆی لە هێزی پەیڤ و دەنگ و ڕەنگەوە هەڵدەهێنجێت، کە لە ئەقڵ و هۆشدا جێگیر دەبێت و دەنگ و خەون و خواستی نەتەوەکان و ئاواتی گەلانەوە دێت.


تەوەرەکانی کتێبەکە بریتین لە زمان : چەمکەکان و ئەرکەکانی و ئاستەنگەکانی گوزارشتکردن پێی، پێناسەی زمان و تایبەتمەندییەکانی و زمان و ئاخاوتن و زمانی بێژەیی و زمانی نووسین، دواتر دێتە سەر زمانی ڕاگەیاندن: چەمك و تایبەتمەندییە گشتییەکان، وێڕای چەندین تەوەری دیکە کە کتێبەکە ئاماژەیان پێ دەکات وەك پێکهاتەکانی زمانی رادیۆ و تەلەفزیۆن و شێوازی نووسینی ئێزگە و کارامەیی نووسەر..


پیرۆزبایی لە نووسەر و وەرگێڕ کامەران تاهیر دەکەین کە بەم کتێبەی توانیویەتی کەلێنێك لە کتێبخانەی کوردی پڕبکاتەوە و میدیاکارانیش بە زمانی میدیایی ئاشنا بکات. بە هیوای بەرهەمی زیاتر.



# مومتاز حەیدەری و هەگبەیەک لە کتێبی دانسقەی چاپکراو





مومتــاز حەیــدەری ناوێکــی درەوشــاوەیە لــە نووســین و ڕۆژنامەگەریــی کوردیــدا، پتــر لــە ٦٠ســاڵە ڕۆژنامەنووســە و ڕۆڵێکی کارای لە ڕۆژنامەوانیی کوردی و نووسینەوەی مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردی گێڕاوە، کاتێکیش ناوی ڕۆژنامەگەریی کوردی دێت، مومتــاز حەیدەری دەبێتە ناوێکی دیار و پێشەنگ لە ئەستێرە گەشەکانی ئەم بوارە، لە نێو خەرمانێك لە نووسین و چاپکــراو و ئامادەبــوون لــە کــۆڕو گفتوگۆکانــی ئــەدەب و ڕۆشــنبیریی کــوردی و...هتــد، ئەو باخەوانی کتێبە، پتر لە نیو ســەدەیە کتێبناســە، ئەرشــیڤێکی دەوڵەمەنــدی لــە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامــە بــە زمانــی کــوردی و عەرەبــی و زمانەکانــی دیکــە هەیــە، ئەمــە وێــڕای ئــەوەی کــە خــاوەن زانیارییەکــی دەوڵەمەنــدی مێژوویــی و سیاســی و کولتوورییــە.


بــە خــۆی و هەگبەیــەك کتێبــەوە گۆڤــاری گوڵانــی بەســەر کــردەوە و، ئــەم خەرمانــە کتێبــەی پێشــکەش کردیــن، ئــەم شــاکارەی مامۆســتا مومتازحەیــدەری، شــەش کتێبــی دانســقە و نــاوازەی لەخــۆ گرتبــوو، بــە ناوەکانــی:

* (**گوڵچنێك لــە یادداشــتەکانی ســاڵح حەیــدەری**) وەرگێڕانــی حەیــدەر عەبــدوڵا، پێداچوونــەوەی مومتــاز حەیــدەری، ئــەم کتێبــە بریتییــە لــە یاداشــت و تیلەچاوێــك بــە مێــژووی جووڵانــەوەی نیشــتمانی و شۆڕشــگێڕی لــە کوردســتان و عێراقــدا، هەروەهــا بەشــێکە لــە دەستنووســێکی بڵاونەکــراوە، کتێبەکــە بریتییــە لــە بەشــی یەکــەم لــە ســاڵی ١٩٤٠ تــا ســاڵی ١٩٥٨، تــەوەری یەکــەم ســاڵانی ١٩٤٠-١٩٥٣، دواجــار ئەیلوولــی ســاڵی ١٩٦٩ی شــاری بەغــدا.

* (**صالــح الحیــدری فــی مجموعــة مقــالات مهمــة غیــر منشورة**)، مراجعه لغویه خالد بکر أیوب – د. آزاد عبیــد، تعریف الكتــاب : ممتــاز الحیــدري، مقدمــة عامــة: بختیــار الحیــدري. ئــەم کتێبــە بریتییــە لــە کۆمەڵــە وتارێکــی گرنگــی بڵاونەکــراوەی ســاڵح حەیــدەری، کــە لــە هەشــتاکانی ســەدەی ڕابــردوو نووســیونی، گوزارشــت لــە بیروبۆچــوون و ئەزموونــی تایبەتیــی خــۆی دەکات، لەهەمبــەر ڕووداوەکانــی دوای نسکۆی شۆڕشــی ئەیلــوول، وێــڕای ڕووداوگــەل و پێشــهاتگەلێکی دیکــەی گۆڕەپانــی سیاســیی ئــەو ســەردەمە.

* (**ســاڵح حەیــدەری ســاڵانی ١٩٢٢-٢٠٠١ ڕۆڵــی سیاســی و ڕووناکبیــری**) نووســینی بورهــان حاتــەم گۆمەتاڵــی، پێشــوازیی







کتێب: مومتاز حەیدەری، بۆ یەکەم جارە ئەم لێکۆڵینەوەیە کە لەبەر رۆشنایی زانستی مێژوو لەلایەن قوتابییەکی توێژەری پشوودرێژی وردبین، لە بارەی تێکۆشەرو نووسەری سیاسیی ناسراوی کوردستان ساڵح حەیدەری وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی نامەی ماستەر لە بەشی مێژوو(مێژووی نوێ) سەر بە زانکۆی سەلاحەددین ئەنجام دەدرێت.

* (**جەمال حەیدەری سالانی١٩٢٦-١٩٦٣ رۆڵی سیاسی و رۆشنبیری**) لە نووسینی بارزان محەمەد عەلی، نووسەر لەم کتێبەدا کە ماستەرنامەیەکە، باس لە جەمال حەیدەری دەکات، کە یەکێك بووە لەو کەسایەتییە سیاسییانەی کورد لە چلەکانی سەدەی رابردوو بووەتە هەڵگری هزری مارکسی و لەو رێگەوە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی نیشتمانی لە عێراقدا رۆڵێکی دیاری گێڕاوە، نووسەر لە توێژینەوەکەیدا لە دەروازەی یەکەمدا تیشکی خستۆتە سەر ژیاننامەی جەمال حەیدەری، دواتر توێژینەوەکەی بەم شێوەیە پۆلێن کردووە: چالاکی و رۆڵی سیاسی و نیشتمانی، هەڵوێستی بەرامبەر مەسەلەی کورد، کارو چالاکییەکانی لە بواری ئەدەب و رۆشنبیریدا، دیمانەکان، نامەو تێزە زانکۆییەکان(ماستەرو دکتۆرا) دەستنووسەکان، کتێب.

* (**مومتاز حەیدەری باخچەیەکی رەنگین لە کولتووری کوردیدا**) نووسینی بارزان محەمەد عەلی، ئەم کتێبە، شەش بەش لەخۆ دەگرێت و هەر بەشێکیان بەسەر چەند تەوەرێکدا پۆلێن کراوە، بەم شێوەیە: ژیاننامە و رەچەڵەکی بنەماڵەکەی، رۆڵی لە رۆژنامەگەریی کوردیدا، رۆڵی لە دامەزراندنی سەندیکای رۆژنامەنووسان، دواچالاکیی لە دەرکردنی هەردوو گۆڤاری (K21) و (لەیلا قاسم و لەیلا زانا)، شیکردنەوەی بەرهەمەکانی، وتارو چاوپێکەوتنەکانی.

* (**کەشکۆڵێکی کولتووری**) ئامادەکردن وسەرپەرشتیی مومتاز حەیدەری، ئەم کتێبە خەرمانێکە لە باس کردن و خستنەڕووی کتێب و رۆژنامە و گۆڤارە نهێنییەکان، هاوکات ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی بە ئاشکرا دەرچوون، وێڕای چەندین بابەت کە تایبەت بە مومتاز حەیدەری نووسراون، دواتر بیبلۆگرافیای گۆڤاری(K21)، ئەندێکسی گۆڤاری لەیلا قاسم- لەیلا زانا.

دەستخۆشی لە نووسەرو رۆژنامەنووسی دێرین مومتاز حەیدەری دەکەین، بۆ بەچاپگەیاندنی ئەم کۆمەڵە کتێبە نایابە و هیوای تەمەندرێژیی بۆ دەخوازین.





■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
**هێمن غەنی**

■ سیاسەت و ناوخۆ:
**ساڵح عومەر**
**شەماڵ نوری**
**د. شێبان فەرهاد**
**بەهادین جەلال**

■ گشتی:
**ئەحمەد عەزیز**
**د.عادل حوسێن**
**تارا عومەر**
**خەلیل بلەیی**
**سەنگەر شنۆیی**
**مەهدی حاجی ساڵح**

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
**سلێمان یاسین**

■ بەڕێوەبەری هونەری:
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ:
**لوقمان ڕەشیدی**

■ وێنەگر:
**کەمال ئاکرەیی**

**بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:**

Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

**چاپخانا خانی - دهۆك**

**ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری**

***Web: www.gulan-media.com***


دکتۆر محەمەد ڕێکانی:



## هەوڵی حکومەت بۆ جێبەجێکردنی یاسا بەسەر هەمووانـدا لە ئارادایە و ئومێد دەکرێت ساردبوونەوەی تێدا نەبێت

د. عەلی ڕەشید خۆشناو:



## زۆر پێویستە لقە کشتوکاڵییەکان ببووژێندرێنەوە و ببنە سەرچاوەی زانیاری و ڕێنمایی بۆ جووتیاران

د.ئازاد شکور ساڵح



## وەبەرهێنان لە پێناو پەرەپێدانی ئابووری و پەرەپێدانی مرۆیی

سەلاح بەدرەدین



## (کۆنگرەی نیشتمانی) بە هەردوو شێوازە کوردی و سوورییەکەی

دانیاڵ کورتزەر:



## سیاسەتێکی دەرەکیی ڕوون و جێگر لەلایەن ئیدارەی ترەمپەوە بەدی ناکرێت

بژار کۆچەر:



## له ئێستادا پەرلەمان ئەدایەکی باشتری بۆ دەرکردنی یاساکان هەیه

## قوتابیان و لاوانی کوردستان ١٨ی شوبات به لاپەڕەیەکی درەوشاوی مێژوو دەزانن

## هۆکارەکانی هەستکردن به چێژی تاڵ له دەمدا



## هواوی مۆبایلێکی چەماوەی دیکه بەرهەم دێنێ





## پیشانگای ئاشتی عەدۆ جەژن و فەرمانی ئێزیدی

وریا غەفووری :

## ئەگەر یانەی هەولێر پێویستی به من بێت ئامادەم یاریی بۆ بکەم



# دواڕووپۆشەکەی (سەدر) کەوت

ئێستا سەدر لەژێر کاریگەریی تەواوی ئێراندایە و نایەوێ بە هیچ شێوەیەك دەنگی جووڵە جەماوەرییەکە لە دەنگی ئەو بەرزتر بێ.

ئێران پاش کوژرانی سولەیمانی و بەردەوامیی جووڵە جەماوەرییەکە، خەریکی ستراتیژییەتێکی نوێیە و سەرەڕمی ئەو ستراتیژییەتەش لە عێراق موقتەدا سەدرە، ئەوەیش پاش ئەوەی ئێران گەیشتە ئەو باوەڕەی کە میلیشیاکانی لە عێراقدا توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمریکایان نییە و تەنیا کەسیش کە خاوەن شەقام بێ، سەدرە.

ئێران لەم قۆناخەدا پێویستی بە هێزی سەدرە، ئەویش بۆ دوو شت: ڕووبەڕووبوونەوەی فشارەکانی ئەمریکا لەلایەك و لێدانی جووڵە جەماوەرییەکەی عێراقە لەلایەکی دیکە کە بە باوەڕی ئێران هەڕەشەیەکی جددییە بۆ دەسەڵاتەکەی لە عێراقدا.

ئێران هەوڵ دەدات لە ڕێی جەماوەرە زۆرەکەی سەدرەوە قەرەبووی حازینە جەماوەرییەکەی میلیشیا چەکدارەکانی بکاتەوە.

پرسیار ئەوەیە: ئایا موقتەدا سەدر توانی خواستەکانی ئێران بە دەرخستنی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بە کۆتا هێنانی جووڵە جەماوەرییەکە، جێبەجێ بکات؟

وەڵام نەخێر، بەڵکو خەریکە ئەو شەقامەش لە دەست دەدات کە بە هی خۆی دەیزانی.

پەیوەندیی سەدر و جەماوەری شیعە پاش هەڵوێستەکانی ئەم دواییەی، وایکرد ئەو پەیوەندییە بە قۆناخێکی زۆر ترسناکدا تێپەڕ ببێ.

هەر لە بڕیارەکەی بە دەستهەڵگرتن لە فەریق عەبدولوەهاب ساعدی کە ببووە خاوەن شەرعییەتێکی نیشتمانی و جەماوەری و، دەیتوانی ببێ بە ئەلتەرناتیڤی سەرکردایەتییە تەقلیدییەکەی شیعە، ئەو سەرکردایەتییەی کە فەشەلی هێنا لە پڕۆژەی بونیادنانی دەوڵەتدا.

سەبارەت بە بەربژێرکردنی مستەفا کازمیش بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئەویش چەند پرسیارێك دەوروژێنێ کە چۆن سەدر کارتی بەربژێکردنی ئەو کەسەی سووتاند، بۆ بەرژەوەندیی لایەنێکی دەرەکی کە ئەویش ئێرانە.

ئەمما تەنگژە مەعنەوییەکەی سەدر لەگەڵ جەماوەری خودی ڕەوتەکەی، ئەوە خۆی لە قبووڵنەکردنیان دەبینێتەوە لە دیتنی وێنەی دانیشتنەکەی لە مەجلیسی مورشیدی ئێرانیدا، بەشێوەیەك دژ بە عورفەکانی مەرجەعییەتە ئایینییەکانی نەجەف بوو، کە هەر هەموویان بە یەکسانی لەگەڵ ئەو کەسانە دادەنیشن کە سەردانیان دەکەن، جا پلەو پایەیان هەرچی بێ.

من هەمیشە بە پێچەوانەی بیروبۆچوونی زۆربەی توێژەران و سیاسەتکاران گوتوومە: سەدر هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ عامری و موهەندیس و خەزعەلی و ئەلکەعبی و بەتات



**فەیسەڵ دەباغ**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

نییە، ئەویش سەر بە ئێران و ویلایەتی فەقیهە و ڕۆژێك دێ رووپۆشەکەی ئەویش دەکەوێ، سەدر سەر بە مەرجەعییەتی (حائری)یە و (حائری) یش کار بۆ خامەنەئی دەکات.

هەر کەسێ لە نزیکەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەو کابرایە کردبێ، دەزانێ نە لە ئایین سەر دەردەکات، نە لە سیاسەت.

بە بیرم دێ، کاتێ ئەو کابرایە سەردانی هەولێری کرد و لە میوانخانەکەی سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتی هەرێمی کوردستان میوانداری کرا، زۆر بە باشی گوێم بۆ قسەکانی شل کردبوو، بە راستی ئەو کات تووشی شۆك بووم و یەکسەر بە برادەرانی ئەوێم گوت: «وەڵڵا ئەو کابرایە نە لە ئایین تێدەگات، نە لە سیاسەت و قوڕ بەسەر ئەو کەسانەش کە کوێرانە بە دوای کەوتوون».

ئەو کابرایە هەموو ڕۆژێ لەسەر رایەکەو، بەشەو و ڕۆژێك دیدی خۆی بە ١٨٠پلە دەگۆڕێ.

تا دوێنێ رەخنەی لە میلیشیا چەکدارەکان دەگرت و بە (وەقیحە) ناوی دەبردن، کەچی ئەمڕۆ هەماهەنگییەکی تەواویان لەگەڵ دەکات دژ بە جووڵە جەماوەرییەکە، بەتایبەتی پاش کۆبوونەوەکەی (قوم) و هەڵوێست وەرگرتن لە جووڵە جەماوەرییەکە.

ئامانجی سەدر لەگەڵ ئامانجی ئەو جووڵەیە زۆر جیاوازە، ئەوەی یەکەم، دەرخستنی هێزەکانی ئەمریکایە لە عێراق کە ئەمەش گوزارشت لە ئیرادەی ئێران دەکات.

ئەوەی دووەمیش ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییە لە تەواوی پرۆسەی سیاسی کە رەوتەکەی سەدر بەشێکە لێی.

سەدر ویستی هەردوو سێوەکە بە دوو دەست بگرێ: بەدەستێك تەواوی پرۆسە سیاسییەکەی عێراق و، کۆتایی هێنان بە جووڵە جەماوەرییەکە ئەویش بە رەزامەندیی ئێران.

بە رای من نە یەکەمیانی بۆ دەچێتە سەر، نە دووەمیش، چونکە ئەو زاتە نەك هەر تەواوی جووڵە جەماوەرییەکەی لە دەست خۆی داوە، بەڵکو بەشێکی رەوتەکەی خۆیشی، ئەو بەشەی کە رازی نەبوون بچنە ژێر باری فەرمانە کتوپڕەکانی، بە بەڵگەی ئەوەی هەر پاش فەرمانێکی بە کشانەوە لە گۆڕەپانەکانی خۆپیشاندان، سەرکردەیەکی دیاری رەوتەکەی لەکار لابرد، بە هۆی پشتگیریکردنی لە جووڵە جەماوەرییەکە و ئەو سەرکردەیەش پاش فڕێدانی عەمامەکەی رایگەیاند کە ئەو بەردەوام دەبێ لە پشتگیریکردنی جووڵەکە.

ئەو جووڵەیەی کە ئەمڕۆ بەوپەڕی جورئەتەوە سیفەتی (بکوژ) و (خائین) دەدەنە پاڵ سەدر، بەتایبەت پاش ئەنجامدانی کوشتارگەکەی نەجەف و کەربەلا و بەغدا لەلایەن کڵاوشینەکانەوە.


msc
Munich Security Conference
Münchner Sicherheitskonferenz
msc



# هەرێمی کوردستان لەناو سیاسەتی ئاسایشی جیهاندا

## کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن - ٢٠٢٠
## جەستەی بێهۆشی رۆژئاوا لەناو هۆڵی بایرشەر هۆف-دا

ساڵی پار دوای تەواوبوونی (٥٥)ەمین کۆنگرەی ئاسایشی میونشن، ستوونووسی دیاری نیوۆرك تایمز، رۆگەر کۆهێن وتارێکی بە ناونیشانی (میونشن، یان رێورەسمی ناشتنی تەرمی رۆژئاوا - Munich or a Requiem for the West) بڵاوکردەوە، بۆ ئەمساڵ ئەم ناونیشانەی نیویۆرك تایمز، بەدەربڕینێکی دیکە (نەمانی خۆرئاوا - Westlessness) بۆتە ناونیشانی راپۆرتی (٥٦)ەمین کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن.

(نەمانی خۆرئاوا — Westlesness) چەمکێکی تازەیە و پسپۆڕان و بیرمەندانی راپۆرتی ئاسایشی میونشن، وەك ئاماژەیەك بۆ نەمانی ناسنامەی خۆرئاوا لە سیستمە سیاسییەکانی دەوڵەتانی رۆژئاوا و داشکانی هەژموونی رۆژئاوا لەسەر ئاستی جیهان و دەستەوەستانبوونی رۆژئاوا لە چارەسەرکردنی کێشەکانی جیهان دایانڕشتووە، تەنانەت کەسێکی وەك مارگرێت ڤیستەگارد کە جێگری سەرۆکی جێبەجێکاری لیژنەیەکی کۆمیسیۆنی ئەوروپا بۆ پێگەی ئەوروپا لە سەردەمی دیجیاڵتدا، لە پانێلێکی کۆنفرانسی میونشن بە ناونیشانی (نەمانی رۆژئاوا: فرەکولتووری لە سیستمی جیهانی گۆڕاودا)، راشکاوانە ئەوەی راگەیاند، کە هەتا نەهاتۆتە کۆنفرانسەکە هەرگیز چەمکی (نەمانی خۆرئاوا—Westlessness)ی نەبیستووە، لەبەرامبەر ئەم قسەیەی مارگرێت ڤیستەگاردا، سیناتۆر لیندسی گراهام سەرۆکی لیژنەی دادوەری لە ئەنجومەنی سەناتی ئەمریکا جەختی لەوە کردەوە، چەمکی رۆژئاوا ئاماژەیە بۆ (دیموکراتی، سەروەریی یاسا، پاراستنی مافەکانی مرۆڤ)، بۆیە ئێستا کە ئەم بەهایانە کەوتوونەتە مەترسییەوە، ئەوا مانای ئەوەیە دەوڵەتانی رۆژئاوا لەم بەهایانە داماڵدراون، لەسەر ئەم قسەیەی لیندسی گراهام، خاتوو کانگ کیونگ- وەزیری دەرەوەی کۆریای باشوور گوتی: ئەگەر «دیموکراتی و سەروەریی یاسا و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ) مانای رۆژئاوا بێت، ئەوا کۆریای باشووریش، رۆژئاوایە و رۆژهەڵاتی دوور نییە».

سەبارەت بەم چەمکە (نەمانی خۆرئاوا — Westlessness) کە خۆی لە خۆیدا چەمکێکە تێگەیشتنی بۆ ئامادەبوانی کۆنگرەکەش ئاسان نییە، باڵیۆز ڤۆلڤگانگ ئیشنگر سەرۆکی کۆنفرانسی ئاسایشی میونش، لە وتەی کردنەوەی کۆنفرانسەکەدا راشکاوانە ئەوەی بە ئامادەبووانی کۆنفرانسەکە راگەیاند، کە راپۆرتی کۆنفرانسەکە هەموو نەخۆشییەکانی (نەمانی رۆژئاوای لەسەر ئاستی ناوخۆیی و جیهان) دەستنیشان کردووە، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئامادەبووانی کۆنفرانسەکە بە بوێری و راشکاوی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە کە ئەم راپۆرتە وروژاندوونی.

دیارە ئەم رەشبینی و نائومێدییەی سەرۆکی کۆنفرانسی میونشن، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە کۆنفرانسی ساڵی پار بەو ئومێدە بەرنامەیان بۆ دانابوو کە بتوانن جارێکی دیکە پارچەکانی سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی و ناوماڵی رۆژئاوا دووبارە رێکبخەنەوە، بەڵام کاتێك لە کۆنفرانسی ساڵی پاردا، هەر یەکە لە مایك پێنس جێگری سەرۆکی ئەمریکا و ئەنگیلا مێرکل راوێژکاری ئەڵمانیا بە دوو بۆچوونی جیاواز لەسەر چەندین کێشەی گەورەی جیهانی وەڵامیان دایەوە، ئەوا نەك هەر نەیانتوانی جارێکی دیکە پارچەکانی سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی پێکەوە بلکێننەوە و لوغزە گەورەکەی سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی بکەنەوە، ئەوا وەك رۆگەر کۆهین لە نیوریۆك تایمز ئاماژەی پێ کردووە، «میونشن، یان رێورەسمی ناشتنی تەرمی رۆژئاوا)، ئەو کۆنفرانسەش بە شکستخواردوویی کۆتایی هات»، وەك ئەمساڵیش سەرۆکی کۆنفرانسی میونشن لە راپۆرتی ئەمساڵدا ئاماژەی پێ کردووە: «پێدەچێت هۆڵی بایشەر هۆف لەبەر قەرەباڵغی و بچووکی، جێگای دوو جیهانی تێدا نەبێتەوە».

بە درێژایی ساڵانی ١٩٦٣- ٢٠١٩، ئەوە جاری یەکەم بوو لە مێژووی کۆنفرانسی میونشندا کە ئەم کۆنفرانسە نەتوانێت چارەسەر بۆ کێشەکانی سیاسەتی ئاسایش و بەرگری بدۆزێتەوە، یان ئەمە یەکەمجار بوو کە ئەم کۆنفرانسە گەورە و گرنگە نەتوانێت رایەڵەی هاوبەشیی بەهێز لە نێوان بۆچوونە جیاوازەکانی دەوڵەتانی رۆژئاوا (دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا، ناتۆ، ئەمریکا و کەندا) دروست بکات، هەر بۆیە دروستبوونی

**ئەزموونی سەرکەوتووی دەوڵەتداری و حوکمڕانی، پەیوەندی بە دەوڵەتی گەورە و بچووکەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە ئەزموونی سەرکەوتووی گەورەوە هەیە**

**ئێستا لە جیهان بەگشتی و رۆژئاوا بەتایبەتی، تەنگژەی دیاردەی فرەکولتوورییە لە رۆژئاوا کێشەیەکی گەورەی بۆ دروست کردوون و خەریکە هەموو بنەماکانی سیستمی لیبراڵ دیموکراتیی رۆژئاوا لەبەریەک هەڵدەوەشێنێت**

**لە هەرێمی کوردستان و لە سایەی ئەو پرۆسە سیاسییەی سەرۆک مسعود بارزانی رێبەرایەتی دەکات، دیاردەی تەبایی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان کەلتور و نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان بۆتە خاڵێکی بەهێز کە جیهان گرنگیی پێ دەدات**

درز و کەلێنی گەورە، بەتایبەتی دوای ئەوەی دۆناڵد ترەمپ لە ساڵی ٢٠١٩ لەسەر سەکۆی نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاند: «گلۆبالیزم سەرکەتوو نابێت و ئایندە بۆ نیشتمانپەروەرییە»، هەروەها چوونە دەرەوەی بەریتانیا بە فەرمی لە یەکێتیی ئەوروپا، ئەمانە هەمووی بوونە هۆکاری ئەوەی کە رۆژئاوا لە ناو خۆیدا ئەو بەهایانە لە دەست بدات کە پێی دەناسرایەوە، هەروەها لەسەر ئاستی جیهانیش ئەو رۆڵە گەورەیەی خۆی بدۆڕێنێت کە پێشتر رۆژئاوا (ناتۆ و یەکێتیی ئەوروپا)ی پێ دەناسرانەوە بۆ دەستێوەردانی سەربازی لە پێناوی هاندانی دیموکراتی و سەروەریی و رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ.

**● ئەو تەحەددییانەی رووبەڕووی رۆژئاوا بوونەوە و راپۆرتی کۆنفرانسی ئاسایشی ٢٠٢٠ ئاماژەی پێ کردوون**

ڤۆلفگانگ ئیشینگر سەرۆکی کۆنفرانسی ئاسایشی میونشن لە پێشەکیی راپۆرتی ئەمساڵدا چەند خاڵێکی ئاماژە پێ کردووە کە بریتین لە:

١. بۆ ساڵی ٢٠١٩ ئەو تەحەددییانەی رووبەڕوومان دەبوونەوە، جیاواز بوون لەو بۆچوونانەی کە هەندێك باسی هەڵوەشانەوەی پرۆژەی رۆژئاوایان دەکرد.

٢. راپۆرتی ساڵی پار جەختی لەسەر هێزە مامناوەندییەکانی ریزی دووەم دەکردەوە، بەڵام راپۆرتی ئەمساڵ جەخت لە سەر ململانێی نێوان گەورە زلهێزەکان دەکاتەوە کە بریتین لە (ئەمریکا، ئەوروپا، رووسیا و چین).

٣. ئەمڕۆ تەحەددیی سەرەکی ئەوەیە، چەمکی رۆژئاوابوون لەناو خۆیەوە دژایەتی دەکرێت، بەشی سەرەکیی ئەو تەحەددییەش ئەوەیە ئێمە ئەو تێگەیشتنە هاوبەشەمان بزر کردووە، کە پێشتر مانای ئەوەی پێ دەبەخشین کە ئێمە بەشێکین لە رۆژئاوا.

٤. هەموو ئەمانەی کە ئێستا روودەدەن، بەرەنجام و دەرهاویشتەی هەڵکشانی ئەو کێشانەیە کە لە جیهان بەگشتی و لە رۆژئاوا بەتایبەتی کەڵەکە بوون، دەوڵەتانی رۆژئاوا وەڵامدانەوەیەکی کۆنسێرتییان بۆ راگرتن و چارەسەری ئەو کێشانە نەبووە.

٥. کۆنگرەی ئەمساڵی ئاسایشی میونشن، هەلێکی باشە بۆ ئەوەی لەسەر دوو ئاست بەشداربووانی کۆنفرانسەکە وەڵامدانەوەیان بۆ ئەو کێشانە هەبێت، کە رووبەڕووی حاڵەتی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بوونەتەوە، هەروەها دەبێت بە هەمان ئاست وەڵامدانەوەشیان هەبێت، بۆ دووبارە چاوخشاندنەوە بە پرۆژەی رۆژئاوا، هەم لەسەر ئاستی تەحەددییە ناوخۆییەکان، هەم لەسەر ئاستی دروستکردنی هاوەنگی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانی جیهاندا.

ئەگەر هەڵوەستەیەك لەسەر ئەو خاڵانە بکەین، کە راپۆرتی ئەمساڵی میونشن لە راپۆرتی ساڵی پار جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە کێشە ناوخۆییەکانی ناو دەوڵەتانی رۆژئاوا، بەتایبەتی سەرهەڵدانی دیاردەی پۆپۆلیستی لە سەر ئاستی راست و چەپ و دروستبوونی زینۆفیا لەناو شەقامی رۆژئاوادا دژی ئیسلام، ئەمە ئەوەمان پێ دەڵێت کە لەناو خودی کۆمەڵگەی لیبراڵ دیموکراتی رۆژئاواوە دژایەتی ئەو سیستمە دەکرێت و دەیانەوێت ئەو سیستمە کۆتایی بێت کە بناخەی سیستمی لیبراڵی نێودەوڵەتییە، راپۆرتەکەی ئەمساڵی میونشن، باس لەو گوتارە راشکاوانەیەی ڤیکتۆر ئۆربانی سەرۆکی هەنگاریا دەکات و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە چۆن بە ئاشکرا ئۆربان رایگەیاندووە «هەرگیز دیموکراتییەتی کریستیانی، لیبراڵی نەبووە، بەڵکو دیموکراتییەتی کریستیانی غەیرە لیبراڵی بووە، بۆیە دەبێت دەستبەرداری دیموکراتییەتی لیبراڵی بین و بگەڕێینەوە بۆ دیموکراتییەتی کریستیانی.»، هەروەها هەڵکشانی حزبی راستڕەوی پۆپۆلیستیی ڤۆکس (VOX) ئیسپانیا کە سەرۆکەکەی خافێر ئۆتیگا سیمس، راشکاوانە بانگەشە بۆ ئەوە دەکات کە «ئیسلام دوژمنی سەرەکیی رۆژئاوایە، بۆیە لەسەر هاوولاتیانی رۆژئاوا پێویستە کە غەزوی ئەو غەزوە ئیسلامییە بکەن کە ئێستا لەسەر رۆژئاوا هەیە».

لەسەر ئەم بنەمایە راپۆرتەکە دەپرسێت: ئایا چەمکی رۆژئاوا ئاماژەیە بۆ رۆژئاوایەکی هامۆجینی، یان جوگرافیایەکی یەکگرتوو؟ راپۆرتەکە بەم جۆرە وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە و دەڵێت: «رۆژئاوا لە بنەڕەتدا چەمکێکی

**لە یەکەم رۆژی کردنەوەی کۆنفرانسی میونشن-ی ئەمساڵدا، یەکەم دیداری مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دان برۆلیی وەزیری وزەی ئەمریکا، هەمان قسەکەی هلموت کۆڵمان سەبارەت بە لی کوان یو، لە زاری برۆلی-یەوە بەرامبەر مسرور بارزانی گوێ لێ بوو، کاتێک گوتی: ئێوە لە شێوازی دەوڵەتداری و حوکمڕانیدا موعجیزەتان دروست کردووە**

**ئەگەر هەڵوەستەیەک لەسەر ئەو خاڵانە بکەین، کە راپۆرتی ئەمساڵی میونشن لە راپۆرتی ساڵی پار جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە کێشە ناوخۆییەکانی ناو دەوڵەتانی رۆژئاوا، بەتایبەتی سەرهەڵدانی دیاردەی پۆپۆلیستی لەسەر ئاستی راست و چەپ و دروستبوونی زینۆفیا لەناو شەقامی رۆژئاوادا دژی ئیسلام، ئەمە ئەوەمان پێ دەڵێت کە لەناو خودی کۆمەڵگەی لیبراڵ دیموکراتی رۆژئاواوە دژایەتی ئەو سیستمە دەکرێت و دەیانەوێت ئەو سیستمە کۆتایی بێت کە بناخەی سیستمی لیبراڵی نێودەوڵەتییە**



یەکگرتوو و پێکەوە گرێدراو نییە، بەڵکو کۆمەڵگەیەکی تێکەڵی فرەئیتنی و فرەئایینی و فرەکولتوور بووە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و بە هەنگاوهەڵگرتن لەسەر بنەماکانی لیبراڵ دیموکراتی و سەروەریی یاسا و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، ئابووری لەسەر بنەمای بازاڕ، هاوکاری لەناو دامەزراوە نێودەوڵەتییەکاندا، ئەمانە بوونە هۆکاری ئەوەی چەمکی رۆژئاوا بگۆڕێت و، ببێت بە ئاماژەیەك بۆ ئەو وڵاتانەی کە پابەند بوون بەم چەمکانەوە و، ئەو سیستمە جیهانییەشی کە پێی دەگوترا سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی، سەرەنجام بووە سیستمی نوێی جیهان و رۆژئاوا جڵەوگیری ئەو سیستمەی کردبوو، هەر لەسەر بنەمای ئەم پرەنسیپانە دامەزرابوو.

بەڵام لە ئێستای ناوخۆی رۆژئاوای هاوچەرخدا، بە ئاشکرا هەست دەکرێت، ئاراستەی گشتی بەرەو دژایەتیی لیبراڵیزم هەنگاو هەڵدەگرێت و، خەریکە ئەو رۆژئاوایەی کە بە تایبەتمەندی و بەهاکانی لە کۆمەڵگەکانی دیکە جیا دەکرایەوە، دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵگەیەکی داخراوی کریستیانی سپی (White Christian) و، بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن کە رۆژئاوا لەژێر مەترسیی ئەو بیانییانەدایە کە باکگراوەندی ئیتنی و ئایینی و کولتووری جیاوازیان هەیە.



هەر بۆیە ئەوانەی دوای ئەم ئاراستەیە دەکەون، پێیان وایە کە ڕۆژئاوا بەرەو لاوازی چووە و بەردەوامییش لەسەر ئەم ئاراستەیە، ڕۆژئاوا بەرەو خۆکوژی دەبات و دەبێت ئەم ئاراستەیە ڕابوەستێت.

هاوکات لەگەڵ ئەم کێشە ناوخۆییانە، ئێستا دەوڵەتانی ڕۆژئاوا (یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکا) لەسەر وەڵامدانەوەیان بۆ کێشە جیهانییەکان یەك ئاراستە و هاوئاواز نین. هەر بۆ نموونە، لە کاتێکدا دەوڵەتانی ڕۆژئاوا جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە دەبێت ڕێککەوتنی ناوکیی وڵاتانی ٥+١ لەگەڵ ئێران، هەموو لایەك پێوەی پابەند بن، بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە تەنیا لە ڕێککەوتنەکە هاتە دەرەوە، هەروەها لە کاتێکدا دەبوو دەوڵەتانی ڕۆژئاوا (ئەمریکا و یەکێتیی ئەوروپا) یەك هەڵوێستیان سەبارەت بە بۆرییە گازییەکان (Nord stream 2) بۆ گواستنەوەی گاز بە ڕێگەی بۆری لە شاری فیورگی ڕووسیاوە بۆ شاری گرایفیساڵد لە ئەڵمانیا لە یەکدی نزیك بووایە، بەڵام ڕای جیاوازیان هەبووە، ئەم هێڵە بۆرییانە کە درێژییەکەی ١٢٢٢ کم، بە ژێر ئاودا گاز دەگوازنەوە، درێژترین بۆریی گواستنەوەی گازن لە جیهاندا.

ئەم پشێوییەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لە هەمبەر کێشە جیهانییەکان، بەتایبەتیش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیادا، وایکردووە کە دەرگایەك بۆ ڕووسیا بکرێتەوە، بۆ ئەوەی بە ئاسانی دەستێوەردان بکات و بە ئاسانی خۆی تێکەڵاوی شەڕی سووریا بکات و، هاوشان لەگەڵ سوپای سووریا بە ناوی شەڕەوە هێرش بکەنە سەر نەخۆشخانە و شوێنە مەدەنییەکان و بە هەزاران خەڵکی مەدەنی بکوژن، بەبێ ئەوەی ڕۆژئاوا وەڵامدانەوەیەکی هەبێت.

هەڵوەستەکردنمان لەسەر ئەم حاڵەتەی ئێستا ڕۆژئاوا خۆی تێدا دەبینێتەوە، ئاماژەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە کۆنفرانسی ئەمساڵی میونشن، پێمان دەڵێت، دەبێت جیهان خۆی بۆ ململانێیەکی توندی نێوان هێزە گەورەکان ئامادە بکات، کە بریتین لە (ئەمریکا، ئەورووپا، چین و ڕووسیا)، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە، ئەگەر ئەمریکا لە ماوەی ٧٥ ساڵی ڕابردوو خۆی سەرکردایەتیی ڕۆژئاوای کردووە و لە ماوەی ساڵانی شەڕی ساردda باڵانسەکەی لە نێوان بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ڕاگرتبوو، ئەگەر لەمەودوا، بە تەنیا بێتە ناو ململانێی نێوان زلهێزەکان، ئایا ئەورووپا دەبێتە ئەو گەورە هێزەی کە بتوانێت ململانێیەکە لەگەڵ ڕووسیا و چین ڕێکبخات؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش ڕاپۆرتی ئەمساڵی کۆنفرانسی میونشن بەو جۆرە دەیداتەوە، لەگەڵ ئەوەی ئەورووپا هەتا ئێستا بە تەنیا خۆی لەم گەمەیەدا تاقی نەکردۆتەوە، بەڵام لە ئێستاوە دەبێت خۆی بۆ فێربوونی ئەو گەمەیە ئامادە بکات.

ئاماژەدانمان بە ڕەهەندە گشتییەکانی ئەو بابەتانەی ڕاپۆرتی ئەم کۆنفرانسە بایەخی پێ داون و لەناو پانێڵەکاندا زۆر بیروبۆچوونی لەسەر خرانەڕوو، بۆ ئەوەیە بپرسین: ئایا گرنگیی بەشداریی هەرێمی کوردستان لەناو ئەم کێشەیەدا کە چەندین ڕەهەندی جیاواز لەخۆی دەگرێت، لە کوێدایە؟ لەوانەیە وەڵامی کورت بۆ ئەم پرسیارە ئەوە بێت، دیارە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٥ و لە کۆنفرانسی (٥١) ـەمینی میونشنەوە بەشداریی ئەو کۆنفرانسە گەورە و گرنگە نێودەوڵەتییە دەکات، ئەگەر لە سەرەتادا قارەمانیەتی پێشمەرگە لە تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش دەرگای بۆ کردبێتەوە، ئەوا لە ئێستادا ئەو فرەنەتەوەیی و ئایینی و کولتوورییەی لە کوردستاندا هەیە و بۆتە بنەمای ئاشتی و تەبایی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان و سەقامگیری و تەناهی سیاسی لە کوردستاندا دەستەبەر کردووە، ئەو خاڵە گرنگەیە کە ئێستا لە تەواوی دەوڵەتانی ڕۆژئاوادا بۆتە ئەو مەحاڵەی جاڕی ڕۆژئاوای پێ دەدەن.

### ● بەشداریی هەرێمی کوردستان و دیدارە گرنگەکانی سەرۆکی حکومەت

هلموت کۆڵ ڕاوێژکاری ئەڵمانیا لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، دوای سەرکەوتنی لە دووبارە یەکگرتنەوەی هەر دوو ئەڵمانیای (ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا) نازناوی بسمارکی سەدەی بیستەمیان پێ بەخشی، بەڵام هەر ئەم هلمۆت کۆڵە لەسەر کتێبەکەی لی کوان یو (چیرۆکی سەرکەوتنی ٣٠ ساڵی سەنگافورا) نووسیویەتی: ئەزموونی لی کوان یو، لە بونیادنانەوەی دەوڵەتی سەنگافورادا، فێری هونەرێکی دیکەی دەوڵەتداری و حوکمڕانیی کردین، کە ئێمە پێشتر لە ڕۆژئاوا نەمانزانیوە، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەزموونی سەرکەوتووی دەوڵەتداری و حوکمڕانی، پەیوەندی بە دەوڵەتی گەورە و بچووکەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە ئەزموونی سەرکەوتووی گەورەوە هەیە.

لە یەکەم ڕۆژی کردنەوەی کۆنفرانسی میونشن-ی ئەمساڵدا، یەکەم دیداری مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ دان برۆلیی وەزیری وزەی ئەمریکا، هەمان قسەکەی هلمەت کۆڵمان سەبارەت بە لی کوان یو، لە زاری برۆلی-یەوە بەرامبەر مسرور بارزانی گوێ لێ بوو، کاتێك گوتی: ئێوە موعجیزەتان دروست کردووە لە شێوازی دەوڵەتداری و حوکمڕانیدا و ئێستا کوردستان هێندەی لیبیا نەوت هەناردەی دەرەوە دەکات.»

ئەم قسەیەی وەزیری وزەی ئەمریکا، قسەیەکی سەرپێیی نییە، بەڵکو ئاماژەیە بۆ کۆی ئەو کێشانەی کە لە ناو ڕاپۆرتەکەی کۆنفرانسی ئەمساڵی میونشن، سەبارەت بە حەوزی دەریای ناوەڕاست و دەوڵەتانی باکووری ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئاماژەیان پێ کراوە، بەڵام کوردستان لەناو ئەم جوگرافیا فاشیلەدا

ئێستا دەوڵەتانی ڕۆژئاوا (یەکێتیی ئەورووپا و ئەمریکا) لەسەر وەڵامدانەوەیان بۆ کێشە جیهانییەکان یەک ئاراستە و هاوئاواز نین. هەر بۆ نموونە، لە کاتێکدا دەوڵەتانی ڕۆژئاوا جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە، کە دەبێت ڕێککەوتنی ناوکیی وڵاتانی ٥+١ لەگەڵ ئێران، هەموو لایەک پێوەی پابەند بن، بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە تەنیا لە ڕێککەوتنەکە هاتە دەرەوە

ئەم پشێوییەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لە هەمبەر کێشە جیهانییەکان، بەتایبەتیش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیادا، وایکردووە کە دەرگایەک بۆ ڕووسیا بکرێتەوە، بۆ ئەوەی بە ئاسانی دەستێوەردان بکات و بە ئاسانی خۆی تێکەڵاوی شەڕی سووریا بکات و، هاوشان لەگەڵ سوپای سووریا بە ناوی شەڕەوە هێرش بکەنە سەر نەخۆشخانە و شوێنە مەدەنییەکان و بە هەزاران خەڵکی مەدەنی بکوژن، بەبێ ئەوەی ڕۆژئاوا وەڵامدانەوەیەکی هەبێت

بە عێراقیشەوە، ئەزموونێکی سەرکەتووی لەسەر ئاستەکانی (سیاسی، ئابووری، وزە، تەبایی و پێکەوە ژیان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و.. هتد) پێشکەش کردووە، ئەمەش لە جێگەی خۆیدا بۆ ئەم ناوچە فاشیلە، وای کردووە، ئەزموونی کوردستان وەك موعجیزەیەك سەیر بکرێت، کە ئەمەش وەك سەرەتایەك بۆ سەرنجڕاکێشانی هەرێمی کوردستان لەو کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەدا دەخوێندرێتەوە.

دیارە مسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی کوردستان لە ماوەی سێ رۆژی (٥٦)ـەمین کۆنفرانسی ئەمساڵی میونشن، چەندین دیداری گرنگی لەگەڵ سەرۆك وەزیران و وەزیرانی بەرگری و دەرەوە و وزەی وڵاتانی جیاوازی جیهان ئەنجام داوە کە بەشێکیان بریتی بوون لە:

- دان برۆلی وەزیری وزەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.
- مایك پۆمپیۆ وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.
- مارك ئیسپەر وەزیری بەرگریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.
- کرامپ ئەنێگرێت کارنبارۆ وەزیری بەرگریی ئەڵمانیا.
- شێخ سەباح حەمەد ئەلسەباح سەرۆك وەزیرانی دەوڵەتی کوەیت.
- بۆیکۆ بۆریسۆڤ سەرۆك وەزیرانی دەوڵەتی بولگاریا.
- شاندی پەرلەمانی ئەڵمانیا کە پێکهاتبوون لە (نیل شمید و کارستن شنایدەر و فیختز فەیگنترۆی)
- سێرگی لاڤرۆڤ وەزیری دەرەوەی رووسیا.
- ئەحمەد ئەبوغەیس ئەمینداری گشتیی کۆمکاری عەرەبی.
- مارك رووتە سەرۆك وەزیرانی هۆڵەندا.
- فالح فەیاز راوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانیی عێراق.
- ئەیمەن سەفەدی وەزیری دەرەوەی ئوردن.
- شاندێکی گەورەی کۆنگرێسی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی سیناتۆر لیندسی گراهام.
- نەجاح شەمەری وەزیری بەرگریی عێراق.
- جان ئیڤ لۆردیان وەزیری دەرەوەی فەرەنسا.
- هاریت سینگ سەجان وەزیری بەرگریی کەندا.

ئەم بایەخدانەی وڵاتان بە شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مسرور بارزانی، بایەخدانێکی هەمەلایەنەیە، جیا لە ئەزموون و قارەمانیەتی پێشمەرگە لە تێکشکاندنی تیرۆریستان، لە هەمانکاتدا ئێستا هەرێمی کوردستان لە رووی سەقامگیریی سیاسی و ئەمنییەوە، بۆتە ئەو شوێنە سەرنجڕاکێشەی کە مانەوەی ئەم هەرێمە لە ناو ئەم ناوچە شکستخواردووەدا وەك دەستکەوتێکی گەورە بۆ ئاشتی و ئاسایشی هەرێمی و جیهان سەیر بکرێت، لەلایەکی دیکەشەوە هەرێمی کوردستان بۆتە پێگەیەکی گرنگ بۆ رێگرتن لە سەرهەڵدانەوەی رێکخراوی تیرۆریستیی داعش و ناوچەیەکی گرنگ بۆ وەبەرهێنانی کۆمپانیا بیانییەکان، لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە، چۆن لە سەرەتای سەرهەڵدان و دامەزراندنی خەلافەتی داعش، کۆنفرانسی میونش لە ساڵی ٢٠١٥ پێشنیاری ئەوەی کرد کە مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان بۆ یەکەمجار وەك رابەرێکی پێشمەرگە بانگهێشتی میونشن بکرێت، بۆ ئەوەی ئەزموونی بوێری و لێهاتوویی پێشمەرگە ببێتە بناخەی ئەو سوپا جیهانییەی داهاتوو لە بەرپەرچدانەوەی تیرۆریستانی داعش و هاوشێوەی داعشدا، لە ئێستاشدا کە تەنگژەکانی جیهان بەگشتی و رۆژئاوا بەتایبەتی، تەنگژەی دیاردەی فرەکولتوورییە لە رۆژئاوا و کێشەیەکی گەورەی بۆ دروست کردوون و خەریکە هەموو بنەماکانی سیستمی لیبراڵ دیموکراتیی رۆژئاوا لەبەریەك هەڵدەوەشێنێت، بەڵام بە پێچەوانە لە هەرێمی کوردستان و لەسایەی ئەو پرۆسە سیاسییەی سەرۆك مسعود بارزانی رێبەرایەتی دەکات، دیاردەی تەبایی و پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان کەلتور و نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان بۆتە خاڵێکی بەهێز بۆ هەرێمی کوردستان، ئەمەشیان ئەو خاڵە گرنگەیە کە دەکرێت وەك نموونەیەکی زیندوو لاسایی کوردستان بکرێتەوە و، ئەو تەوژمە پۆپۆلیستییە راست و چەپەی رۆژئاوا بەری پێ بگیرێت، کە ئێستا وەك هەرەشە بۆ

**هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٥ و لە کۆنفرانسی (٥١)ـەمینی میونشنەوە بەشداریی ئەو کۆنفرانسە گەورە و گرنگە نێودەوڵەتییە دەکات، ئەگەر لە سەرەتادا قارەمانیەتی پێشمەرگە لە تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش دەرگای بۆ کردبێتەوە، ئەوا لە ئێستادا ئەو فرەنەتەوەیی و ئایینی و کولتوورییەی لە کوردستاندا هەیە و بۆتە بنەمای ئاشتی و تەبایی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان و سەقامگیری و تەناهی سیاسی لە کوردستاندا دەستەبەر کردووە، ئەو خاڵە گرنگەیە کە ئێستا لە تەواوی دەوڵەتانی رۆژئاوادا بۆتە ئەو مەحاڵەی جاڕی رۆژئاوای پێ دەدەن**

**کۆی ئەو کێشانەی کە لە ناو راپۆرتەکەی کۆنفرانسی ئەمساڵی میونشن، سەبارەت بە حەوزی دەریای ناوەڕاست و دەوڵەتانی باکووری ئەفریقیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئاماژەیان پێ کراوە، بەڵام کوردستان لەناو ئەم جوگرافیا فاشیلەدا بە عێراقیشەوە، ئەزموونێکی سەرکەتووی لەسەر ئاستەکانی (سیاسی، ئابووری، وزە، تەبایی و پێکەوە ژیان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و.. هتد) پێشکەش کردووە**

**دکتۆر محەمەد ڕێکانی**

ئەندامی داواکاری گشتیی هەولێر بۆ گوڵان:

# هەوڵی حکومەت بۆ جێبەجێکردنی یاسا بەسەر هەمووان‌دا لە ئارادایە و ئومێد دەکرێت ساردبوونەوەی تێدا نەبێت

## بەرفراوانکردنی دەسەڵاتەکانی دادوەری گشتی بۆتە پێویستی بۆ ئەوەی ئەم دەزگایە ڕۆڵی چاوەڕوانکراوی خۆی ببینێت

نکۆڵی لەو ڕاستییە ناکرێت کە هیچ کۆمەڵگەیەك بەبێ چەسپاندنی سەروەریی یاسا و دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری، ناتوانێت دادپەروەری بەدی بێنێت و بەرەوپێش بچێت، لە ئێستاشدا هەست دەکرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵەکانی بەم ئاراستەیەدا چڕ کردۆتەوە، هەڵسەنگاندنی ئەم هەوڵانە و ڕۆڵی داواکاری گشتی وەك پێکهاتەیەکی بنەڕەتیی دەسەڵاتی دادوەری لەم ڕووەوە، بوونە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ دکتۆر محەمەد ڕێکانی ئەندامی داواکاری گشتیی هەولێر.



*** سەرەتا و بۆ ئەوەی خوێنەرانمان بە وردی بە کارەکانی داواکاری گشتی ئاشنا بکەین، دەپرسین: ئایا پێویستیی دامەزراوەیەك بە ناوی دامەزراوەی دواکاری گشتی لە پرۆسەی حوکمڕانیی کوردستاندا چییە و ئەم دامەزراوەیە چۆن دەبێتە هاریکار بۆ چەسپاندنی سەروەریی یاسا لە وڵاتدا؟**

- دەزگای داواکاری گشتی یەکێکە لە دەزگاکانی دەسەڵاتی دادوەری و، دەسەڵاتی دادوەری یەکێکە لە هەر سێ دەسەڵاتەکە کە پێیان دەڵێن دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی دادوەری و دەسەڵاتی جێبەجێکردن، ئێمەش وەك دەزگای داواکاری گشتی یەکێکین لە پێکهاتەکانی دەسەڵاتی دادوەری، کە روکنێکی سەرەکییە لە دەسەڵاتی دادوەری لە کوردستاندا، چونکە داواکاری گشتی نوێنەرایەتیی کۆمەڵگەیە و چاودێریی شەرعییەت و سەرپەرشتیی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگا دەکات، بۆیە ئەگەر ئێمە بمانەوێت یاسا سەروەربێت، یان بڕیارەکانی دادگا وەك خۆی جێبەجێ بکرێت و ئەو بڕیارانانەی لە لای دادوەران دەردەچن، بەپێی یاسا بن، هەموو ئەمانە دەکەونە ژێر چاودێریی داواکاری گشتییەوە، کە داواکاری گشتیش لەم لایەنەوە سەرپەرشتی و چاودێریی جێبەجێکردنی ئەو یاسایانە دەکات، لەلایەکی دیکەوە بوونی داواکاری گشتی وەك دەزگایەك لە ناو ئەم هەرێمەوە پێویستییەکی گەورەیە، چونکە چاودێریی رەوشی راگیراوان و بەندیخانەکان دەکات، بۆ ئەوەی بزانێت ئایا ئەو کەسانە لەکاتی خۆیاندا دادگایی دەکرێن، ئایا

**هەر بڕیارێک لە دەزگایەکی حکوومی، یان لە دەزگایەکی دادوەری دەربچێت، ئەگەر سەرپێچی یاسا بێت، ئەوە داواکاری گشتی مافی ئەوەی هەیە، تانەی لێ بدات و بەدواداچوونی بۆ بکات**

**ئەگەر داوایەک پەیوەندیداربێت بە سامانی گشتی و دەوڵەتەوە و هەر بڕیارێک لە دادگاکان دەردەچێت، دەبێت داواکاری گشتی ئاگاداری ئەو بڕیارە بێت**

**هەر دادگاییەک بەبێ بوونی داواکاری گشتی ئەنجام بدرێت، ئەوە بڕیاری ئەو دادگایە پووچەڵ (باطل)ـە**

**یاسا ڕێگا نادات هیچ کەسێک دەستێوەردان بکات و لە هەمان کاتدا دادگاو دادوەر و داواکاری گشتیش بەپێی یاسا ڕێگا نادەن دەستێوەردان بکرێت**

**هەر کاتێک دەسەڵاتی جێبەجێکار نەیتوانی بڕیاری دادگاکان جێبەجێ بکات، ئەو کات دەسەڵاتەکانی دادگا لاواز دەبێت و خەڵکیش متمانەی بە دەسەڵاتی دادوەری و حکومەتیش نامێنێت**

دادگاییکردنیان لەکاتی خۆی تێنەپەڕیوە، یان ئایا کەسێك بەبێ بڕیاری دادوەر گیراوە، ئەمانە هەر هەمووی دەکەونە ژێر چاودێریی داواکاری گشتییەوە. هەر بۆ ئەو مەبەستانەش لە هەموو چاکسازییەکاندا فەرمانگەیەکی تایبەت بە داواکاری گشتی هەیە، هەروەها هەر بڕیارێك لە دەزگایەکی حکومی، یان لە دەزگایەکی دادوەری دەربچێت، ئەگەر سەرپێچی یاسا بێت، ئەوە داواکاری گشتی مافی ئەوەی هەیە، تانەی لێ بدات و بەدواداچوونی بۆ بکات و داوای دروستکردنی لیژنەی لێکۆڵینەوە بکرێت، ئەگەر لەسەر فەرمانبەری حکومی بێت، بۆ ئەوەی چاودێری بکرێت، تاوەکو بزانرێت مافی گشتی پێشێل کراوە، یان سەرپێچیی یاسا کراوە، یان نا.

*** دیارە بە پێی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان هەموو دامەزراوەیەك دەسەڵاتی خۆی هەیە، ئایا دەسەڵاتەکانی داواکاری گشتی لە ناو دەسەڵاتی دادوەریدا چەندە و ئەو سنوورانە چین کە داواکاری گشتی ناتوانێت داوایان بۆ دادگا لەسەر بەرزبکاتەوە، ئایا ئەو سنوورانە سنووری یاسایین، یان هی دەسەڵات و دەسترۆیشتوویی کەسایەتییەکانە؟**

- داواکاری گشتی لە ناو هەموو دادگایەکی سزایی و تەنانەت لە دادگا مەدەنییەکانیشدا هەیە، ئەگەر داوایەك پەیوەندیداربێت بە سامانی گشتی و دەوڵەتەوە و هەر بڕیارێك لە دادگاکان دەردەچێت، دەبێت داواکاری گشتی ئاگاداری ئەو بڕیارە بێت و هەر دادگاییەك بەبێ بوونی داواکاری گشتی ئەنجام بدرێت، ئەوە بڕیاری ئەو دادگایە پووچەڵ (باطل)ـە، پاشان کە بڕیار لە دادگایەك دەردەچێت، دەکەوێتە ژێر تانەلێدانی داواکاری گشتی بۆ ئەوەی بزاندرێت ئەو بڕیارە کە دەرچووە، یاساییە، یان بە پێچەوانەی یاسایە. ئەمانە هەر هەمووی داواکاری گشتی ئاگادارە و هیچ سنوورێکی بۆ دانانرێت، جگە لەوانەی یاسا خۆی ڕێکیخستووە، بۆ نموونە: ئەو داوایانەی تایبەتن بە مەدەنی کە پەیوەستن بە مافی شەخسی و تایبەتی، کە داواکاری گشتی تێدا نییە، یان کە دەچێتە دادگای تەمیز کە باڵاترین دادگایە کە بڕیار دەدات، لەوێش داواکاری گشتی نییە، بەڵام لە دادگاکانی دیکە داواکاری گشتی وەك چاودێر و ئامادەبوو هەیە. سەبارەت بە پرسی دەستێوەردان، ئەوا یاسا ڕێگا نادات هیچ کەسێك دەستێوەردان بکات و لە هەمان کاتدا دادگاو دادوەر و داواکاری گشتیش بەپێی یاسا ڕێگا نادەن دەستێوەردان بکرێت، واتە بەپێی یاسا و دەستوور ڕێگا نادرێت کەس تەدەخولی دادگا بکات و تەدەخولکردنی دادگا لەلایەکی دیکەوە تاوانە، بەڵام دەمینێتەوە لەسەر کەسایەتیی داواکاری گشتی و دادگا کە چەند دەتوانن دەستپاکی و دادوەریی خۆیان بپارێزن، چونکە دادگاکان دەبێت بێلایەنانە کاری خۆیان بکەن و ڕێگا نەدەن کەسێك کاریگەری لەسەر ڕێڕەوی لێکۆڵینەوە و دادگاکان هەبێت.

*** لەگەڵ ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا چەندین کێشە و قۆرخکاریی زەق هەیە، بەڵام هاووڵاتیان هەست دەکەن خەریکە یاسا بەهێز دەبێت و یاساکان بەبێ جیاوازی بە سەر هەموو لایەکدا جێبەجێ دەکرێن، ئایا وەك داواکاری گشتیی کوردستان، تا چەند هەنگاوەکان بۆ سەروەریی یاسا لە کوردستان بەکردەیی دەستی پێکردووە، ئەگەر دەستپێکراوە ئەو هەنگاوانە چین؟**

- سەروەریی یاسا پەیوەستە بە چەند لایەنێکەوە، یەکێکیان دادگاکانن کە یاسا لە سەر هەموو کەسێك جێبەجێ دەکەن، کاتێك کە کێشەیەك دێتە بەردەم دادگا، ئەوا دەبێت دادگاکان بێلایەنانە بڕیاری خۆیانی لەسەر بدەن، کە ئەمەش پێی دەڵێن بڕیاری دادگا لەسەر ئەو کەیسە، بەڵام جێبەجێکردنی بڕیار لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکار و حکوومی دەمێنێتەوە، دەبێت دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش و حکومەت ئەو بڕیارانەی دادگا جێبەجێ بکەن، واتە دادگا خۆی ناتوانێت ئەو بڕیارە جێبەجێ بکات، بۆ نموونە: دادگا دەڵێت ئەو شوێنە زێدەڕۆییە و دەبێت لابدرێت، دواتر دەبێت دەسەڵاتی جێبەجێکار بچێت ئەو بڕیارە جێبەجێ بکات، یان دادگا بڕیار دەدات، فڵان کەس سەرپێچی کردووە و دەبێت سزا بدرێت، دەبێت دەسەڵاتی جێبەجێکار بچێت سزاکە جێبەجێ بکات، ئەمانە هەر هەمووی پێویستی بەوەیە بڕیاری دادگاکان وەك خۆی لەسەر هەموو

کەسێك جێبەجێ بکرێن، هەر کاتێك دەسەڵاتی جێبەجێکار نەیتوانی بڕیاری دادگاکان جێبەجێ بکات، ئەو کات دەسەڵاتەکانی دادگا لاواز دەبێت و خەڵکیش متمانەی بە دەسەڵاتی دادوەری و حکومەتیش نامێنێت، ئەمە لایەنێکە لە لایەنەکانی جێبەجێکردنی سەروەریی یاسا. ئەو هەوڵەی ئێستا دەدرێت لەلایەن حکومەتەوە بۆ ئەوەیە یاسا لەسەر هەموو کەسێك جێبەجێ بکرێت، تاوەکو یاسا سەروەربێت و بەپێی ئەو هەوڵانەی ئێستا دەدرێت/ ئومێد دەخوازین لە بواری جێبەجێکردندا زیاتر بەهێز بێت و ساردبوونەوەی تێدا نەبێت. لێرەدا من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە خاڵێکی گرنگ لە کارنامەی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتووە، ئەوەیە کە گرنگیی زیاتر بە ڕۆڵی داواکاری گشتی بدرێت، چونکە ئەگەر داواکاری گشتی ئەکتیف بێت و دەسەڵاتی باشی پێ بدرێت و یاسایەکی باشی هەبێت، بێگومان لە پاراستنی سامانی گشتی و چاودێریکردنی یاساو بڕیارەکاندا دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت، بەڵام لە کاتێکدا کە داواکاری گشتی دەسەڵاتی پێ نەدرێت، ناتوانێت ئەو ئەرکەی لەسەر شانیەتی لە پاراستنی سامانی گشتی و لە سیستەمی دیموکراتی و مافی مرۆڤ جێبەجێی بکات، ئومێدمان وایە ئەو پڕۆژە یاساییەی داواکاری گشتی کە ئێستا لە پەرلەمانی کوردستانە و دەسەڵاتێکی زیاتر دەداتە دەسەڵاتی داواکاری گشتی، پەسند بکرێت و بکەوێتە بواری جێبەجێکردن، بۆ ئەوەی بتوانێت دژی گەندەڵی و دژی ئەو زیدەڕۆییانەی کە هەیە، زیاتر بکەوێتە کار.

*** زۆر جار گوێمان لێ دەبێت کە جیاوازییەك لە نێوان دادگاکانی هەولێر و دهۆك لەگەڵ دادگاکانی سلێمانی هەیە، بۆ نموونە پێشتر چەندین جار گوێمان لەوە بووە، بەرپرسێکی شاری سلێمانی گوتوویەتی ئەگەر دادگاییکردنەکە لە سلێمانی بێت، من دەچمە بەردەمی دادگا، هەروەها بە هەمان شێوە لە هەولێر و دهۆکیش، دیارە ئەمەش غەدرێکی گەورەیە لە سەروەریی یاسا دەکرێت، ئێوە وەك دامەزراوەی داواکاری گشتی لەسەر ئەم پرسە چی دەڵێن؟ ئایا ئێستا ئەم دیاردەیە هەر ماوە؟**

- لە ڕووی یاساییەوە هەر بڕیارێك بۆ نموونە لە دادگایەکی بەغدا، یان بەسراش دەربچێت، ئەوا دەبێت لە زاخۆش جێبەجێ بکرێت، ئەگەر بڕیارێك لە دادگای سلێمانی، یان چەمچەماڵ دەربچێت، ئەو بڕیارە لە هەولێر و دهۆك و هەموو شوێنێك جێبەجێ دەکرێت. کەواتە دادگاکان و دادوەران و داواکارانی گشتی لە هەر شوێنێك بن، یاساکان جێبەجێ دەکەن، هەر کاتێك ئەگەر کەسێك ڕەخنەی لە بڕیارێکی دادگا هەبێت، یان وابزانێت بێلایەن نییە، دەتوانێت تانە لە بڕیارەکەی دادگا بدات و تانەدان لە دادگا بەرزترە و پاشان دەگاتە دادگای تەمیز، ئەمانە هەمووی ڕێگاچارەن. دواتر یاسا چەندەها ڕێگەی داناوە بۆ چاودێریکردنی دادگاکان و بڕیارەکان کە داواکاری گشتی چاودێری دەکات و پارێزەران دەتوانن چاودێری بکەن و لایەنەکانی داوا تانەی لێ دەدەن. کەواتە هیچ بوارێك نییە کە بوترێت دادگای فلان شار باشترە لە دادگای شارێکی دیکە، چونکە ئەم مەسەلانە بەپێی یاسا ڕێکخراون و ڕێگاکانی تانەلێدان و چاودێریکردنیش دەستنیشان کراون.

*** ئێوە وەك دامەزراوەی داواکاری گشتی چۆن کار لەسەر بەرگریکردن لە کێشەکانی خەڵك دەکەن؟ ئایا ئەوانەی دێن و لە کێشەکان ئاگادارتان دەکەنەوە ئەوجا بەدواداچوونی لەسەر دەکەن، یان ئەگەر کێشەیەك لە دژی بەرژەوەندیی خەڵك هەست پێ بکەن، خۆتان داوای لەسەر بەرزدەکەنەوە بۆ دادگاکان؟**

- داواکاری گشتی بە چەند ڕێگایەك دەتوانێت سکاڵا تۆمار بکات، کە هەندێ ڕێگا ئەوەیە کە خۆی ئاگاداری و زانیاری لەسەر شتێك هەبێت، بۆ نموونە ئەگەر داواکاری گشتی ئاگادار بێت لە کێشەیەك، کە سامانی گشتی پێشێل کراوە، یان کەسێك سەرپێچیی یاسای کردبێت، ئەو کات داواکاری گشتی دەتوانێت بەدواداچوونی بۆ کات و بکرێتە سکاڵا. هەندێکیش کەسیش خۆی هەواڵمان پێ دەدات و لە پاش ئەوەی بۆ ڕاستی و دروستی و وردەکاریی هەواڵ و کێشەکە بەدواداچوون دەکەین، پاشان سکاڵا تۆمار دەکەین، هەندێکی دیکەش لە ڕێگای ڕاگەیاندنەکانەوە ئاگادار دەبین، کە هەندێ دۆسێ و کێشە

**خاڵێکی گرنگ لە کارنامەی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتووە، ئەوەیە کە گرنگیی زیاتر بە ڕۆڵی داواکاری گشتی بدرێت**

**لە کاتێکدا کە داواکاری گشتی دەسەڵاتی پێ نەدرێت، ناتوانێت ئەو ئەرکەی لەسەر شانیەتی لە پاراستنی سامانی گشتی و لە سیستەمی دیموکراتی و مافی مرۆڤ جێبەجێی بکات**

**هیچ بوارێک نییە کە بوترێت دادگای فلان شار باشترە لە دادگای شارێکی دیکە، چونکە ئەم مەسەلانە بە پێی یاسا ڕێکخراون و ڕێگاکانی تانەلێدان و چاودێریکردنیش دەستنیشان کراون**

**هەموو کەسێک دەتوانێت لە ڕێگای کەناڵەکانی داواکاری گشتی کە سەرۆکایەتیی داواکاری گشتی ڕایگەیاندووە، وەک هێڵی تەلەفۆن و پۆستە و تۆڕی کۆمەڵایەتی، سکاڵا تۆمار بکەن**

**هەر کاتێک قۆرخکاری لە بوارێکدا هەبێت، ئەوەش هەر تاوانە و داواکاری گشتی دەتوانێت بەدواداچوون بکات و سکاڵای لەبارەوە تۆمار بکات**

**ئەو یاسای داواکاری گشتییەی کە لە هەرێمی کوردستان ئێستا هەیە، هی ساڵی ١٩٧٩یە و یاسایەکی کۆنە و پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە**

**لە هەموو وڵاتانی دنیا داواکاری گشتی دەسەڵاتێکی زۆر بەرفراوانی هەیە و بەشدارە لە دارشتنی ستراتیژیی ئابووریی وڵات و پاراستنی سیستەمی دیموکراتی، بەڵام دەبێت یاسایەک هەبێت، پشتی پێ ببەستێت**

**داواکاری گشتی لەگەڵ دەستەی دەستپاکیش چەند پرۆتۆکۆلێکی بۆ هاوکاریکردن و هەماهەنگی بۆ جووڵاندنی سکاڵا و پێدانی بەڵگە بە یەکتر لەسەر دۆسێکان واژوو کردووە، تاوەکو بگەینە دەرئەنجامێکی باش لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی**

لە رۆژنامە و گۆڤار و تیڤییەکان دەبینین و دەبیستین لەسەر گەندەڵی و سەرپێچی، لە پاش بەدواداچوون ئینجا سکاڵا تۆمار دەکەین. هەندێ کێشە و سەرپێچییش لەکاتی دادگاکان بۆمان دەردەکەوێت و دەکرێنە سکاڵا، هەروەها هەموو کەسێك دەتوانێت لە رێگای کەناڵەکانی داواکاری گشتی کە سەرۆکایەتیی داواکاری گشتی رایگەیاندووە، وەك هێڵی تەلەفۆن و پۆستە و تۆڕی کۆمەڵایەتی، سکاڵا تۆمار بکەن. کەواتە هەر شتێك پەیوەست بێت بە مافی و سامانی گشتی و سیستەمی وڵاتەوە، ئەوە داواکاری گشتی دەتوانێت سکاڵا تۆمار بکات و بەدواداچوونی لەسەر بکات، بەڵام ئەگەر تایبەت بێت بە بواری کەسی، ئەوا داواکاری گشتی ناچێتە ناو ئەو بوارە و داکۆکی لێ ناکات. و هەر کاتێك قۆرخکاری لە بوارێکدا هەبێت، ئەوەش هەر تاوانە و داواکاری گشتی دەتوانێت بەدواداچوون بکات و سکاڵای لەبارەوە تۆمار بکات، هەر لێرەشدا ئاماژە بەوە دەدەینەوە کە ئەو یاسای داواکاری گشتییەی کە لە هەرێمی کوردستان ئێستا هەیە، بۆ ساڵی ١٩٧٩ دەگەڕێتەوە و یاسایەکی کۆنە و پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە، چونکە ئێستا لە هەموو وڵاتانی دنیا داواکاری گشتی دەسەڵاتێکی زۆر بەرفراوانی هەیە و بەشدارە لە دارشتنی ستراتیژیی ئابووریی وڵات و پاراستنی سیستەمی دیموکراتی، بەڵام دەبێت یاسایەك هەبێت، پشتی پێ ببەستێت، ئەگەرچی ئەو یاسایەی ئێستا هەمانە، ئەو رۆڵە بە داواکاری گشتی نادات کە ئەو کاریگەرییەی هەبێت، بۆیە بوونی یاسایەکی نوێ و مۆدێرن کە لە ئاست داخوازییەکانی خەڵك بێت، زۆر پێویستە. لە ئێستاشدا دوو پرۆژە یاسا لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان هەیە کە لە یەکێك لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە کە سەرجەم دەسەڵاتەکانی دادوەری لێکۆڵینەوە بدرێت بە داواکاری گشتی، یەکێکیشیان ئەوەیە کە دادوەری لێکۆڵینەوە بمێنێت، بەڵام لە بواری پاراستنی مافی گشتی و سامانی گشتی دەسەڵاتێکی زیاتر بە داواکاری گشتی بدرێت.

*** ئایا داواکاری گشتی چەند هاوکار و هەماهەنگە لەگەڵ چاودێریی دارایی و**



**دەستەی دەستپاکیی هەرێمی کوردستان بۆ جووڵەپێکردن لەسەر ئەو کێشەو دۆسییانەی کە لە هەرێمی کوردستان و شاری هەولێر هەن و تا ئێستا نەتوانراوە کاری لەسەر بکرێت؟**

- ئێمە لە ساڵی ٢٠٠٩وە دەستەیەکمان بە ناوی دەستەی تۆمارکردنی داوای مافی گشتی پێك هێناوە، ئەو کات پێنج دادوەری داواکاری گشتی خۆیان تەرخان کرد، بەوەی هەر سکاڵایەك لەسەر مافی گشتی، یان سامانی گشتی هەبێت، ئەو دەستەیە بەدواداچوونی بۆ بکات و سکاڵا تۆمار بکات. ئەو کاتەش لەسەر بنەمای راپۆرتەکانی چاودێریی دارایی، کە بەدواداچوونی بۆ دامودەزگاکانی حکومەت دەکرد، بۆ ئەوە بزانێت لە چ شوێنێك سەرپێچی کراوە، ئەو دەستەیە سکاڵای تۆمار دەکرد، پاشان ئەو دەستەیە بەرفراوان بوو کە لە سلێمانی و دهۆك و هەولێر پێکهات و ئێستا چەندین دادوەری داواکاری گشتیی تایبەتن بەو دەستەیە. هەر لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە لە دامودەزگاکانی حکومەت پێك بێت، لەژێر سەرپەرشتیی ئەم دەستەیەدایە، بۆ ئەوەی ئەو لیژنەیە بچێت بۆ بەدواداچوون و سکاڵا تۆمار بکات. هەروەها داواکاری گشتی لەگەڵ



دەستەی دەستپاکیش چەند پرۆتۆکۆلێکی بۆ هاوکاریکردن و هەماهەنگی بۆ جووڵاندنی سکاڵا و پێدانی بەڵگە بە یەکتر لەسەر دۆسێکان واژوو کردووە، تاوەکو بگەینە دەرئەنجامێکی باش لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی، ستراتیژیەتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی کە لە ساڵی ٢٠١٦ و ٢٠١٧دەست کرا بە نووسینەوەی، کە من نوێنەرایەتیی داواکاری گشتیم دەکرد لە نووسین و داڕشتنەوەی ئەو ستراتیژیەتە، پاشان لە وەقائیعی کوردستان بڵاوکرایەوە. بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵییش بە تەنیا لایەنێك ناکرێت، بەڵکو هەموو لایەن و دەسەڵاتەکان بە یەکەوە دەتوانن ئەم کارە بکەن. هەر بۆیە ستراتیژیەتی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی گرنگە، چونکە ڕێگاو بەرنامەی بۆ هەموو دەزگاکان داناوە کە چۆن لەم ڕووەوە هەماهەنگی بکرێت، پێویستیش دەکات بە شێوەیەکی ستراتیژی یەکەمجار دەستنیشانی شوێنی کەموکوڕییەکان و گەندەڵییەکان بکرێت، پاشان دەبێت بەپێی قەبارەی گەندەڵییەکە، پلان و ستراتیژ دابنرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی. ئەگەرچی هەندێکجار گەندەڵی لە شوێنێك زۆر زۆرە، بەڵام لەبەر ئەوەی قەبارەکەی نازانین چەندە، بۆیە پلانێکی بچووکی بۆ دادەنرێت، یان لە هەندێ شوێن گەندەڵی قەبارەیەکی بچووکی هەیە، پلانێکی وای بۆ دادەنرێت، کە کەسانێکی بێتاوانیش تووش دەبن، بۆیە دەبێت یەکەمجار دەستنیشانی کەموکوڕییەکان و سەرپێچییەکان بکەین، پاشان پلانی بەرەنگاربوونەوەی بۆ دابنێین، دەبێت ئیرادەیەکی سیاسیی بەهێز هەبێت بۆ ئەوەی ئەو ستراتیژیەتە جێبەجێ بکات و لە هێچ کەسێك چاوپۆشی نەکرێت، ئێستا لەم کابینە تازەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەست دەکرێت هەوڵێك هەیە و چاوەڕێی ئەوەین بزانین ئەو هەوڵە تاچەند بەردەوام دەبێت، کە نابێت هەوڵەکە سارد ببێتەوە، چونکە ئەگەر ساردبوونەوەی تێکەوت و لە هەندێ بوار جێبەجێ کرا و لە هەندێ بواریش جێبەجێی نەکرا، ئەوکات پشتیوانیی خەڵك بەدەست ناهێنێت، کە بەدەستهێنانی پشتیوانیی خەڵك لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و جێبەجێکردنی یاسا زۆر زۆر گرنگە، چونکە ئەگەر پاڵپشتی هەبوو، ئەوا دەتوانن هاوکاری باش بن بۆ ئەوەی سەرچاوەکانی گەندەڵی ئاشکرا بکەن، هەروەها جاری وا هەیە هاووڵاتییان خۆیان دەبنە ڕێگر و ناهێڵن سەرپێچی بکرێت.

**هەندێکجار گەندەڵی لە شوێنێک زۆر زۆرە، بەڵام لەبەر ئەوەی قەبارەکەی نازانین چەندە، بۆیە پلانێکی بچووکی بۆ دادەنرێت، یان لە هەندێ شوێن گەندەڵی قەبارەیەکی بچووکی هەیە، پلانێکی وای بۆ دادەنرێت، کە کەسانێکی بێتاوانیش تووش دەبن**

# وەبەرهێنان لە پێناو پەرەپێدانی ئابووری و پەرەپێدانی مرۆیی

**• گرنگی هاندانی وەبەرهێنان:**

لە ئێستادا ئەو ئاراستەیە لەنێوان وڵاتانی جیهاندا هەیە، جا چ ئەوانەی پیشکەوتوون، یان تازە گەشەسەندوون، ئەویش هاندانی وەبەرهێنان و فەراهەمکردنی ژینگەی گونجاو و راکێشەر بۆ وەبەرهێنان، کە بونیات لە سەر ژینگەی ئابووری جێگیر دەنرێت، ژینگەی وەبەرهێنان کە خۆی لە کۆی گشتی بارودۆخ و حاڵەتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و کۆمەڵێك یاساو رێنماییدا دەنوێنێت، هەروەها گرتنەبەری هەندێك رێوشوێن کە کار لە متمانەی وەبەرهێن دەکات و رازیی دەکات کە ئاراستەی وەبەرهێنانی بەرەو ئەو وڵاتە، یان بۆ وڵاتێکی دیکە، یان بۆ ئەو کەرتە (سێکتەرە) نەوەك بۆ سێکتەرێکی دیکە بگرێتەبەر، لای کەس شاراوە نییە کە ئابووریی هەرێمی کوردستان بە دەست کۆمەڵە گرفت و کێشەیەکەوە دەناڵێنێت، کە هەندێکی لە سەردەمی رژێمی پێشوو وەکو میرات ماوەتەوە و هەندێکی دیکەشی لە دەرهاویشتەکانی قۆناغی ئێستایە لە ناجێگیریی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، بۆیە پێویست دەکات لایەنی پەیوەندیدار کە خۆی لە دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان دەبینێتەوە، کاری جددی بکات بۆ هێنانەدی ژینگەیەکی گونجاو و لەبار، بۆ وەبەرهێنان لە هەرێم کە بە شێوەیەکی هاوتەریب هاندانی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و بیانی بگرێتەوە، ئەو وڵاتەی کە یاسای وەبەرهێنانەکەی زۆرترین هاندانی وەبەرهێنانی تێدایە، دەتوانێت وەبەرهێنانی زیاتر لە وڵاتانی دیکەوە رابکێشێت.

دەبێت ئەوە لە بیر نەکەین کە وەبەرهێنانی دەرەکی راستەوخۆ وەك شمشێرێکی تیژی دووسەر وایە، بۆیە پێویست دەکات جێبەجێکردنی سیاسەتی هاندان و راکێشانی وەبەرهێنانی بیانی زۆر بە هۆشیاری و وردبینی بێت، ئەگەرنا بە پێچەوانەوە بەرەو روومان هەڵدەگەڕێتەوە و دەبێتە شمشێرێکی زاڵ لە سەر ئەستۆی ئەو



د.ئازاد شکورساڵح

زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی یاسا
پ. ی. لە یاسای بازرگانی و وەبەرهێنان

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

دەوڵەتەی کە وەبەرهێنانی تێدا ئەنجام دەدرێت، یان میوانداریی وەبەرهێنەرانی بیانی دەکات. لە هەمان کاتدا راست و دروست بەکارهێنانی دەبێتە بڕبڕەی بەرەوپێشچوون و پەرەپێدانی ئابووری، بەپێچەوانەوە گەندەڵی و دارمانی ئابووری و ماڵوێرانیی بە دوادا دێت.

**● پەرەپێدانی ئابووری و مرۆیی:**

بەرەوپێشچوونی پەرەپێدانی ئابووری و پەرەپێدانی مرۆیی لە سایەی سیستەمی حوکمڕانی جێگیردا بەدی دێت، هەروەها پێدانی رۆڵی راستەقینەی کەرتی تایبەت لە ژیانی ئابووریی خۆی و ددان پێدانان بەوەی کە وەبەرهێنان لە پیشەسازیی ستراتیژی لە سەرەتادا پێویستی بە پاڵپشتیی بەهێزی حکومەت هەیە، بەتایبەت لە بواری توێژینەوە و بەرەوپێشبردن، هەروەها بەرەوپێشبردنی پیشەسازی پێویستە پاڵپشتی لێ بکریت، بە تەرکیزکردن لە سەر پاڵپشتیکردنی خوێندن و خوێندنی باڵا و بەرەوپێشبردنی، پێویستە لە هەرێمی کوردستان بە هەنگاوی یەك لە دوای یەك کار بۆ دامەزراندنی چەند دەستەیەك بکرێت، لەوانە: دەستەی کوردستانی بۆ پەرەپێدانی پیشەسازی، دەستەی بەرهەمهێنانی نیشتمانی، دەستەی گەشەپێدانی بازرگانیی دەرەوی هەرێمی کوردستان، دەستەی پیشەسازیی قورس.

هەروەك ئاشکرایە وەبەرهێنان لە ئەسڵدا چەمکێکی ئابوورییە و دوایی لە بواری قانوونیدا رێکخراوە و تەنیا تاکە بوارێك ناگرێتەوە، بەڵام ئەم چەمکە، یان ئەم وشەیە بەردەوام وەبەرهێنانی لە خۆیدا کردووە و دەیکات، تەنیا لە چوارچێوەی وەبەرهێنان لە بواری سەرمایەدا خۆی قەتیس نەکردووە، بەڵکو بەردەوام لە فراوانبووندایە، لە رۆژگاری ئەمرۆدا وەبەرهێنان بە زۆر شێوە و لە بواری هەمەجۆردا ئەنجام دەدرێت، وەك: وەبەرهێنان لە بواری ئاو، وەبەرهێنان لە بواری رۆشنبیری، وەبەرهێنان لە بواری ژینگە، وەبەرهێنان لە بواری نەوت، یان گەشتوگوزار،

**ئابووریی هەرێمی کوردستان بە دەست کۆمەڵە گرفت و کێشەیەکەوە دەناڵێنێت، کە هەندێکی لە سەردەمی رژێمی پێشوو وەکو میرات ماوەتەوە و هەندێکی دیکەشی لە دەرهاویشتەکانی قۆناغی ئێستایە لە ناجێگیریی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی**

یان لە بواری ئایینی، یان لە بواری زانست و فێربووندا، یان لە بواری تەکنۆلۆژیا و لە بواری میدیایی و ..هتد.

پێویستە ئەوە لە بیر نەکەین کە پەرەپێدانی ئابووری بەبێ پەرەپێدانی مرۆیی بەدی نایەت، چونکە زۆربەی وڵاتانی جیهان کە لە ئاستێکی بەرزی پەرەپێدانی مرۆییدان، ئەگەر لە سەرەتادا دەستیان بە پەرەپێدانی مرۆیی نەکردبێت، هەردووکیانیان پێکەوە دەست پێ کردووە، پەرەپێدانی مرۆیی لە: خواردن، فێرکردن و تەندروستی پێك دێت.

پەرەپێدانی مرۆیی لە دروستکردن و فەراهەمکردنی ژیاندا راگر و پشتێنەی نیشتمان و هاووڵاتییە، وەبەرهێنانی مرۆیی کە نهێنیی پڕۆسەی پەرەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی گشتگیر و بنەڕەتییە، واتە هەر چۆنێك بێت، ئەگەر پێشکەوتنی و پەرەپێدانی خودی مرۆڤەکەی لەگەڵدا نەبێت، ئاستەکانی وەبەرهێنانی ماددی لە فراوانبوون و پێشکەوتن و بووژانەوە سەرکەوتن یاوەری پەرەپێدانی مرۆیی نابێت و بە ئەرێنی بۆی نانووسرێت، بەڵکو تەنیا پەیکەر و باڵەخانە و ئەپارتمان و تاوەر و بینای بەرز و دەزگای بێسوود دەبن، پەیوەندییەکی راستەوانە لەنێوان پەرەپێدانی مرۆیی و پەرەپێدانی ئابووریدا هەیە، لێرەدا پرسیارێك دێتە کایەوە، ئەویش ئەوەیە کە دەبێت کامیان لە پێش ئەوەی دیکەیان بێت، وەبەرهێنان، یان پەرەپێدان؟ لە وەڵامدا دەڵێین: پرۆسەی وەبەرهێنانی دروست پەرەپێدانی ئابووری و مرۆیی بە دوای خۆیدا دەهێنێت.

**ئەو وڵاتەی کە یاسای وەبەرهێنانەکەی زۆرترین هاندانی وەبەرهێنانی تێدایە، دەتوانێت وەبەرهێنانی زیاتر لە وڵاتانی دیکەوە رابکێشێت**

**وەبەرهێنانی دەرەکی راستەوخۆ وەک شمشێرێکی تیژی دووسەر وایە، بۆیە پێویست دەکات جێبەجێکردنی سیاسەتی هاندان و راکێشانی وەبەرهێنانی بیانی زۆر بە هۆشیاری و وردبینی بێت**

**بەرەوپێشچوونی پەرەپێدانی ئابووری و پەرەپێدانی مرۆیی لە سایەی سیستەمی حوکمرانی جێگیردا بەدی دێت**

پێویست دەکات گرنگی بە پەرەپێدانی مرۆیی بدەین، چونکە پەرەپێدانی راستەقینە بە مرۆڤ دەست پێ دەکات و بە مرۆڤ کۆتایی پێ دێت، ئەو بەرهەمەی کە سەرچاوەکەی توانای ئادەمیزاد و زانستەکەی و شارازییەکەی بێت، ئەوا دەمانگەیەنێتە راستییەکی مێژوویی کە بریتییە لەوەی (ئادەمیزاد بە توانا راهێنراوەکانی دەتوانێت سەرچاوە سرووشتیەکان بتەقێنێتەوە و بیانگۆڕێت بۆ بەهایەکی ئابووری و بۆ هەبوونی دارایی)، لێرەدا پێشەکی دەدەرێتە لایەنی مرۆیی لە پەرەپێدان، بۆیە پێویستە پێشەکییەکی رەهای پێ بدرێت، تا بتوانێت پیشەسازیی پەرەپێدان بێنێتە کایەوە، نەوەك کرێنی سیما و رووکەشەکەی، تا بتوانین پەرەپێدانێکی قووڵ و راستەقینە بێنینەدی کە بە ئادەمیزاد دەست پێ بکات و بە ئادەمیزاد کۆتایی پێ بێت. پەرەپێدانی سەرچاوەی مرۆیی بریتییە لە خواردن و فێرکردن و تەندروستی و مەشق و پێگەیاندن.

دەبێت ئەوە بزانین کە جیاوازی لە نێوان پەرەپێدانی ئابووری (التنمية الأقتصادية) و گەشەسەندنی ئابووری ( النمو الأقتصادي) چییە:

پەرەپێدانی ئابووری بریتییە لە گواستنەوە لە باری کۆمەڵایەتی دواکەوتوو بۆ باری کۆمەڵایەتی پێشکەوتوو، کە ببێتە هۆی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی و ریشەیی لە شێوازی بەرهەمهێنانی بەکارهاتوو لە رۆشنبیریی بنەڕەتیدا. هەرچی گەشەسەندنی ئابوورییش هەیە، وەك ئاماژەپێکەرێك، یان هێمایەك، یان پێوەرێکە کە شێوازی دەرەکی چەندایەتییی پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووری پێچەوانە دەکاتەوە، کە پێشکەوتنێك لە شێوازی بەرهەمهێنان لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، کەواتە وەبەرهێنان بریتییە لە دروستکردنی سەرمایە و زیادکردنی قەبارەی ئەو سەرمایەیەی کە هەیە، یان بریتییە لە بەگەڕخستنی سەرمایە بۆ زیادکردنی داهات، یان بریتییە لە پارە سەرفکردن بە شێوەیەك لە شێوەکان بۆ بە دیهێنانی زۆرتری داهات بێت لە دوارۆژ.

وەبەرهێنانی دەرەکی (بیانی) راستەوخۆ بریتییە لەو وەبەرهێنانەی کە گواستنەوەی هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی جیاواز لەخۆ دەگرێت، لە سەرمایە و تەکنەلۆژیا و ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی پێشکەوتوو و توانا مرۆییەکان لە شێوازی دامەزراوەیی، بە گوێرەی چوارچێوەی قانوونی و رێکخستنی لە ولاتی میواندا، بۆ ئەوەی بەرژەوەندیی وەبەرهێنەران و دەوڵەتان لە لایەك و بەرژەوەندیی دەوڵەتی میواندار لە لایەکی دیکە بێتەدی، تا لە بواری پەرەپێدان و گەشەکردنی ئابووری و مرۆییدا ببێتە هاوکارێکی نێودەوڵەتی، ئەو بارودۆخانەی کە ئاماژەمان پێ کردن، لەپێناسەی ژینگەی وەبەرهێناندا بە رەگەزی بەیەکداچوو دادەنرێن، کە کار لە یەکتری دەکەن و کاریگەرییان لە

سەر یەکتری دەبێت و هەموویان ڕەگەزی گۆڕدراون کە کارلەیەکترکردنیان بارودۆخی نوێ و، دەرئەنجام و دەرهاویشتەی جۆراوجۆر دەهێنێنە کایەوە، دەرئەنجامەکانیشیان وەکو هۆکارێکی ڕاکێشەر، یان دوورخەرەوە بۆ وەبەرهێنان دەگۆڕدرێن، پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین، کە پلەی کاریگەریی ئەو هۆکارانە لەسەر بڕیاری وەبەرهێنەری بیانی دەبێت، کە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دی دەگۆڕدرێت، بە ڕوونی پلەی کاریگەریی ئەو هۆکارانە کە پێشتر ئاماژەمان پێ کردن، کاتێك بە دیار دەکەوێت کە بەراورد لە نێوان وڵاتێکی پێشکەوتوو وڵاتێکی تازەپێگەیشتوودا دەکەین، بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین: وشە، یان چەمکی وەبەرهێنان، وشەیەکی زۆر هەستیارە، کە کاریگەریی دەکات و کاریگەریی لە سەر دەبێت بە هەموو ئەوەی لە چواردەورەیدا هەیە، لێرەدا زۆر بە ژینگەی مرۆڤ دەچێت، کە هەموو ئەو ڕەگەزانەی چواردەوری کاری لێ دەکەن، وەکو خاك و هەوا و ئاو و ژاوەژاو و.. هتد. دەتوانین بڵێین: لەلای یاساناسان لە پێناسەی سیستەمی گشتی نزیك دەبێتەوە.

پێویست دەکات دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان بەرنامە ئامادە بکات بۆ بازاڕگەریی وەبەرهێنان بە شێوەی پلانێکی تەواو و، پەیڕەوی شێوازێك بکات کە پشت بە چاوپێکەوتن و دیدار لەگەڵ وەبەرهێنەران ببەستێت لە دەرەوەی هەرێم و بە شێوەی تاکەکەسی بەدواداچوونیان بۆ بکات و، نووسینگەی خۆی لە هەندێك وڵاتانی جیهان بکاتەوە، هەروەها پێویستە دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێم بەشداری لە کۆنفرانسەکانی نێودەوڵەتی بکات کە سەبارەت بە وەبەرهێنان ئەنجام دەدرێت، هەروەها کاربکات بۆ گرێدانی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتیی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان. جگە لە دانانی ستراتیژێکی مامناوەند بۆ وەبەرهێنان لە هەرێم، دەبێت دەستە کاری جددی بۆ مۆرکردنی ئیتفاقیاتی وەبەرهێنان لەگەڵ دەوڵەتان بکات، یان هەوڵ بدات، ببێتە ئەندام لە ڕێکخراو و سەنتەرە نێودەوڵەتییەکان، کە پەیوەندییان بە وەبەرهێنانەوە هەیە.

لە کۆتاییدا سوودوەرگرتن لە ئەنجامی ئەو هەوڵ و کۆششانەی کە دەدرێت بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی دەرەکی، دەتوانین بگەینە ژمارەیەکی تەواو لە دەستپێشخەری، یان ڕۆڵ، دوای لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکردنی ئەو بیروڕایانە و بەکارهێنانی هەندێ پێوانە بۆ تاقیکردنەوە، هاوکات دەتوانین بگەینە هەندێ دەستپێشخەریی بنچینەیی کە دەستە دەتوانێ پشتی پێ ببەستێ و لە قۆناغی داهاتوودا جێبەجێیان بکات. ئەو پێوانانەی کە دەتوانرێ لە هەڵبژاردنی گرنگترین ئەو دەستپێشخەرییانە بەکاربێن ئەمانەن:

- پێشخستنی ئەو دەستپێشخەرییانەی کە کاریگەریی ئابووریی باڵایان هەیە .
- ئەو دەستپێشخەرییانەی کە بە شێوەی خێرا ئەنجام دەدرێن.
- ئەو دەستپێشخەرییانەی کە خەرجیی تێچوونیان کەمە.
- ئەو دەستپێشخەرییانەی کە لە جێبەجێکردندا ئاڵۆز نین.
- ئەو دەستپێشخەرییانەی کە بە ئاسانی مرۆڤی کرێگرتەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی پەیدا دەبێ.
- ئەو دەستپێشخەرییانەی کە لە سەر ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی هەرێم مەودا و و پانتاییەکی ستراتیژییان هەیە.

لە کۆتاییدا پێویست دەکات کە لایەنی پەیوەندیدار لە هەرێمی کوردستان هەوڵ بدات بە پەلە و بە جددی وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە: ئایا تا چ ڕاددەیەك هۆکارەکانی ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی لەئارادایە بۆ هەرێمی کوردستان؟ یان بە شێوەیەکی دیکە پرسیارەکە بورووژێنین، ئایا ژینگەی وەبەرهێنان لە ئێستادا لە هەرێم (واتە پاش تەواوبوونی شەڕی داعش لە پاش هێرشەکەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی ٣- ٨ -٢٠١٤ بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێتەرانی بیانی لەبار و هاندەرە، یان نەخێر لەبار نییە؟ لە کاتی وەڵامی نەخێر، هۆکارەکان کامانەن؟ چۆن دەبێت کار بکەین لە پێناو چاککردن، یان باشترکردنی ژینگەی وەبەرهێنان لە هەرێم، تا وای لێ بکرێت کە وەڵامی داواکارییەکانی وەبەرهێنەرانی بیانی بداتەوە، یان دابینی بکات، بە بێ ئەوەی لە گەڵ ئامانجەکانی ئابووریی نیشتمانیدا ناکۆك بێت؟

**پەرەپێدانی ئابووری بەبێ پەرەپێدانی مرۆیی بەدی نایەت، چونکە زۆربەی وڵاتانی جیهان کە لە ئاستێکی بەرزی پەرەپێدانی مرۆییدان، ئەگەر لە سەرەتادا دەستیان بە پەرەپێدانی مرۆیی نەکردبێت، هەردووکیانیان پێکەوە دەست پێ کردووە**

**پێویست دەکات گرنگی بە پەرەپێدانی مرۆیی بدەین، چونکە پەرەپێدانی ڕاستەقینە بە مرۆڤ دەست پێ دەکات و بە مرۆڤ کۆتایی پێ دێت**

**پێویست دەکات دەستەی وەبەرهێنانی کوردستان بەرنامە ئامادە بکات بۆ بازاڕگەریی وەبەرهێنان بە شێوەی پلانێکی تەواو و، پەیڕەوی شێوازێک بکات کە پشت بە چاوپێکەوتن و دیدار لەگەڵ وەبەرهێنەران ببەستێت لە دەرەوەی هەرێم و نووسینگەی خۆی لە هەندێک وڵاتانی جیهان بکاتەوە**



بژار کۆچەر

سەرۆکی لێژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ گوڵان:

# لە ئێستادا پەرلەمان ئەدایەکی باشتری بۆ دەرکردنی یاساکان هەیە

# یاسای بنبڕکردنی مادده هۆشبەرەکان پێویستییەک بوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڵکشانی بازرگانیکردن بەم ماددانەوە

**دوای پەسەندکردنی پرۆژە یاسای چاکسازی، لە ئێستادا پەرلەمانی کوردستان خۆی بۆ کۆمەڵێك پرۆژە یاسای نوێ و پێشنیارکراو ئامادە دەكات، بۆ ئەوەی دوای پشووی پەرلەمان گفتوگۆیان لەسەر بكرێت، بۆ قسەكردن لەسەر ئەم پرسە چەند پرسیارێكمان ئاراستەی بژار كۆچەر سەرۆكی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی كوردستان كرد، لێرەدا دەقی وتەكانی بڵاودەكەینەوە.**

*** لیژنەی یاسایی بە بڕبڕەی پشتی پەرلەمان دەناسرێت، هەرخۆی لەخۆیدا ئەركێكی سەرەكی و گرنگی پەرلەمان دەركردنی یاسایە، ئایا لە پەرلەمانی كوردستان تا چەند گرنگی بەم لیژنەیە دراوەو فراكسیۆنەكانی پەرلەمان تا چەند لەناو ئەم لیژنەیەدا بەشدارن؟**

- نەك تەنیا لە پەرلەمانی كوردستان، بەڵكو لە پەرلەمانی عێراق و هەموو پەرلەمانەكانی دنیاش لیژنەی یاسایی پەرلەمان بە گرنگترین لیژنەكانی ناو پەرلەمان دادەنرێت، ئەركی سەرەكیی پەرلەمان پەسەندكردنی پرۆژە یاسا و دەركردنی یاسایە، لە دوای هەمواركردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و زیادكردنی لیژنەكانی پەرلەمان لە ١٥ لیژنەوە بۆ ١٩ لیژنە، ڕۆڵ و تایبەتمەندێتی ئەم لیژنەیە زیاتر بووە، چونكە لیژنەی یاسایی بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەكانی دیكە كار دەكات، لیژنەی یاسایی پەرلەمان وەكو فیلتەرێكیش وایە، بۆ ئەوەی پرۆژە یاسایەك كە دێتە پەرلەمان لەگەڵ ڕێكار و ئیجرائاتی تایبەت بە پرۆژە یاسا و پێشنیارەكانی یاسا و بڕیارەكان بگونجێت و، لەگەڵ یاساكانی دیكەدا هاودژی یەكتر نەبن. لیژنەی یاساییش لە پەرلەمانی كوردستان پسپۆڕایەتی تەواوی لەسەر ئەم بابەتە هەیە، لیژنەكەشمان لە ١١ ئەندام پێكهاتووە لە سەرۆك و جێگر و بڕیاردەر و ٨ ئەندامی دیكە بە نوێنەرایەتی فراكسیۆنەكانی پارتی و یەكێتی و گۆڕان و كۆمەڵ و نەوەی نوێ و پێكهاتەكان.

*** ئایا پرۆژە پێشیاركراوەكان و بڕیارەكان بە چ پێوەرێك مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت، بۆ ئەوەی لیژنەی یاسایی كاری لەسەر بكات؟**

- لە دەستپێكی ئەم خولەی پەرلەماندا و تا ئێستا زۆر پرۆژە یاسا و بڕیاری گرنگ لەلایەن پەرلەمانەوە بۆ لیژنەی یاسایی ئاراستەكراون، ئاشكرایە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، كارەكانی پەرلەمانی بۆ هەریەك لە سەرۆكایەتی پەرلەمان و لیژنەكان و سەرجەم پەرلەمانتارە بەڕێزەكان دیاری كردووە، هەر ئەو پەیڕەوەیە سنووری كارەكان و دەسەڵاتەكانی ئێمەشی دیاری كردووە، بەپێی ئەو دەسەڵاتەی كە ئێمە پێمان دراوە، تەماشای سەرجەم ئەو پرۆژە و یاسا و پێشنیار و بڕیارانە دەكەین كە دێتە لیژنەی یاسایی و، ئەگەر مەرجەكانی یاسایی لەو پرۆژەیە، یان پێشنیارە هەبێت، ڕاستەوخۆ ڕاپۆرت ئامادە دەكەین و، بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان بەرزی دەكەینەوە و پرۆژەكە بە هەموو قۆناغە یاساییەكانی خۆیدا تێپەڕ دەبێت، خۆ ئەگەر پرۆژە یاسایەك، یان پێشنیارێك كێشەی تێدا بێت، یان بەپێی دەستووری عێراق لەگەڵ دەسەڵاتەكانی پەرلەمان نەگونجێت، ئەو پرۆژە یاسایە ڕەت دەكرێتەوە، سرووشتی كارەكانی ئێمەش وایە كە هەر بڕیارێك

**بەداخەوە ئەو حاڵەتەی لە کوردستان زۆر باوە، بەرزکردنەوەی پێشنیارێکە کە بارگرانی لەسەر حکومەت دروست دەکات، یان لە رووی واقیعەوە ناتوانرێت جێبەجێ بکرێت**

یاسایی نەبێت، ناتوانین کاری لەسەر بکەین و پاڵپشتی بکەین، لەبەر ئەوەی هەر پڕۆژەیەك نادروستیی یاسایی هەبێت، دەرئەنجامەکەشی نادروست دەبێت، چونکە مەرجەکانی یاساییبوونی تێدا نییە، هەندێك جاریش پێشنیار و پڕۆژە یاسایەك بەرز دەکرێتەوە، کەچی لە واقیعدا ئەو بۆشاییە یاساییە لە هەرێمی کوردستاندا نییە، بەداخەوە ئەو حاڵەتەی لە کوردستان زۆر باوە، بەرزکردنەوەی پێشنیارێکە کە بارگرانی لەسەر حکومەت دروست دەکات، یان لە رووی واقیعەوە ناتوانرێت جێبەجێ بکرێت.

*** مەبەستت چییە لەوەی نابێت پێشنیارە یاساییەکان بارگرانی لەسەر حکومەت دروست بکەن، یان لە رووی واقیعەوە جێبەجێکردنی زەحمەتە، ئایا هەماهەنگیی نێوان پەرلەمان و حکومەت لەم خاڵەدا چۆن رێك دەخرێت؟**

- با کەمێك لەسەر ئەم خاڵە رابوەستین. ناکرێت پێشکەشکردنی پێشنیار و بڕیار تەنیا بە مەبەستی موزایەدەی سیاسیی هەندێك لە فراکسیۆنەکان و پەرلەمانتاران بێت، لە پەیڕەوی ناوخۆشدا ئاماژە بەو خاڵە کراوە، کە ناکرێت پڕۆژەی پێشنیارکراو لە رووی داراییەوە بارگرانی لەسەر حکومەت دروست بکات، چونکە خۆی لەخۆیدا حکومەت ناتوانێت ١٠٠٪ی ئەو پڕۆژە پێشنیارکراوە جێبەجێ بکات، رەنگە ببێتە هۆی کەوتنەوەی قەیرانی داراییش، بەمەش زیانێکی گەورە بە بەرژەوەندیی گشتی دەکەوێت، بۆ نموونە هیچ ماقووڵ نییە فراکسیۆنێك داوا بکات، حکومەت بۆ هەر هاووڵاتییەك ١٠ هەزار دۆلاری بداتێ، ئەمە لە رووی واقیع و جێبەجێکردنەوە زەحمەتە و بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ و یاسا، ئەمجۆرە پڕۆژە یاسایانە نابنە یاسا.

*** یاسای چاکسازی لە پەرلەمان دەرچوو، ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای لە سەرجەم وەزارەتەکان کردووە، کارئاسانی بۆ جێبەجێکردنی بکەن، ئایا تاچەند جێبەجێکردنی ئەم یاسایە بۆ بەرژەوەندیی گشتی گرنگە؟**

- خۆشبەختانە لە دەستپێکی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان توانرا یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لەپاڵ ژمارەیەکی زۆری دیکەی یاسا هەموار بکرێتەوە، یان پەسەند بکرێن، بەڵام ئەوەی بۆ حکومەت و خەڵکی گرنگ بوو، یاسای چاکسازییە کە یاسایەکی زۆر فراوان و گشتگیرو گرنگە و پەیوەندیی راستەوخۆی بە بارو بژێوی ژیانی فەرمانبەران و خانەنشینان و هاووڵاتیانی کوردستانەوە هەیە، بەتایبەت کە ئەگەر یاسای چاکسازی لە ئەرزی واقیعدا وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت، داهاتێکی زۆر بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە و جۆرێك لە دادپەروەرییش لە نێوان مووچە کەمەکان و مووچە بەرزەکان و خانەنشینانی لێ بەرهەم دێت. کەواتە جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی بۆ ئابووری و داهاتی حکومەت و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان گرنگە، چونکە بە بەرزکردنەوەی توانای دارایی حکومەت کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ سوودی لێ وەردەگرن، ئێستا یاسای چاکسازی لە بەردەم حکومەتدایە بۆ جێبەجێکردن و پەرلەمانی کوردستانیش چاودێری و بەدواداچوونی بۆ دەکات.

*** لەم خولەی پەرلەماندا یاسای بنبڕکردنی مادده سڕکەرەکان و هۆشبەرەکان پەسەند کرا، ئایا دەرکردنی ئەم یاسایە بۆ هەرێمی کوردستان تا چەند گرنگ بوو؟**

- بە هۆی گرنگیی دەرکردنی یاسای چاکسازی، زۆر لە راگەیاندنەکان بە هەمان شێوە گرنگییان بە یاسای بنبڕکردنی مادده بێهۆشکارەکان نەدا. ئێمە یاسایەکی بەرکاری ژمارە ٦٨ی ساڵی ١٩٨٥مان هەبوو کە لەگەڵ واقیعی ئێستای عێراق و هەرێمی کوردستان نەدەگونجا، ئەمە وێڕای ئەوەی حاڵەتێکی مەترسیدار لە هەرێمی کوردستان هەیە، ئەویش دەرکەوتنی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان و بەکارهێنانیەتی و تادێت بەرەو زیادبوون دەچێت، گرنگیی دەرکردنی ئەم یاسایەش لەم روانگەیەوە هاتووە، کە ناکرێت چیتر بەرامبەر هەڵکشانی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان و بەکارهێنانی دەستەوەستان بوەستین و زیانێکی گەورە بە گەنج و کۆمەڵگەکەمان بکەوێت.

*** ئەی یاسای چاکسازی لە کەرتی تەندروستی بەکوێ گەیشتووە؟**

- هەموو پڕۆژە یاسا و پڕۆژە پێشنیارێك لە چوارچێوەی خۆی گرنگیی تایبەتی هەیە، هەندێك لەو پڕۆژە یاسایانە رەهەندی نیشتمانی و ئابووری و کارگێڕی و کشتوکاڵ و چەندین بواری دیکەی هەیە، چاوەڕوان دەکرێت لەم خولەدا زۆرترین پڕۆژە یاسا و پڕۆژەی پێشنیارکراو

**ناکرێت پێشکەشکردنی پێشنیار و بڕیار تەنیا بە مەبەستی موزایەدەی سیاسیی هەندێك لە فراکسیۆنەکان و پەرلەمانتاران بێت**

**ئەگەر یاسای چاکسازی لە ئەرزی واقیعدا وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت، داهاتێکی زۆر بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە**

**ئێستا یاسای چاکسازی لە بەردەم حکومەتدایە بۆ جێبەجێکردن و پەرلەمانی کوردستانیش چاودێری و بەدواداچوونی بۆ دەکات**

**بە هۆی گرنگیی دەرکردنی یاسای چاکسازی، زۆر لە راگەیاندنەکان بە هەمان شێوە گرنگییان بە یاسای بنبڕکردنی مادده بێهۆشکارەکان نەدا**

پەسەند بكرێت، هەمووشیان بۆ ڕێكخستنەوەی بوارەكانی خۆیان زۆر گرنگن.

*** ئایا لەو پڕۆژە یاسایانەدا، پڕۆژە یاسای بودجە تاچەند قسەی لەسەر كراوە، چونكە بێ پەسەندكردنی بودجە زەحمەتە حكومەت بتوانێت كاروبارەكانی دارایی و پەرەپێدان ڕێكبخات، ئێوەش باشتر بە ئەركی چاودێری و بەدواداچوون هەڵسن؟**

- هیچ گومانێك لە گرنگیی پڕۆژە یاسای بودجەدا نییە، بەڵام ئەم كارە زیاتر پەیوەستە بە حكومەت و ئەركی حكومەتە ئەو پڕۆژە یاسایە ئامادە بكات و هەوڵ بدات پڕۆژە یاسای بودجە بنێرێتە پەرلەمان، ئەم مەسەلەیە پەیوەستیشە بە بارودۆخی ناسەقامگیر و ئاڵۆزی عێراق و ئەو ڕێككەوتنەی لە نێوان هەرێم و بەغدا هەیە.

*** لە سەرەتای قسەكاندا باسی هەماهەنگی و لێكتێگەیشتنی نێوان پەرلەمان و حكومەتت كرد، ئایا ئەم هەماهەنگییە تاچەند گرنگە بۆ دەركردنی ئەو پڕۆژە یاسا و پێشنیارانەی كە ڕەهەندی نیشتمانی و ئابووریيان هەیە؟**

- لەم خولەی پەرلەماندا زیاتر لە ٢٨ پڕۆژە یاسا و پێشنیاركراو لەپەرلەماندا هەیە، ڕاستە ئێستا پشووی پەرلەمانەو دانیشتنی تێدا نییە، بەڵام ئەمە بەو واتایە نایەت ئەندامانی پەرلەمان و لێژنەكان لە پشوودان و بە ئەركی خۆیان هەڵناسن، بەردەوام لێژنەكان دانیشتن و گفتوگۆ دەكەن، لە سەرەتای مانگی ئاداری ئەمساڵیشەوە ئەو پرۆژانەی كە لەبەردەستی پەرلەماندایە، زیاتر بەدیار دەكەوێت، كە ڕیزبەندی بە كام پڕۆژە یاسا دەدرێت، ژمارەیەكی زۆریش پڕۆژە یاسا و پێشنیاری یاسا هەیە لە سەرۆكایەتی پەرلەمان كە لە ناوەڕاستی مانگی ئادار ڕەوانەی لێژنەی یاسایی دەكرێن، مەبەستیش لە پڕۆژە یاسا زیاتر ئەو پرۆژانەیە كە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاراستەی پەرلەمان دەكرێت، هەرچی پێشنیاری یاساش هەیە، واتا لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان، یان فراكسیۆنەكانەوە پێشكەش دەكرێت، ئەوانیش گرنگین و تەنیا جیاوازییەكە لە ئامادەكردنی پڕۆژەكەدایە، بەڵام ئەوەی لەلایەن پەرلەمانەوە پێشكەش دەكرێت، دەبێت لە ناوەڕۆكدا سوودی بۆ حكومەت و بەرژەوەندیی گشتی خەڵكی كوردستان هەبێت، گرنگی و تایبەتمەندیی هەر پڕۆژە یاسا و پڕۆژە پێشنیاركراوێكی یاسا لە ناوەڕۆكەكەیدا دەردەكەوێت، كە تا چەند گرنگە و دەوڵەمەندكردنی پەسەندكردنیشیان بۆ تەوافوقی نێوان فراكسیۆنەكان و هێزو لایەنە سیاسییەكانی كوردستان دەگەڕێتەوە. بێگومان بە ئارامی و سەقامگیریی ناو پەرلەمان و لێكتێگەیشتنی لایەنە سیاسییەكان، پەرلەمان بۆ دەركردنی یاسا ئەدایەكی باشتری دەبێت، ئێستاش كۆدەنگی و سەقامگیرییەكی باش لەناو پەرلەماندا هەیە. سرووشتی پەرلەمانیش لە هەموو دنیادا هەر وایە، ناكرێت كێشەو گرفتی لایەنە سیاسییەكان بهێنرێتە ناو پەرلەمان و دۆخێكی ئاڵۆز و ناتەبایی لێ بكەوێتەوە.

*** نووسینەوەو پەسەندكردنی دەستوور بە یەكێك لە كارە گرنگەكانی ئەم خولەی پەرلەمان دادەنرێت. ئایا تاچەند گرنگە هەرێمی كوردستانیش ببێتە خاوەنی دەستوورێكی تایبەت بەخۆی؟**

- نووسینەوەی دەستوورێكی هاوچەرخ و مۆدێرن گرنگییەكی لە ڕادەبەدەری بۆ هەرێمی كوردستان و ئایندەمان هەیە، وا چاوەڕوان دەكرێت لەم خولەی پەرلەماندا ڕیزبەندییەكی باش و جددی بە دەستوورێكی هەمیشەیی بۆ هەرێمی كوردستان بدرێت، ئەمەش نەك تەنیا ئیرادەی جددیی هەموو فراكسیۆنەكانی ناو پەرلەمانی كوردستانی پێویستە، بەڵكو ڕێككەوتن و لێكتێگەیشتنی نێوان لایەنە سیاسییەكانیشی پێویستە، من وەكو سەرۆكی لێژنەی یاسایی لە پەرلەمانی كوردستان، دەستوور بە دایكی یاساكان و یاسای باڵای هەرێمی كوردستان دادەنێم، لە ماددەی ١٢٠ی دەستووری عێراقدا ئەو مافە دەداتە هەرێمی كوردستان بۆ ئەوەی خاوەنی دەستووری هەمیشەیی خۆی بێت، ئومێدم زۆرە لەم خولەی پەرلەماندا وڵاتەكەم ببێتە خاوەنی دەستوورێكی هاوچەرخ و زامنی مافەكانی خەڵكی كوردستان بكرێت و دادپەروەرییەكی وای تێدا بێت، كە ڕەچاوی هەموو نەتەوە و ئایین و ئاینزاكانی تێدا كرابێت، لەبەر ئەوەی هەرێمی كوردستان بە هەرێمی پێكەوەژیان و لێبووردەیی بەناوبانگە، هەر بۆیە دەبێت دەستوورەكەشی ڕەنگدانەوەی ئەو ناوبانگەی بێت و زیاتر كولتوورەكانی ئاشتیی كۆمەڵایەتی و ئایینی و لێبووردەیی بەهێز بكات.

**ناكرێت چیتر بەرامبەر هەڵكشانی بازرگانیكردن بە ماددە هۆشبەرەكان و بەكارهێنانی دەستەوەستان بوەستین و زیانێكی گەورە بە گەنج و كۆمەڵگەكەمان بكەوێت**

**لەم خولەی پەرلەماندا زیاتر لە ٢٨ پڕۆژە یاسا و پێشنیاركراو لەپەرلەماندا هەیە**

**بە ئارامی و سەقامگیریی ناو پەرلەمان و لێكتێگەیشتنی لایەنە سیاسییەكان، پەرلەمان بۆ دەركردنی یاسا ئەدایەكی باشتری دەبێت**

**نووسینەوەی دەستوورێكی هاوچەرخ و مۆدێرن گرنگییەكی لە ڕادەبەدەری بۆ هەرێمی كوردستان و ئایندەمان هەیە**




## دکتۆر عەلی رەشید خۆشناو

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر بۆ گوڵان:

# زۆر پێویستە لقە کشتوکاڵییەکان ببووژێندرێنەوە و ببنە سەرچاوەی زانیاری و رێنمایی بۆ جووتیاران

# پلانی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر ئەوە بووە چەندین نەخۆشخانەی دیکەی وەک فریاکەوتن و لەدایکبوون و منداڵان و خوێن و سووتان دروست بکرێن

**باسی کەموکوڕیی خزمەتگوزارییەکان و چۆنیەتی چارەسەری کێشەکانی هاووڵاتیان و هەروەها زانینی پلان و بەرنامەی کار و ئەو گۆڕانکارییانەی لە رووی گشت سێکتەرەکانەوە لە داهاتووی نزیکدا لە سنووری پارێزگای هەولێر دەکرێن، تەوەری سەرەکیی ئەم دیدارەی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ دکتۆر عەلی رەشید خۆشناو سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێرپێکدەهێنن.**

*** سەرەتا دەمانەوێت بپرسین، ئایا بۆ کۆی پارێزگای هەولێر بەگشتی و ناو شاری هەولێر وەك پایتەخت بەتایبەتی چ بەرنامەیەکتان هەیە و، لە ماوەی یەك دوو ساڵی داهاتوودا پارێزگاکە چ گۆڕانکارییەك بە خۆیەوە دەبینێت؟**

- ئێمە ئەو کاتەی لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر دەستمان بەکارەکان کرد، لەلایەن حکومەتی عێراقی فیدڕاڵەوە میزانییەی هەرێمی کوردستان بڕابوو، ئەمە وایکرد ئەنجومەنەکان لە ژینگەیەکی زۆر ناتەندروست لە دایك بن، هەروەها دوای سێ بۆ چوار مانگ شەڕی تیرۆریستانی داعش دەستی پێکرد، ئەمەش وایکرد، دۆخی هەرێمی کوردستان زیاتر بەرەو بارێکی نالەبار و خراپ بڕوات و، کاریگەری لەسەر کۆێ پرۆسەی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی لە سەر حکومەتە خۆجێیەکانیش هەبوو، بەڵام ئێمە لە ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر، پێکەوە لەگەڵ فراکسیۆنەکان دیکە دەستمان بەکارەکان کرد و، یەکەم ئامانجیشمان ئەوە بوو کە هەرێمی کوردستان ئارام بێت و هەولێری پایتەختیش دوور بێت لە موزایەداتی سیاسی و بەرەو ئەو ستراتیژیەتییە بڕوات، کە ستراتیژیەتی سەربەخۆیە و لەو بوارەشدا لەگەڵ هەموو لایەنەکان هاوبیرو هاوئامانج بووین. بۆیە یەکدەست بووین لەناو ئەنجومەن وتوانیمان کارەکان راپەڕێنین، هەر چەندە لە ناو پارێزگای هەولێر کارە خزمەتگوزارییەکان لێرەو لەوی جێبەجێ دەکران، بەڵام ئەو پڕۆژە ستراتیژییانەی کە زۆر گرنگ و ئامانجی ئێمە بوون، چەند پڕۆژەیەك بوون، لەوانە: پڕۆژەی ١٢٠ مەتری کە گرووپی هێمن جێبەجێیان کرد و شەقامی ١٥٠ مەتری دەستی پێکردووە. لەبواری ئاو و ئاوەڕۆ، پڕۆژەیەکی ئاوی گەورە لەلایەن کۆمپانیای بای وەتەری بەریتانی دەستی پێکرد، بە قەرزی درێژخایەن کە پڕۆژەی ئاوی ئیفراز چوار، بەشێکە لەو پڕۆژەیە و، پڕۆژەی ئاوەڕۆی قورس و خاوێنکردنەوەی ئاوەڕۆکانی هەولێر و دووبارە بەکارهێنانەوەیان و تۆڕی ئاوەڕۆی هەولێر، ئەمانە هەر هەموویان چونەتە قۆناغی جێبەجێکردن و، پڕۆژەیەکی دیکە کە لە بەرنامە و پلانی ئەنجومەنی خۆجێیدایە، گواستنەوەی گشتییە و لەم پڕۆژەیەدا جەختمان لەسەر ستی پاس کردووەتەوە، حکومەتی ئەڵمانیاش ئامادەیە هاوکاریی پایتەختی هەرێمی کوردستان بکات، بۆ ناردنی ئەو پاسانە و بەڕێز پارێزگاریش

**پێویستە لە رووی تۆی باوڕپێکراو و پلانی کشتوکاڵی و چۆنیەتی چاندنی سەوزە و میوە و باخ و جۆرەکانی دەغڵ ودانەوە هاوکاریی جووتیاران بکەن**

بۆ ئەو مەبەستە لە پەیوەندی و کارکردندایە، قۆناغی دووەمی پڕۆژەی گواستنەوەی گشتییش، (ترام ڤا)یە کە دیزاینەکەی بە ڕێکوپێکی لەلایەن وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ ئەنجام دراوە، کە خۆی لە چوار لاینی ترام دەبینێتەوە و هەموو گەڕەکەکان و دامودەزگاکانی حکوومی لەناو شاری هەولێر بە یەکەوە دەبەستێتەوە، ئەم پڕۆژەیەش زۆر گرنگە، چونکە کەموکوڕیی زۆری گواستنەوەی گشتیمان لە شاری هەولێر هەیە، سەبارەت بە سێکتەری پەروەردەوە کە زۆر گرنگە و لە رووی باڵەخانە و بینایەی قوتابخانەکاندا کەموکوڕییەکی زۆر هەیە، لەکاتی خۆی بەرنامەی حکومەت بۆ قوتابخانەکان ئەوە بوو، سێ دەوامی نەهێشت، بەڵام ئێستاش زەختێکی زۆر لەسەر قوتابخانەکان هەیە، کە قوتابیان زۆربوون و پۆلەکان زیاتر لە ٥٠ قوتابی تێیدا دەخوێنن، ئەمەش کاریگەری لەسەر ئاستی تێگەیشتنی قوتابیان و پەروەردەیان هەیە، هەر بۆیە جەخت لەوە کراوەتەوە کە لە سێکتەری پەروەردە لەناو شاری هەولێر و هەموو سنووری پارێزگاکە کۆمەڵێك قوتابخانە دروست بکرێن، دەکرێت لە شوێنی قوتابخانە کۆنەکان لە رێگای وەبەرهێنان لە بری ئەوەی قوتابخانەی ١٢پۆلی و ١٨ پۆلی دروست بکرێت، دوو تا سێ قوتابخانەی لەگەڵ باڵەخانەیەکی بازرگانی دروست بکرێت، کە باڵەخانەکە بۆ وەبەرهێنەرەکە بێت و حکومەت و پەروەردەش سوود لە قوتابخانەکانی وەربگرن. سەبارەت بە سێکتەری تەندروستی لە پارێزگای هەولێر بەهەمان شێوە بەرنامەو پلانی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر بووە کە چەند نەخۆشخانە دروست بکرێن، لەوانە نەخۆشخانەکانی فریاکەوتن لە دوو نەخۆشخانە بکرێنە چوار نەخۆشخانەی فریاکەوتن و هەروەها نەخۆشخانەی لەدایکبوون و منداڵان و نەخۆشخانەی خوێن و سووتان کە زۆر پێویستن دروست بکرێن، ئەمانە نەك تەنیا لە ناو شار، بەڵکو بۆ قەزاو ناحیەکانی هەموو سنووری پارێزگای هەولێر لەبەرنامەدان و پلانەکانی ئەنجومەنی پارێزگاش گشتگیرە و بۆ هەموو سنووری پارێزگاکەیە و بۆ ئەو پڕۆژەو مەبەستانە لەگەڵ بەڕێز پارێزگاری هەولێر گفتوگۆ کراوە، کە پێویستە ئەو سێکتەرانە ببووژێنەوە.

*** پارێزگای هەولێر لە حاجی ئۆمەران تا مەخموور دەگرێتەوە و کەشوهەوای جیاوازی هەیە و خاکی ئەو دەڤەرە بەپیت و بەرەکەتە، بەڵام کشتوکاڵی ئەم سنوورە لەو ئاستەدا نییە، هەروەها هەولێر گەورەترین شوێنی عێراق و کوردستانە بۆ گەشتیاری، بەشی هەرە زۆری پارێزگای هەولێریش بە سرووشتی خۆی هاوینە هەوارێکە، بەڵام گەشتوگوزاریش هەر بە شێوازە تەقلیدییەکەی پێش ٥٠ ساڵ بەڕێوەدەبرێت و نەتوانراوە بکرێتە پیشەسازیی گەشتیاری، ئایا بەرنامەتان بۆ پێشخستنی کەرتی کشتو کاڵ و گەشتیاری چییە؟**

- لەم پرسیارەدا پەنجەتان لەسەر برینێکی زۆر قووڵ دانا، چونکە دەکرێت کشتوکاڵ بکرێتە بنەمای دەوڵەتداری، بەڵام بەداخەوە کشتوکاڵیش بەدەر نەبووە لەو هەموو قەیرانە کە بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە، بەڵام دەکرا بەرنامە و پلانی باشتر بۆ کەرتی کشتوکاڵ دابنرێت و وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێمی کوردستان لەسەر چەند تەوەرێك کار بکەن. ئەم وەزارەتە لە دوای ساڵی ١٩٩٧ بە هاوکاریی رێکخراوی «FAO» یارمەتییەکی زۆری خەڵك و کەرتی کشتوکاڵی دا، من یەکێکم لەو کەسانەی بۆ ماوەی حەوت ساڵ لەو رێکخراوە لەسەر سێکتەری ئاودێری کارم کرد، چەندین پڕۆژەی ئاودێری لە ناوچە شاخاوییەکانی سنووری پارێزگای هەولێر دروستکران، بەڵام بەداخەوە پڕۆژەی نەوت بەرامبەر بە خۆراك نەما، کشتوکاڵیش نەیتوانی ئەو هەموو بەرنامەی رێکخراوەی «فاو» کە لەژێر جێبەجێکردندا بوون، وەبەرهێنانی تێدا بکات. لە سێکتەری کشتوکاڵیدا بە بازاڕکردنی کاڵاکانی جووتیاران سفرە، ئەگەرچی لە کاتی خۆیدا لە لقە کشتوکاڵییەکاندا سەرجەم ستافەکانیان لە خزمەتی جووتیاراندابوون، بەڵام ئێستا لقە کشتوکاڵییەکان کاریان نەماوە، تەنانەت جووتیاران رێنماییەکانیشیان لێ وەرناگرن. بۆیە زۆر پێویستە لقە کشتوکاڵییەکان ببووژێندرێنەوە و ببنە سەرچاوەی زانیاری و رێنمایی بۆ جووتیاران و لە رووی تۆی باوڕپێکراو و پلانی

**ناکرێت جووتیاران هەر لە مەخموورەوە تا سیدەکان لە هەموو خاکەکەیان تەنیا تەماتە بچێنن، ئەوە بازاڕیان سفر دەکات**

**جگە لە پێدانی رێنمایی بە جووتیاران و هاورکاریکردنیان دەبێت وابکەین قەزاو ناحیەکان لە رووی خزمەتگوزارییەکانی وەک تەندروستی و پەروەردە و رێگاوبان و کارەبا و...تاد، جیاوازییەکی وایان لەگەڵ سەنتەری شار نەبێت**

**لە رووی گەشتوگوزارییەوە پێویستە پشت بە کۆمەڵێک وەبەرهێنەر ببەستین، بەتایبەتی کە سرووشتی کوردستان زۆر شوێنی جوانی هەیە و دەکرێت بیکەنە گەشتیاری**

کشتوکاڵی و چۆنیەتی چاندنی سەوزە و میوە و باخ و جۆرەکانی دەغڵ ودانەوە هاوکاریی جووتیاران بکەن. بۆ نموونە ناکرێت جووتیاران هەر لە مەخموورەوە تا سیدەکان لە هەموو خاکەکەیان تەنیا تەماتە بچێنن، ئەوە بازاڕیان سفر دەکات. هەروەها جگە لە پێدانی ڕێنمایی بە جووتیاران و هاریکردنیان دەبێت وابکەین قەزاو ناحیەکان لە رووی خزمەتگوزارییەکانی وەك تەندروستی و پەروەردە و ڕێگاوبان و کارەبا و...تاد، جیاوازییەکی وایان لەگەڵ سەنتەری شار نەبێت. هاوکات لە رووی گەشتوگوزارییەوە پێویستە پشت بە کۆمەڵێك وەبەرهێنەر ببەستین، بەتایبەتی کە سرووشتی کوردستان زۆر شوێنی جوانی هەیە و دەکرێت بیکەنە گەشتیاری، بۆ نموونە چیای کۆرەك زۆر لەبار نەبوو بۆ گەشتیاری، بەڵام لە ڕێگای وەبەرهێنەرێکەوە کە دەستخۆشی لێ دەکەم، بۆتە پرۆژەیەکی سەرکەوتووی سەرنجڕاکێش بۆ گەشتیاران، بەتایبەتی لە وەرزی زستاندا و گەشتیاران رووی تێ دەکەن. لە شەقلاوەش پلان هەبوو، بەڵام جێبەجێ نەکرا. هەروەها چیای سەفین، چۆمان، مێرگەسۆر و زۆر شوێنی دیکە هەن، کە هەموویان گونجاون بۆ گەشتیاری، بەڵام پێویستە وەبەرهێنەرانی کەرتی تایبەت کاری بۆ بکەن، حکومەتیش دەرگایان بۆ بکاتەوە و هاوکاری و ئاسانکارییان بۆ بکات و، ڕێنمایی بە وەبەرهێنەران بدات کە پرۆژەی گەشتیاری جێبەجێ بکەن. خاڵی سەرەکی بۆ گەشتیاری ڕێگاوبانە، کە خۆشبەختانە لە ڕێزبەند و هەنگاوی یەکەمی کابینەی نوێیەمی حکومەتی کوردستاندایە و کارو پرۆژەی بۆ ڕێگاوبانەکان ئەنجام داوە، بەمەش گەشتیاری لە سنووری پارێزگای هەولێر دەبووژێتەوە، دەمێنێتەوە سەر وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار کە ئەو پلان و بەرنامەیە دابنێت، کە زۆرترین ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنەری راستەقینە بکات، کە دەڵێم وەبەرهێنەری راستەقینە، مەبەستم ئەوەیە دەبێت ئەو وەبەرهێنەرە سەرمایەکەی چێك بکرێت و بزانرێت چەند پارە و ئیمکاناتی هەیە، نەك پرۆژەکە بدرێت بە دەڵاڵی وەبەرهێنەرێك کە هەندێك پارەی لێ بخوات و پرۆژەکەش جێبەجێ نەکرێت.

*** لەگەڵ ئەوەی هەڵمەتێکی گەورەی دارچاندن و سەوزکردنی پایتەخت ئەنجام دەدرێت، بەڵام هێشتا ڕێژەی سەوزایی هەولێر نەگەیشتۆتە ئاستی ستاندەری جیهانی، چەندین ساڵە حکومەت بەنیازە پشتێنەی سەوز بۆ ئەم شارە دروست بکات، ئایا ئەم پشتێنەیە دروست دەکرێت، یان تەنیا باسێك بوو بەسەر چوو؟**

- پشتێنەی سەوزی هەولێر یەکێکە لە بەرنامەکانی ماستەرپلانی پایتەختی هەرێمی کوردستان کە بە پانیی دوو کیلۆمەتر و لە دووری ١٢کیلۆمەتر نیوەتیرە لە سەنتەری شارەوە و وەك بازنەیەك بە دەوری شاردا دەڕوات و، ئەو پرۆژەیە تەنیا سەوزایی نییە، بەڵکو پرۆژەی گەشتیارییش لەخۆدەگرێت، لەوانە مەلەوانگە و ئەسپسواری و یاریی گۆلف و... تاد، بەڵام دیارە ئەویش بە هەمان شێوەی چەندین پرۆژەی دیکە کاریگەریی قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستانی لەسەر دروست بوو، بۆیە ئەو پرۆژەیەش راوەستاوە، ئەگەرچی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار هەندێك لە پرۆژەکانی بە وەبەرهێنەران داوە، بەڵام پێویست بەوە دەکات، پرۆژەی پشتێنەی سەوز وەك یەك ڕینگ تەعامولی لەگەڵ بکرێت، ئەگەرچی پایتەختی کوردستان لە رووی سەوزاییەوە بە ئاراستەیەکی زۆر باش ڕۆیشتووە، بەڵام خەون و تمووحی ئێمە زۆر زۆر لەوە زیاترە و خەونی ئێمە ئەوەیە کە خەڵکی پایتەخت چێژی زیاتر لە سەوزایی و باخچە و پارکەکان وەربگرن. بەتایبەتی کە تا ئێستا نەگەیشتووینەتە ئەو ئاستەی کە ئەمجۆرە سەوزاییە لە هەموو گەڕەکەکان هەبێت، بەڵام پلان و بەرنامە هەیە لەگەڵ سەرۆکایەتیی شارەوانی و پارێزگای هەولێر، ئەو زۆنەی ڕێژەی سەوزاییەکەی زۆر کەمە، وەك شەقامی کەرکووك - مەخموور- مووسڵ لەوێوە دەست پێ بکەین و زیاتر گرنگی بەو شوێنانە بدەین.

*** ماوەیەکە کێشەی کەمیی غاز هاووڵاتییانی نیگەران کردووە، هەر چەند ئەنجومەنی پارێزگا بیووە ناوەندی سەرەکی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، بەڵام بۆ دابینکردنی داخوازیی هاووڵاتیان لەو بوارەدا چیتان کردووە؟**

**خاڵی سەرەکی بۆ گەشتیاری ڕێگاوبانە، کە خۆشبەختانە لە ڕێزبەند و هەنگاوی یەکەمی کابینەی نوێیەمی حکومەتی کوردستاندایە و کارو پرۆژەی بۆ ڕێگاوبانەکان ئەنجام داوە، بەمەش گەشتیاری لە سنووری پارێزگای هەولێر دەبووژێتەوە**

**ئەگەرچی پایتەختی کوردستان لە رووی سەوزاییەوە بە ئاراستەیەکی زۆر باش ڕۆیشتووە، بەڵام خەون و تمووحی ئێمە زۆر زۆر لەوە زیاترە و خەونی ئێمە ئەوەیە کە خەڵکی پایتەخت چێژی زیاتر لە سەوزایی و باخچە و پارکەکان وەربگرن**

**پێش ئەوەی قەیرانەکە دروست بێت، وەك ئەنجومەنی پارێزگا و لیژنەی پیشەسازی و وزە لەگەڵ بەڕێوەبەری غازی هەولێر کۆبوونەوەمان کرد، بۆ ئەوەی غازی تایبەت نەبێت، کە ئەو کات غازی حکوومی بە ٧٥٠٠ دینار بوو**



**کێشەی ئەمنی لەسەر غاز دروست بوو، کۆمپانیایەک قۆرخی بارودۆخەکەی کردووەو، تا ئەو ساتەی لەگەڵ ئێوە قسە دەکەم، ئەو کۆمپانیایە تەقە لە تانکەرەکانی غاز دەکات، ئەمەش حاڵەتێکی زۆر نارەوا و خراپە کە سەروماڵی شۆفێران و خەڵکی خۆت بخەیتەبەر مەترسی، بۆ ئەوەی مۆنۆپۆلی شتێک بکەیت**

**پارێزگاری هەولێر کە پاڵپشتیی جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی هەیە، پارێزگار و نوێنەری راستەقینەی هەموو خەڵکی پارێزگای هەولێرە، هەر بۆیە ئێمەش لە ئەنجومەنی پارێزگا لەلایەن سەرجەم فراکسیۆنەکان دەنگمان پێ داوەو پاڵپشتی دەکەین، بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت**

- پێش ئەوەی قەیرانەکە دروست بێت، وەك ئەنجومەنی پارێزگا و لیژنەی پیشەسازی و وزە لەگەڵ بەڕێوەبەری غازی هەولێر کۆبوونەوەمان کرد، بۆ ئەوەی غازی تایبەت نەبێت، کە ئەو کات غازی حکوومی بە ٧٥٠٠ دینار بوو. غازی تایبەتیان بە ( ٨ تا ٩) هەزار دینار دەفرۆشت. لەسەر ئەوەش بڕیارمان دا کە بە هیچ شێوەیەك قبووڵ ناکەین، ئەو غازەی لە حکومەت بەرهەمدێت، بە ناوی تایبەت و بە نرخی گرانتر بیفرۆشن. لەماوەی ئەو دوو رۆژەی کە ئەو نرخە تایبەتەمان نەهێشت، کێشەی ئەمنی لەسەر غاز دروست بوو، کۆمپانیایەك قۆرخی بارودۆخەکەی کردووەو، تا ئەو ساتەی لەگەڵ ئێوە قسە دەکەم، ئەو کۆمپانیایە تەقە لە تانکەرەکانی غاز دەکات، ئەمەش حاڵەتێکی زۆر نارەوا و خراپە کە سەروماڵی شوفێران و خەڵکی خۆت بخەیتەبەر مەترسی، بۆ ئەوەی مۆنۆپۆلی شتێك بکەیت، ئەو پێشێلکارییە ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرێت، دەگوازرێتەوە بۆ سێکتەرەکانی دیکەی وەبەرهێنان لە سلێمانی، وەك سێکتەری رێگاوبان و باڵەخانەکان و پرۆژەکان و لە هەقیقەتدا ئەگەر بەردەوام بێت، ئەوا وەبەرهێنەرانی سلێمانی بەرەو شار و شوێنی دیکە دەچن، کە ئاسایش و هێمنی تێدا پارێزراو و سەقامگیرە. شەوی سێشەممە ٢٠٢٠/٢/١١ سێ کەس لەسەر تەقەکردن لە تانکەرەکانی غاز دەستگیر کراون و بەرپرسی ئەو تەقەکەرانەش ناسراوە و لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکرێت. جگە لەوەش هۆکاری کێشەی کەمیی غاز بەشێکی خودی هاووڵاتیانن، بەتایبەتی کە هەندێك هاووڵاتی هەن، چەندین بوتڵە عازیان هەیە و هەر یەك بوتڵی بەتاڵ دەبێت، هەوڵدەدات پڕی بکاتەوە و رێگا نادات دراوسێیەکەی کە هیچ غازی نییە، وەری بگرێت. لەگەڵ ئەوانەشدا ئێستا چارەسەرێکی باشی قەیرانی کەمیی غاز کراوە، هەر چەندە هەندێك لە وەکیل و سەیارەکانی غاز هەوڵدەدەن بۆ خۆیان قۆرخی بکەن، تاوەکو سوودی زیاتری لێ وەربگرن، دەچنە ئەو گەڕەك و شوێنانەی کە دەوڵەمەندن و پارەی زیاتر وەردەگرن، هەر بۆیە لەگەڵ هەر سەیارەیەکی دابەشکردنی غاز پۆلیس و ئاسایشی لەگەڵ دادەنرێت، تاوەکو ئەو غازە ببەنە گەڕەك و شوێنە هەژارنشینەکان و بە نرخی خۆی (٧٥٠٠)دینار بیفرۆشن. بێگومان بەڕێز فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر زۆر هەماهەنگە لەگەڵمان و زۆر لەیەکتر نزیکین، ئەمە وایکردووە کە دەستنیشانکردنی کێشەو کەموکوڕییەکان بەهەند وەربگرێت. هەر بۆیە ئێمەش لە ئەنجومەنی پارێزگا پاڵپشتی دەکەین، بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت.



*** دیارە کێشەکانی پارێزگا بە ناو شار و قەزاو ناحیەکانیشەوە بەشێکە لە کارەکانی ئێوە، ئایا میکانیزمی مامەڵەکردنتان لەگەڵ کێشەی قەزا و ناحیەکانی دەرەوەی شاری هەولێر چۆنە؟**

- لەسەر ئاستی هەموو سنووری پارێزگا بە یەك بازنە هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر کرا، بۆیە دەنگی قەزاو ناحیەکانیش درایە ئەندامانی ئەنجومەن، هەر بۆیە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر خۆیان بە نوێنەری خەڵکی قەزاو ناحیەکانیش دادەنێن و بەشێکیان خۆیان دانیشتووی چۆمان و کۆیە و مێرگەسۆر و سۆرانن و، ئەو ئەندامانەماڵیشیان هەر لەو شوێنانەیە و هەموو کات لەناو خەڵکی ناوچە و دەڤەرەکانیانن، بەمەش کێشە و گرفتی خەڵکی ئەو ناوچانە زۆر بە باشی و خێرایی دەگەنە ئەنجومەنی پارێزگا و لێژنەکانیشمان بەردەوام لە پەیوەندیدان، کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنەکەشمان هەموو کات شەفافە و بە رووی میدیاکانەوە کراوەیە، بۆیە هاووڵاتیان زۆر شارەزاییان لەسەر ئەنجومەن هەیە و، زۆر بە ئاسانی و سادەیی دەتوانن کیشە و داواکارییەکانیان پێمان بگەیەنن. هەر پەیوەندی و داواکارییەك لە رێگای هەر ئەندامێکی ئەنجومەن بگات، دەیخەمە بەردەستی لیژنە و بەدواداچوونی بۆ دەکرێت. هەر بۆ نموونە: دابەشکردنی نەوت لە ناوچە شاخاوییەکان و دەرەوەی سنووری شاری هەولێر جەختی ئەنجومەنی پارێزگای لەسەر بوو، کە پێویستە دووبارە نەوت دابەش بکرێتەوە. لێرەدا بە شانازییەوە دەڵێم زۆر سوپاس بۆ پارێزگاری هەولێر کە شەونخوونیەکی زۆری کرد بۆ دابەشکردنی نەوت و بەشە نەوتێك ون ببوو، ئەویشی گەڕاندەوە و بە سەر هاووڵاتیانی ناوچە شاخاوی و دوورەدەستەکاندا دابەش کران. ئێمە هەموو ئەندام و فراکسیۆنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر وەك یەك تیم کار دەکەین و نوێنەرایەتیی سەرجەم قەزاو ناحییەکان دەکەین و پاڵپشتییەکی بەهێزی پارێزگاری هەولێر دەکەین و پاڵپشتی دامودەزگاکانی حکومەتیشین و بە شێوازێك کار دەکەین، لە کارە باشەکان دەستخۆشییان لێ دەکەین و، لە کارە لاوازەکان ئاگاداریان دەکەینەوە و پەنجە لەسەر برینەکان دادەنێین بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێن، پلان و بەرنامەی باشیش هەیە بۆ گۆڕانکاری لە سەر ئاستی بەڕێوەبەرەکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان (ئەوانەی کە ماوەیەکی زۆرە لەو پۆستانەن) بۆ ئەوەی کەسی نوێ بێن و ئەوانیش توانای خۆیان بۆ خزمەتکردنی خەڵك و حکومەت بسەلمێنن.

**زۆر سوپاس پارێزگاری هەولێر کە شەونخوونیەکی زۆری کرد بۆ دابەشکردنی نەوت و بەشە نەوتێک ون ببوو، ئەویشی گەڕاندەوە و بە سەر هاووڵاتیانی ناوچە شاخاوی و دوورەدەستەکاندا دابەش کران**

**بەرنامەی باش هەیە بۆ گۆڕانکاری لە سەر ئاستی بەڕێوەبەرەکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان (ئەوانەی کە ماوەیەکی زۆرە لەو پۆستانەن) بۆ ئەوەی کەسی نوێ بێن و ئەوانیش توانای خۆیان بۆ خزمەتکردنی خەڵک و حکومەت بسەلمێنن**

# مانیفێست: (کۆنگرەی نیشتمانی) بە هەردوو شێوازە کوردی و سوورییەکەی

**ئەوانەی سەر بە رژێمەکانی هەرێمەکەن، لەوانەش رژێمی سووریا و، وەک پەنابەر نیشتەجێی دەوڵەتانی ئەورووپان، دژایەتیی یەکدی دەکەن، تەنانەت بە نووسینی راپۆرت لە دژی یەکدی بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە لێیان نیشتەجێن، بە تیرۆر و تاوان و دزینی پارەو سامانی شۆڕش یەکتر تۆمەتبار دەکەن**

(٤)

ماوەیەکی زۆر نییە و بەتایبەتیش دوای شکستی قەوارە ئۆپۆزسیۆنەکان، هەروەها دابەشبوونیان و پاشەکشەکردنی شۆڕش تا ئاستی بەزینی سەربازی، لە نێو گەرمەی گەڕان بەدوای رێگاکان، بۆ راگرتنی دواهەرەس و پارێزگاریکردن لەوەی کە تا ئێستا ماوەتەوە، سەرلەنوێ گوێمان لە چەند دەنگێك دەبێت، کە داوای زیندووکردنەوەی کاری نیشتمانی دەکەن بە ناو و ناونیشانی جۆراوجۆر، لەوانەش شێوازی (کۆنگرەی نیشتمانی)، یان کۆنگرەیەك کە سەر بەم، یان بەو پایتەختە عەرەبییە، یان هەرێمییە بێت و بە ناوی ئەو پایتەختانەشەوە بێت.

زۆربەی ئەوانەی داوادەکەن، بەشێك بوون لە قەوارە ئۆپۆزسیۆنەکان و پێکهاتەکانی سوپای ئازاد، لە نێویاندا ئەوانەی لە ئیدارە و دامەزراوەکان و حزبەکەی رژێمەوە هاتوون، ئەوانە تەنیا کەمێکن، بەشێك نەبوون لە وانەی هەوڵی چاکسازیی ئەو قەوارە و دامەزراوانەیان دەدا، کە بۆ ماوەی نۆ ساڵ لە ریزی ئەوان کاریان دەکرد، کاتێك زۆر پێویست بوو، لە بەردەم بەردەوامبوونی گرووپەکانی ئیسلامی سیاسی و لە سەرووشیانەوە ئیخوان موسلمین، هەروەها هاوپەیمانە نەریتییەکانی هاوشێوەیان، لە قەومچی و لیبراڵی و شیوعییەکان، بۆ نموونەش ئەوانە لە شەڕی دووبارە دروستکردنەوەی هەیکەلبەندیی سوپای ئازاد، کاتێك رووبەڕووی ئابڵووقە و برسیکردن و لەناوچوون دەبووەوە، هیچ قوربانییەکی ئەوتۆیان نەداوە، هاوکات لە پێناو قەڵاچۆکردنی گەندەڵی هیچ پلانێکیان نەخستۆتەڕوو، هەروەها کاری جددی بۆ گەڕاندنەوەی دەستپێشخەرییەکە و تا ئاستێکی کەمی پاراستنی بڕیاری سەربەخۆییانەی نیشتمانی ناکەن، ئەمانە مشتێکن لە خەروارێك و لێرەدا بوار نییە بە تێروتەسەلی باسی بکەین.

دەبێ ئەوە لەبیر نەکەین کە لە پاڵ ئەو (زۆرینەیە)ی باسکراوە، گرووپگەلێکی دەستەبژێر هەن، کە هەر لە سەرەتاوە لە پایتەختە کۆمەکبەخش و کاریگەر و دیاریکراوەکاندا گیرسابوونەوە، لە (قەتەر، سعودیە، تورکیا، میسر، ئیمارات، ئوردن) ئەوانە، یان بە پیشەی تایبەتیی خۆیان کاریان دەکرد، یان بە دامەزراوەکانی رۆشنبیری و میدیایی و ناوەندەکانی توێژینەوەی سەر بەو دەوڵەتانە، کە زۆرجار دامەزراوەگەلێکی تایبەتی و سەر بە سەرچاوەکانی بڕیاریان سەرپەرشتیی دەکرد، ئەو گرووپانە کە خاوەن توانای زانستی و فیکرین، ئەوانە هەموو شتێکیان شی کردۆتەوە و گەنگەشەیان کردووە، تەنیا کێشەی سووریا نەبێت، یان کە پێویست بەوە بکات یەکێك نەخشەی پلانەکانی، یان پڕۆژەکانی چاکسازی و جێگرەوەکانی دابڕێژێت و، داکۆکی لە سەربەخۆییبوونی بکات، لەهەمبەر سیاسەتی رژێمی فەرمیی عەرەبی، کە رۆژێکیش لەو سیاسەتانە لایان نەداوە، کە بۆیان داڕێژراون، بەڵکو لە خزمەتی ئەجێنداکانی ئەو دەوڵەتانەدا مانەوە، هیچ شتێکیان پێشکەش نەکردووە لەپێناو پاراستنی شۆڕش و چاکسازیی ئۆپۆزسیۆن و بەتینکردنی بڕیاری بێلایەنیی نیشتمانیدا.

ئێستاش گوێمان لە هیچ پرۆژەیەکی رزگاریی ئەوان نابێت، جگە لە مشتومڕی نێوانی

**بابەتی ئەوەی کێ ئامادە دەبێت وەک نوێنەر، ئەوا لە دەسەڵاتی لیژنەی ئامادەکاریی تەوافوقدا دەبێت، چەندین بژاردە هەن، لەوانە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە شار و ناوچەکان و وڵاتانی جیاجیای دنیا، بۆ هەڵبژاردنی نوێنەران**



سەلاح بەدرەدین

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

ڕۆشنبیرانی سووریای سەر بەم، یان بەو ڕژێمە، کاتێکیش کەسێك بۆ نموونە کە سەر بە سعودیە، یان ئیمارات بێت و دەستپێشخەرییەك بخاتەڕوو، ئەوا بە نەرێنی لەلایەن کەسێکی دیکەوە وەڵام دەدرێتەوە کە سەر بە قەتەر، یان تورکیا بێت، بۆ نموونە ئەوانەی سەر بە ئێرانن دڵخۆشن بەو پێکدادانە و دەرفەت دەقۆزنەوە، هەموویان خەمی رووخانی ڕژێمی سووریایان نەبووە، لەوەش مەترسیدارتر دەبینین ئەوانەی سەر بە ڕژێمەکانی هەرێمەکەن، لەوانەش ڕژێمی سووریا و، وەك پەنابەر نیشتەجێی دەوڵەتانی ئەورووپان، دژایەتیی یەکدی دەکەن، تەنانەت بە نووسینی راپۆرت لە دژی یەکدی بۆ ئەو دەوڵەتانەی کە لێیان نیشتەجێن، بە تیرۆر و تاوان و دزینی پارەو سامانی شۆڕش یەکتر تۆمەتبار دەکەن.

نایشارمەوە کە (بیرۆکە)ی (کۆنگرەی نیشتمانیی کوردیی سووریا) سەرەتا بە بیرمدا هات، وەك چارەسەرێکی رزگارکەر بۆ قەیرانی بزووتنەوەی کوردی سووریا لەوەتەی ساڵی ۲۰۲۰، پێش پەرەسەندنی بیرۆکەکە و راستکردنەوەی، گفتوگۆ هەبوو، دەربارەی ئەو بیرۆکەیە وەك هەنگاوێکی بەرایی لەگەڵ سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، کە پشتیوانی هەوڵەکانی چاکسازییە لە نێوان نەیارانی کوردی سووریا، هەروەها پاڵپشتی (ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی)یە، ئەوکاتە زۆر جار بیرۆکەکەم لە پێش بەڕێز سەرۆکی هەرێم و یاریدەدەرانی، تایبەت بە بەستنی کۆنگرەیەکی کوردیی سووریا روون کردەوە (دوای بەدەرکەوتنی سەرەتاکانی شکستی ئەنجومەنی کوردی)، کە هەموو رەوتە سیاسییە کوردییەکانی چوارچێوەی شۆڕشی سووریا لەخۆدەگرێت، ئەوانەی کە بڕوایان بە گۆڕینی دیموگرافی هەیە، بەتایبەتیش نیشتمانپەروەرانی بێلایەنی سووریا و لاوان کە زۆرینەی کۆمەڵگەکەمانن، هەروەها (ئەنجومەنی کوردی) بۆ ئەوەی بگەینە بەرنامەیەکی یەکگرتوو و سەرکردایەتییەکی شەرعیی هەڵبژێردراو، بۆ بەرەنگاربوونەوەی تەحەددییەکان.

لە هەمان ساڵ و ساڵانی دواتریش، بیرۆکەکە لە رێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ناوەندەکانی راگەیاندنەوە گەیشتە خەڵکێکی زۆر، سەدان دیداری راوێژکاری لە ناوچە جیاجیاکانی کوردنشینی سووریا سازکرا، سەرەتا لە ناوخۆ و دواتریش لە دەرەوە، دانانی چوارچێوەیەك بۆ بیرۆکەکە و ئەو هەوڵانە بە ناوی (بزاف) وەك بزاوتێکی فیکریی رۆشنبیری و سیاسی و دیالۆگ بوو، نەك حزبێك، یان رێکخراوێك بێت (ماڵپەڕی لە فەیس بووك هەیە)، لەگەڵ چەند لێژنەیەکی بەدواداچوون لە زۆر ناوچە لە ناوەوە و لە کوردستانی عێراق و تورکیا و وڵاتانی ئەورووپا و ئیمارات و میسر و لوبنان و کەنەدا بیرۆکەکە ئاڵوگۆڕ کرا، کاتێکیش بیرۆکەکە خرایەڕوو، لە رێگەی فەیسبووکەوە دەنگی لەسەر درا، پشتیوانیی نزیکەی ٤٠٠٠ واژۆی لە چەندین چین و توێژەوە بەدەست هێنا (ئەرشیفیش کراوە و هەموو کەسێك دەتوانێت لە رێی ماڵپەڕی - بزاف – لەسەر فەیس بووك bizav.me) ببینێت.

پوختەی دیدارو گەنگەشەکان کە سێ ساڵ بەردەوام بوو، بریتی بوون لە دانانی پرۆژەی

> **ئەوانەی لە کۆنگرەکە ئامادە دەبن، ئەرکی ئەوان تەنیا پەیوەستە بە بیناکردنەوەی بزووتنەوەی کوردی، هەروەها گێڕانەوەی شەرعییەتی لەدەستچووی ئەو بزووتنەوەیە، هاوکات کاراکردنی فاکتەری خودیی هەرەسهێنراو، هەروەها یەکخستنی بەرنامە و سەرکردایەتی، هەموو ئەمانە بە مەبەستی دابینکردنی مەرجە بابەتییەکان، کە قابیلی ئەوە بن چۆن بە شێوەی ئەرێنی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت**

> **مەرجەکانی وەدیهێنانی ئامانجە ستراتیژییەکانی نیشتمانی بە کەمکردنەوەی ئامادەسازی، یان بەهێزکردنی ئامرازە کارگەرییەکانی خەبات فەراهەم دەبن، چونکە ئەو ئامرازانە، یان نەماون، یان پەکخراون، یانیش کاتیان بەسەرچووە**

بەرنامەیەك بە دوو بەش (کوردیی تایبەت، سووریی گشتی) واتا کارکردن لەسەر دوو بەرە: بەگوێرەی دەرفەتی رەخساو و توانای دەستەبەرکراو، لەگەڵ بڕوابوونی رەها بە تەواوکاریی هەردوو بەرە، چونکە ئێمە بڕوامان وایە کە کوردیی تایبەت پەیوەستە بە گشتیی سووریاوە، هەروەها کێشەی کوردی سووریا بەشێکە لە کێشەی نیشتمانیی دیموکراسیی وڵات، کوردیش شەریکن لە خەباتی نیشتمانیدا پێش سەربەخۆیی و تا ئێستاش، بەشداریشن لە شۆڕش، دژی رژێمە دیکتاتۆرییەکانی یەك لە دوای یەکن و پەرۆشی رزگارین.

ئەنجامەکانی ئەو گفتوگۆیانە هەموارکردنەوە بوو لە میکانیزمی ئەو کۆنگرەیەی کە پێویستە بە شێوەیەك هەموو چالاکان و لایەنە سیاسییەکانی کورد بگرێتەوە، بێ ئەوەی هیچیان دوور بخرێنەوە، بە مەرجێك پێش ئەوە لیژنەیەکی ئامادەکاری بە تەوافوق پێك بهێندرێت، کە زۆرینەیان بێلایەن بن، لەگەڵ نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی و لاوان، هەروەها بە بەشداریی نوێنەرانی حزبەکان بە شێوەیەك کە رێژەیەکی پەك خرا، پێکی نەهێنن، ئەمەش بەو واتایەی کە رێژەی ئامادەبووان لە بێلایەنەکان زۆرینە بێت، بەڵام شوێنی کۆنگرەکە، یان لە ناوخۆی وڵات بێت، یانیش لە هەرێمی کوردستانی عێراق، لەگەڵ ئامادەبوونی نوێنەران لە شەریکانی سووریا و لە نەیارانی رژێم لە دانیشتنی کردنەوەی کۆنگرەکە.

بابەتی ئەوەی کێ ئامادە دەبێت وەك نوێنەر، ئەوا لە دەسەڵاتی لیژنەی ئامادەکاریی تەوافوقدا دەبێت، چەندین بژاردە هەن، لەوانە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە شار و ناوچەکان و وڵاتانی جیاجیای دنیا، بۆ هەڵبژاردنی نوێنەران، یان نوێنەرانی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان و رەوتە سیاسییەکان، بەڵام بابەتی زاڵبوونی بێلایەنەکان هەر دەبێت، هەر بەم شێوەیەش تایبەت بە کێشەکانی ئێستاو ئایندە، هەروەها هەڵوێستی بەرامبەر، یان مەسەلەی پێداچوونەوەی رەخنەگرتن و لێپرسینەوە، ئەمەیان کاری لیژنەی ئامادەکارییە و دەشکرێ پشت بە شارەزایی خەباتگێڕ و پسپۆڕان ببەسترێت.

رەنگە هەندێك بپرسن کوا بەرنامەی ئابووری بۆ رێگاچارەی کێشەی کوردی سووریا، هەروەها شێوازی چارەسەر و چارەنووسی ناوچەکانی کوردنشین و تێکەڵ، دواتر دەستووری تازە و سیستەمی سیاسیی پێشنیارکراو بۆ هەموو سووریا چۆن دەبێت؟ وەڵامیش بە ئاسانی بریتییە لە:

ئەوانەی لە کۆنگرەکە ئامادە دەبن، ئەرکی ئەوان تەنیا پەیوەستە بە بیناکردنەوەی بزووتنەوەی کوردی، هەروەها گێڕانەوەی شەرعییەتی لەدەستچووی ئەو بزووتنەوەیە، هاوکات کاراکردنی فاکتەری خودیی هەرەسهێنراو، هەروەها یەکخستنی بەرنامە و سەرکردایەتی، هەموو ئەمانە بە مەبەستی دابینکردنی مەرجە بابەتییەکان، کە قابیلی ئەوە بن چۆن بە شێوەی ئەرێنی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، کاتێکیش ئەم ئەرکانە تەواو دەبن و سەرکردایەتییەکی نوێی یەکگرتوو و بەتوانا هەڵدەبژێردرێت، ئەوکاتە مەرجەکانی وەدیهێنانی ئامانجە ستراتیژییەکانی نیشتمانی بە کەمکردنەوەی ئامادەسازی، یان بەهێزکردنی ئامرازە کارگەرییەکانی خەبات فەراهەم دەبن، چونکە ئەو ئامرازانە، یان نەماون، یان پەکخراون، یانیش کاتیان بەسەرچووە.

هەندێك کەس لە نەزانییەوە هەردوو ئەرکە جیاوازەکان تێکەڵ دەکەن، ئەرکی سیستەمی دەوڵەت و حکومەتەکەی ئەوەیە کاتێك دیموکراسییەو ئامادەکراوە بۆ بنیاتنان و ئاوەدانکردنەوە تەواو کراوە، ئەوکاتە سیستەمەکە پێویستی بە ئەداکردنی ئەرکی هەموانە لە گشت پسپۆڕییەکان و چینە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتیش چینەکانی ناوەڕاست، بە چاوپۆشی لە هەڵوێستە سیاسییەکان و تێڕوانینیان بۆ شۆڕش و گۆڕانکاری، ئەرکی دامەزراندن و ئامادەکردن و بنیاتنانەوە لە ئارادایە بۆ میکانیزمێك، یان جەستەیەك، یان قەوارەیەکی رێکخستن، هەروەها ئەوەی پێویستیەتی لە بەرنامە و پرۆژە و پلان و نەخشەڕێگا، هاوکات لە ئامێزی میللەت کە بیپارێزێت، لەپێناو وەستانەوە بە رووی ئەرکەکانی تەواوکردنی بزووتنەوەیەك کاربکات لە پێناو دەستەبەرکردنی مەرجەکانی بنیاتنانی دەوڵەت، یان سیستەمێکی سیاسی.

لە دۆخی تایبەتیی ئێمەی کوردیشدا دەبینین کە دابەشبوون و ململانێ و رووبەڕووبوونەوە سەریان هەڵداوە، لە هەمووشیان توندتر و قووڵتر لە نێوان خودی بەشداربووانی شۆڕشڤانان و نەیارانی کورد لەلایەك و لە نێوان لایەنگرانی رژێم کە بۆ فریاکەوتنی دەسەڵات هاتوون لەلایەکی دیکەوە، هەروەها لێدانی سەربازییانە و سیاسییانەی شۆڕش، لەگەڵ رەتکردنەوەی بەرامبەر بە شێوەی توندوتیژی و هەندێ جاریش تیرۆرکردن، گرووپەکانی پەکەکەش وەك نموونە، لەپاڵ ئەو حزبانەی کە دژایەتیی کێشەی کوردیان کردووە و وەلائیان بۆ رژێم و حکومەتە یەك لە دوای یەکەکان هەبووە،

**لە دۆخی تایبەتیی ئێمەی کوردیشدا دەبینین کە دابەشبوون و ململانێ و رووبەڕووبوونەوە سەریان هەڵداوە، لە هەمووشیان توندتر و قووڵتر لە نێوان خودی بەشداربووانی شۆڕشڤانان و نەیارانی کورد لەلایەك و لە نێوان لایەنگرانی رژێم کە بۆ فریاکەوتنی دەسەڵات هاتوون لەلایەکی دیکەوە**

**هەندێکی دیکە لە شەریکە سوورییەکانمان هەن زۆر زەحمەتە تێ بگەن، یان لە دۆخی تایبەتی کورد بگەن لە سۆنگەی ئەوەی پێشوەختە گومانیان هەیە لە هەر هەڵوێستێك کە لایەنی کوردی دەری دەبڕێت**

**بزاڤ بەشی نیشتمانیی بەرنامەکەی داناوە، پێموایە لە رووی پرەنسیپە بنەڕەتییەکان و میکانیزمەکانی رێکخستنەوە هیچ جیاوازیی گەورە لە نێوان هەردوو بەشی کوردی و سووریدا نییە**

لەبەرامبەر ئەمەدا و دوای گفتوگۆی چڕوپڕ رایەکە بەو شێوەیە جێگیر بوو لە (بزاڤ) کە بە پێی ئەو میکانیزمەی لە سەرەوە چەسپێندراوە، بانگهێشتی هەمووان بکرێت، هەر کەسێکیش ددان بە ئەنجامەکانی کۆنگرەکەدا بنێت و پێوەیان پابەند بێت، دەتوانێت ئامادەبێت، ئەوەش سیفەتی کۆنگرەی گشتگیری پێ دەبەخشێت، بەو هیوایەی کە ببێتە خێوەتێك بۆ ئاشتبوونەوە و لێبووردن و داخستنی لاپەڕەی رابردوو.

هەندێکی دیکە لە شەریکە سوورییەکانمان هەن زۆر زەحمەتە تێ بگەن، یان لە دۆخی تایبەتی کورد بگەن لە سۆنگەی ئەوەی پێشوەختە گومانیان هەیە لە هەر هەڵوێستێك کە لایەنی کوردی دەری دەبڕێت، کاتێك بزاڤ ناوی (کۆنگرەی نیشتمانیی گشتگیریی کوردی) راگەیاند، ئەمە لە ئەنجامی دیراسەکی قووڵ و شارەزایی نزیکەی پەنجا ساڵەوە گەڵاڵە ببوو، ئەم ناوە واقیعی و گوزارشتکارە وشەی (نیشتمانی) واتا سووریا، (کوردی)یش ئاماژەیە بۆ نەتەوەیەکی تایبەت، لە جیاتی (کۆنگرەی نەتەوەیی سووریا)، یەکەمیان زیاتر گوزارشت دەکات و بابەتییانەیە، بەتایبەتیش سۆنگەی فیکری و سیاسی پشت دەبەستێت بە راگرتنی هاوسەنگیی نێوان نەتەوەیی و نیشتمانی، کە بە هۆیەوە بێلایەنی لە تەوەرە کوردستانییەکان دێتە ئاراوە، پاشکۆیەتی رەت دەکاتەوە، بە ئاراستەی هاوکاری و هەماهەنگی و رێزگرتنی بەرامبەر بێ دەستێوەردانی زۆرەملێیانە، وەك ئەوەی کە گرووپەکانی پەکەکە و ئەوانی دیکە دەیکەن.

بێ زیادگوتن لە مەسەلەی (کۆنگرەی نیشتمانیی سووریا) کە پێشتر خستمەڕوو، بزاڤ بەشی نیشتمانیی بەرنامەکەی داناوە، پێموایە لە رووی پرەنسیپە بنەڕەتییەکان و میکانیزمەکانی رێکخستنەوە هیچ جیاوازیی گەورە لە نێوان هەردوو بەشی کوردی و سووریدا نییە، هەروەها رۆڵی لیژنەی ئامادەکاری و بنەماکانی وەزیفی و بەشداریکردن تاکە جیاوازییان ئەوەیە کە یەکەم بۆ کوردی سووریا تەرخانکراوە تا بزووتنەوەکەیان بنیاد بنێنەوە، لەگەڵ ئامادەسازی بۆ بەشداریکردنی کارای رێکخراوەکە، دووەمیان کە ریزەکان سازدەکات و تواناکانیش رێکدە خاتەوە و یەکگرتوویی دەگێڕێتەوە و بە شێوەی گونجاو ئامادەکارییش دەکات بۆ بەردەوامبوونی خەبات لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجە پەراوێزخراوەکانی شۆڕشی سووریا.

ئەوانەی لە واقیعی سووریا لادەدەن، کە فرە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییە، لە شێوەی حزبی بەعسن، لەوەتەی کودەتاکەی سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوو و تا ئێستا لە ژێر ناوی (نیشتمانپەروەری)دا، هەروەها مافەکانی غەیری عەرەب وەك نەتەوەیەك، کە هەیە، پێشێلی دەکەن، پێیان دەڵێین: گرنگترین سیمای جیاکەرەوەی شۆڕشەکانی بەهار و لە سەروویانەوە شۆڕشی سووریای ستەملێکراو ئەوەیە کە کەرامەت و ئازادییە خەفەکراوەکانی هەموو پێکهاتە نەتەوەییە چەوساوەکانی لە سووریاوە بۆ لیبیا و جەزائیر و تونس و سودان گەڕاندەوە، ئەو پێکهاتانە بە لە ئامێزگرتن و بەشداریکردن لەو شۆڕشانە شایانبوونی خۆیان لەپاڵ هەبوونی نەتەوەکانی دیکە سەلماند، مافی خۆشیانە کە گوزارشت لە خۆیان بکەن و پابەندبن بە بەشداریکردن و پێکەوەژیان و گەڕاندنەوەی مافی زەوتکراویان، جارێك بە ناوی (ئەمنی قەومی) و جارێکی دیکەش بە ناوی (نیشتمانپەروەری)یەوە، هەندێك جاریش بە ناوی ئیسلامەوە.

(کۆنگرەی گشتگیری نیشتمانیی سووریا) بەبێ بەشداریکردنی نوێنەرانی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و نانەتەوەییەکان (لە عەرەب و کوردو تورکمان و ئەوانی دیکە) نابێتە نیشتمانی، یان گشتگیر، واتا هەموو توێژەکانی گەلی سووریا، چونکە هەر پێکهاتەیەك چیرۆکێك و کێشەیەك و مێژوویەك و بزووتنەوەی نیشتمانی و خەباتگێڕ و بنیاتکاری سەربەخۆیی و شەهیدی تایبەت بە خۆی هەیە، هەر کەسێك ئەم راستییە مێژووییەی سووریا رەت بکاتەوە و هەبوون و مافی پێکهاتەکان پشتگوێ بخات، زۆر بە ئاسانی دیارە لەگەڵ سیاسەتەکانی رژێمی ستەمکار یەك دەگرێتەوە، بەتایبەتیش بەشداریکردنی خەباتی گشتی و بێ دوورخستنەوەی هەر پێکهاتەیەك لەم حاڵەتەدا لە بەرژەوەندیی یەکێتیی نیشتمان تەواو دەبێت، دڵنیاییش دەداتە ئەوانەی بە درێژایی سەدەیەك چەوساوە بوون، شوێنبزر و گۆشەگیر کرابوون، کە گۆڕانکارییەك لە چەمك و تێگەیشتنەکان هاتۆتە ئاراوە، ئەمەش هانیان دەدات بەرەو یەکگرتوویی و هاوکاری و یەك چارەنووسی، بەڵام ئەوەی پێی وایە کە دروشمی (نیشتمانپەروەری) کە بێ ناوەڕۆکە گوایە هەتووانی برینەکانە، یان چارەسەرە بۆ هەموو کێشەکان لەوانەش کێشەی نەتەوەکان لە وڵاتێکی فرەیی وەك سووریا، نەك لە فەرەنسا، یان ئەڵمانیا، یان بەلجیکا لە رووی جەوهەرەوە لەگەڵ ئەو باوەڕەی کە پێی وایە ئیسلام چارەسەرە، هیچ جیاوازیی نییە.

**ئەوانەی لە واقیعی سووریا لادەدەن، کە فرە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییە، لە شێوەی حزبی بەعسن، لەوەتەی کودەتاکەی سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوو و تا ئێستا لەژێر ناوی (نیشتمانپەروەری) دا، هەروەها مافەکانی غەیری عەرەب وەک نەتەوەیەک، کە هەیە، پێشێلی دەکەن**

**کۆنگرەی گشتگیری نیشتمانیی سووریا) بەبێ بەشداریکردنی نوێنەرانی هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و نانەتەوەییەکان (لە عەرەب و کوردو تورکمان و ئەوانی دیکە) نابێتە نیشتمانی، یان گشتگیر، واتا هەموو توێژەکانی گەلی سووریا، چونکە هەر پێکهاتەیەک چیرۆکێک و کێشەیەک و مێژوویەک و بزووتنەوەی نیشتمانی و خەباتگێڕ و بنیاتکاری سەربەخۆیی و شەهیدی تایبەت بە خۆی هەیە**

**ئەوەی پێی وایە کە دروشمی (نیشتمانپەروەری) کە بێ ناوەڕۆکە گوایە هەتووانی برینەکانە، یان چارەسەرە بۆ هەموو کێشەکان لەوانەش کێشەی نەتەوەکان لە وڵاتێکی فرەیی وەک سووریا، نەک لە فەرەنسا، یان ئەڵمانیا، یان بەلجیکا لە رووی جەوهەرەوە لەگەڵ ئەو باوەڕەی کە پێی وایە ئیسلام چارەسەرە، هیچ جیاوازیی نییە**

# دیمانەی تایبەت



دانیاڵ کورتزەر پرۆفیسۆری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە سکوولی وودرۆ ویلسۆن بۆ کاروبارە گشتی و نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی پرینستۆن. دوای ٢٩ ساڵ لە خزمەتکردن لە بواری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٥ بە پلەی وەزیر خانەنشین کرا. لە ساڵی ٢٠٠١-٢٠٠٥ باڵیۆزی ئەمریکا بوو لە وڵاتی ئیسرائیل و لە ساڵی ١٩٩٧-٢٠٠١ باڵیۆزی ئەمریکا بوو لە وڵاتی میسر. هەروەها پێشتریش یاریدەدەری جێگری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بووە بۆ کاروباری رۆژهەڵاتی نزیك. هەروەها رۆڵێکی گرنگی هەبووە لە دارشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست پرۆسەی ئاشتیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. چەند کتێبێکی پەیوەست بە سەرکردایەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و گفتوگۆکانی پەیوەندیدار بە ئاشتی نێوان عەرەب-ئیسرائیل هەیە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا شرۆڤە کرد، کە پتر پەیوەست بوون بە رەهەند و رواڵەتەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ترەمپ، بەتایبەتی لە ئاست ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها پرسی کەمبوونەوەی بایەخی ئەم ناوچەیە بۆ ئەمریکا و پلانی ئەم دواییەی ئیدارەی سەرۆك ترەمپ بۆ ئاشتیی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.

دانیاڵ کورتزەر

باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە هەردوو وڵاتی میسر و ئیسرائیل بۆ گوڵان:

# سیاسەتێکی دەرەکیی روون و جێگر لەلایەن ئیدارەی ترەمپەوە بەدی ناکرێت

*** ئاشکرایە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ مشتومڕێکی زۆری خوڵقاندووە، هەم لە ناوخۆی ئەو وڵاتە و هەم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، لەم رووەوە هەندێك بە سیاسەتێکی تاکلایەنانە و ناسیۆنالیستانە وەسفی دەکەن، ئایا بە تێڕوانینی ئێوە وردترین وەسف کە بۆ ئەم سیاسەتە بکرێت چییە و گرنگترین رواڵەت و رەهەندەکانی چین؟**

- ئەوەی من دەتوانم لەم بارەیەوە بیڵێم، ئەوەیە کە زۆر دژوارە بتوانین سیاسەتێکی دەرەکیی روون و جێگیر لە لایەن ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپەوە بەدی بکەین و ئاماژەی پێ بکەین. هەرچۆنێك بێت، ئەم ئیدارەیە باوەڕی وایە کە پێشتر مامەڵەیەکی ناڕەوا، یان بێسوود لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا کراوە، ئەمەش بۆتە پاڵنەر و هۆکارێکی قووڵ بۆ هەڵوێست و چۆنیەتیی مامەڵەکردنی لە پەیوەندی بە سیاسەتی دەرەکییەوە. بۆ نموونە: ئەم ئیدارەیە مشتومڕ، یان بانگەشەی ئەوە دەکات کە زۆرێك لە وڵاتانی دیکە لە بواری بازرگانیدا بە ناهەق سوودیان لە سیاسەتەکانی ئەمریکا وەرگرتووە، یان هەمیشە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە وڵاتانی ئەندامی رێکخراوی ناتۆ شانیان نەداوەتەبەر هەڵگرتنی بەرپرسیارێتیی خەرجییەکانی ئەم رێکخراوە.

*** ئەگەر سیاسەتی دەرەکیی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بەم شێوەیە بێت کە ئێوە ئاماژەی پێ دەکەن، ئایا پێت وایە دەرئەنجام و لێکەوتەکانی ئەم سیاسەتە لەسەر خودی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئەمریکا و لەسەر بەرژەوەندی و پێگەی ئەم وڵاتە چی دەبن و، تا چەند دەکرێت ئەم سیاسەتە درێژە بکێشێت؟**

> **سەرۆک ترەمپ باوەڕی وایە کە پێشتر مامەڵەیەکی ناڕەوا، یان بێسوود لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا کراوە، ئەمەش بۆتە پاڵنەر و هۆکارێکی قووڵ بۆ هەڵوێست و چۆنیەتیی مامەڵەکردنی لەگەڵ سیاسەتی دەرەکی**

- لە راستیدا وەك تەواوكاری پرسیاری پێشوو دەمەوێت لە پێشدا ئەوەش زیاد بکەم کە هەندێ لە بڕیارەکانی ترەمپ وەڵامدانەوەی راستەوخۆی خواست و ویستی ئەو کەسانەیە کە لە رووی سیاسییەوە لایەنگرین و پاڵپشتیی لێ دەکەن، کە لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە بڕیاری ئیدارەی سەرۆك ترەمپ بکەین بۆ گواستنەوەی باڵیۆزخانەی وڵاتەکەی لە تەل ئەبیبەوە بۆ شاری قودس. هەروەها کاتێك لە هەندێ بڕیار و کردەوەکانی ورد دەبینەوە، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەو باوەڕی وایە خۆی باشترین و گونجاوترین کەسە بۆ گەیشتن بە رێککەوتنەکان و ئەنجامدانیان، ئێوە لەم رووەوە بڕواننە چۆنیەتیی مامەڵەکردنی لەگەڵ کێشەی وڵاتی کۆریای باکوور، ئەگەر بێمەوە سەر وەڵامی پرسیارەکەتان ئەوا بە شێوەیەکی گشتی سیاسەتەکانی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بوونەتە هۆی دروستکردنی گرژییەك لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، بە تایبەتی لە نێو هاوپەیمانەکانی ئەم وڵاتەدا کە بە زۆری دەکەونە بەر رەخنەی تویتەکانی ترەمپ.

*** ئەوەی پەیوەست بێت بە سیاسەتەکانی ئەمریکاوە لە ئاست ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوا ئاشکرایە کە ئیدارەی سەرۆك ترەمپ دەستی لە پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە و برەودان بە دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا هەڵگرتووە، پاڵنەر و هۆکاری ئەم هەڵوێستە بۆچی دەگەڕێننەوە و ئەمە چ کاریگەرییەکی لەسەر بارودۆخی ئەم ناوچەیە دەبێت؟**

- ئەوەی نکۆڵیی لێ ناکرێت ئەوەیە کە ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ نەك هەر تەنیا لەو هەوڵانە وەك بنیاتنانی نەتەوە و پەرەپێدانی دیموکراسی دەستی هەڵگرتووە، بەڵکو لە هەمان کاتدا چیتر هاوکاری و کۆمەکی دەرەکییش دەستەبەر ناکات. هەموو ئەمانەش بوونەتە هۆی ئەوەی کە دەستڕۆیشتوویی و کاریگەریی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەونە ژێر پرسیارەوە و بە گومانەوە لە پێگە و متمانەی ئەم وڵاتە بڕواندرێت.

*** بەم دواییە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە داڤۆس رایگەیاند کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێویستی بەوە نییە کە نەوت لە هیچ وڵاتێکەوە هاوردە بکات و، بەرهەمهێنانی ناوخۆیی ئەو وڵاتە پێداویستییەکان پڕ دەکاتەوە، پێت وایە ئەمە بە مانای ئەوە بێت کە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگیی رابردووی نەماوە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و، ئەمەش هۆکاری ئەوە بێت کە چیتر ئەمریکا بە رادەیەکی گەورە بایەخ بەم ناوچەیە نەدات؟**

- بە تێڕوانینی من هێشتا ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرنگی و بایەخی خۆی لەدەست نەداوە، ئەویش لە پەیوەندی بە پاراستنی بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەمریکا بە رادەیەکی گەورە پەرەی بە بەرهەمهێنانی وزە داوە لە وڵاتەکەیدا. بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەگەر ئێمە لە بارودۆخی ناسەقامگیر و نائارامی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڕوانین، ئەوا دەبینین هێشتا کێشەی تیرۆریزم وەك نیگەرانییەکی سەرەکی ماوەتەوە، چونکە ئێمە دەزانین کە کێشەی تیرۆریزم کاریگەری و دەرهاویشتەی لەسەر ئاسایش و ئارامی هاوپەیمانەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێت، لەم روانگەیەوە دەکرێت بگوترێت، هەڵەیە مەزەندەی ئەوە بکەین، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەتوانێت رۆڵ و دەستڕۆیشتوویی خۆی لەم ناوچەیەدا کەم بکاتەوە، بە بێ ئەوەی ئەم هەنگاوە کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەم وڵاتە هەبێت.

*** گۆڕانکارییەکی دیکەی بەرچاو لە سیاسەتی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە ئاست ئەم ناوچەیەدا پەیوەستە بە هەڵوێستەکانیەوە لە ئاست ئێران، بەتایبەتی سەپاندنی سزا و فشاری ئابووری بەسەر ئەو وڵاتەدا، ئەوەی پێی دەوترێت هەڵمەتی ئەوپەڕی فشار، ئێوە چۆن لە کاریگەرییەکانی ئەم رێگاچارەیە دەڕوانن؟**

- ئەگەر بە راشکاوی لەم رووەوە بدوێم، ئەوا پێم وایە هێشتا زووە ئەوە یەکلا بکەینەوە کە فشارەکانی ئیدارەی سەرۆك ترەمپ لە دژی ئێران کاریگەری و دەرئەنجامی خوازراوی لێ دەکەوێتەوە، کە پێدەچێت ئەو ئامانجەش خۆی لە گۆڕینی دەسەڵاتی ئەو وڵاتەدا بەرجەستە بکات. هەرچۆنێك بێت، لە ئێستادا ئابووریی

هەندێ لە بڕیارەکانی ترەمپ وەڵامدانەوەی راستەوخۆی خواست و ویستی ئەو کەسانەیە کە لە رووی سیاسییەوە لایەنگرین و پاڵپشتیی لێ دەکەن

سیاسەتەکانی ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ بوونەتە هۆی دروستکردنی گرژییەک لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، بەتایبەتی لە نێو هاوپەیمانەکانی ئەم وڵاتەدا کە بە زۆری دەکەونە بەر رەخنەی تویتەکانی ترەمپ

ئیدارەی سەرۆک دۆناڵد ترەمپ نەک هەر تەنیا لەو هەوڵانە وەک بنیاتنانی نەتەوە و پەرەپێدانی دیموکراسی دەستی هەڵگرتووە، بەڵکو لە هەمان کاتدا چیتر هاوکاری و کۆمەکی دەرەکییش دەستەبەر ناکات

کێشەی تیرۆریزم کاریگەری و دەرهاویشتەی لەسەر ئاسایش و ئارامی هاوپەیمانەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەبێت، لەم روانگەیەوە دەکرێت بگوترێت، هەڵەیە مەزەندەی ئەوە بکەین، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەتوانێت رۆڵ و دەستڕۆیشتوویی خۆی لەم ناوچەیەدا کەم بکاتەوە



ئێران بە هۆی کەمبوونەوەی هەناردەی نەوتی ئەو وڵاتەوە دووچاری دژواری بۆتەوە، لە هەمان کاتدا حکومەتیش رووبەڕووی داکشانی داهات بۆتەوە، ئەوەی پێی دەڵێن تێکڕای داهاتی نیشتمانی. لەگەڵ ئەوەشدا تەواو روون نییە، ئایا حکومەتیش بە دەستی ئەم سزایانەوە گرفتار بووە، یان تەنیا خەڵکی ئەو وڵاتە باجی ئەم سزایانە دەدەن، ئەگەر مەسەلەکە پوخت بکەینەوە، ئەوا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بە تەنیا پشتبەستن بە سزاکان رێگایەکی کاریگەر نییە بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانی ئەمریکا.

*** دوای چاوەڕوانییەکی زۆر، بەم دواییە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ پلانی ئیدارەکەی بۆ هێنانەئارای ئاشتی و چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل راگەیاند، خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی ئێوە بۆ ئەم پلانەی کە بە سەفقەی سەدە ناسێندراوە چییە؟ ئایا پێتان وایە ئەگەری جێبەجێکردنی لە ئارادایە، یان چارەنووسی شکستهێنان دەبێت؟**

- بە تێڕوانینی من ئەم پلانەی سەرۆك ترەمپ هەڵە و کەموکووڕیی کوشندەی لەخۆگرتووە، لەبەر ئەوە پێم وایە پلان و رێگاچارەیەکی ناکامڵە و لەسەر بنچینەیەکی لەرزۆکیش بنیاتنراوە، چونکە هەوڵ دەدات لە رێی بەڵێندان بە کۆمەکی و پاڵپشتی ئابوورییەوە هەڵوێستی فەلەستییەکان بکڕێت، لە پێناو ئەوەی دەست لە خەون و ئامانجە نەتەوەییەکانیان هەڵبگرن. لە هەمان کاتدا پێم وایە ئەم پلانە مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر ئیسرائیل، چونکە دەبێتەهۆی هاندانی ئیسرائیل بۆ لکاندنی بەشێك لە خاکە داگیرکراوەکان بە سنوری خۆیەوە، ئەگەر ئەم هەنگاوەشی هەڵگرت، ئەوا تووڕەیی تا ئاستی تەقینەوە لە نێو فەلەستینیەکاندا دەخولقێنێت.

**ئابووریی ئێران بە هۆی کەمبوونەوەی هەناردەی نەوتی ئەو وڵاتەوە دوچاری دژواری بۆتەوە، لە هەمان کاتدا حکومەتیش رووبەڕووی داکشانی داهات بۆتەوە، بەڵام بە تەنیا پشتبەستن بە سزاکان رێگایەکی کاریگەر نییە بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانی ئەمریکا**

ئیتان گیلبوا
پرۆفیسۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی بار-ئیلان بۆ گوڵان:

# لە بەر هەڵبژاردنەکان ترەمپ نایەوێت خۆی بخزێنێتە نێو هیچ رووبەڕووبوونەوەیەکەوە

پرۆفیسۆر ئیتان گیلبوا بەڕێوەبەری دامەزرێنەری سکوولی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی بار-ئیلان لە ئیسرائیل، هەروەها بەڕێوەبەری سەنتەری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە و توێژەرە لە سەنتەری ستراتی لە هەمان زانکۆ. هەروەها لە ساڵی ٢٠٠٥ـەوە پرۆفیسۆری دیپلۆماسییەتی گشتییە لە زانکۆی ساوەزەرن کالیفۆڕنیا. بە شێوەیەکی گشتی تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سیاسەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی و دیپلۆماسییەتی گشتی. لە میانەی دیمانەیەکدا کە تەوەرەکانی پەیوەست بوون بە سیاسەتی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لە ئاست رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی سیاسەت و سزاکانی لە بەرامبەر ئێران و دەستپێشخەری و پلانی ئاشتیی ئەم ئیدارەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکیی فەلەستین و ئیسرائیل، گوڵان چەند پرسیارێکی ئاراستەکرد.



## دیمانەی تایبەت

*** هەروەك دەزانین كە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەكی پڕ لە كێشە و ململانێیە و، گۆڕەپانێكە بۆ دەستێوەردانی چەندین هێزی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی، بەڵام ئەوەی نكۆڵی لێ ناكرێت، ئەوەیە كە هێشتا ئەمریكا دەستڕۆیشتووترین هێزی دەرەكییە لەم ناوچەیەدا، ئێوە چۆن لە سیاسەتەكانی ئیدارەی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ دەڕوانن لە ئاست ئەم ناوچەیە؟**

- سەرەتا دەبێت ئێمە ئەوە لەبەرچاو بگرین كە لە ئەمساڵدا ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی ئەنجام دەدات، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت كە سەرۆك دۆناڵد ترەمپ خوازیاری ئەوە نییە و نایەوێت خۆی بخزێنێتە نێو هیچ ڕووبەڕووبوونەوەیەكەوە، ڕاستە سەرۆك ترەمپ فەرمانی دا بە كوشتنی فەرماندەی هێزی قودسی ئێرانی و دواتریش ئێران كاردانەوەی هەبوو. بەڵام پێم وایە لە ئێستادا ئێران دەیەوێت لە چاوەڕوانی ئەوەدا بێت كە ئایا كێ براوەی هەڵبژاردنە سەرۆكایەتییەكەی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا دەبێت. ئاشكرایە لەم ڕووەوە ئێران خوازیاری ئەوەیە كە دیموكراتەكان براوە و سەركەوتووی ئەو هەڵبژاردنانە بن، چونكە سەرجەم كاندیدەكانی دیموكراتەكان ڕایانگەیاندووە كە دەیانەوێت ئەمریكا بگەڕێننەوە بۆ نێو ڕێككەوتنە ئەتۆمییەكە لەگەڵ ئێراندا و هەوڵدەدەن كە پەیوەندییەكانیان لەگەڵ ئێراندا باشتر بكەن. بەڵام ئەگەر دووبارە سەرۆك ترەمپ لە هەڵبژاردنەكاندا سەركەوتوو بێت، ئەوا ئاشكرایە كە هەمان سیاسەت و ستراتیژیەتی ئێستا لە بەرامبەر ئێراندا دەگرێتەبەر.

*** ئایا پێشبینی ئەوە دەكەیت، ئێران پەنا بۆ هیچ كردەوەیەك ببات كە ببێتە هۆی خوڵقاندنی دۆخێك كە لە دەرئەنجامدا دەرفەتی سەركەوتنی دۆناڵد ترەمپ لە هەڵبژاردنەكاندا لاواز بكات؟**

- بە تێڕوانینی من ئەگەر ئێران پەنا بۆ

**لە ئێستادا ئێران دەیەوێت لە چاوەڕوانی ئەوەدا بێت كە ئایا كێ براوەی هەڵبژاردنە سەرۆكایەتییەكەی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا دەبێت**

**سەرجەم کاندیدەکانی دیموکراتەکان رایانگەیاندووە کە دەیانەوێت ئەمریکا بگەڕێننەوە بۆ نێو رێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا و هەوڵدەدەن کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئێراندا باشتر بکەن**

**ئەگەر دووبارە سەرۆک ترەمپ لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتوو بێت، ئەوا ئاشکرایە کە هەمان سیاسەت و ستراتیژیەتی ئێستا لە بەرامبەر ئێراندا دەگرێتەبەر**

**ئەگەر ئێران پەنا بۆ بەکارهێنانی هێز ببات، وەک ستراتیژیەتێک بۆ لاوازکردنی ئەگەری دەرچوونەوەی ترەمپ لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەدا، ئەوا کارێکی مەترسیدار دەکات**

**کاتێک هێرش کرایە سەر باڵەخانەی باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق، کە ئەمە هێڵی سوور بوو بۆ ئیدارەی ئەمریکا، باجەکەشی بەئامانجگرتن و لەناوبردنی قاسم سولەیمانی بوو**

بەکارهێنانی هێز ببات، وەك ستراتیژیەتێك بۆ لاوازکردنی ئەگەری دەرچوونەوەی ترەمپ لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەدا، ئەوا کارێکی مەترسیدار دەکات، لە هەمان کاتدا ئەنجامدانی کارێکی لەم چەشنە و خوڵقاندنی هەلومەرجێکی لەم چەشنە لە بەرژەوەندی سەرۆك ترەمپ دەشکێتەوە، هەرچۆنێك بێت روودانی جۆرێك لە توندوتیژی لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا وەك ئەگەرێکی کراوە دەمێنێتەوە، بەڵام ئێمە ناتوانین بە دڵنیاییەوە ئەوە یەکلا بکەینەوە کە ئایا ئەمە روودەدات، یان نا.

*** لە ئێستادا باس لەوە دەکرێت کە چیتر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەندێ رەفتار لە ئێران قبوڵ ناکات، کە ئەو وڵاتە لە رێی وەکیلەکانیەوە ئەنجامیان دەدات و، لە دەرئەنجامدا ئیدارەی سەرۆك ترەمپ توانیویەتی جۆرێك لە بەرپەرچدانەوە لە بەرامبەر ئێراندا دروست بکات، تێڕوانینی ئێوە لەم رووەوە چییە؟**

- من پێم وایە ئەمە لێکدانەوەیەکی راستە، چونکە ئێمە دەزانین پێشتر و بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هیچ کارێکی لە دژی ئێران ئەنجام نەدا، تەنانەت ئەمریکا هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو کاتێك ئێران فڕۆکەیەکی هەواڵگریی بێ فڕۆکەوانی ئەمریکای خستەخوارەوە، بە هەمان شێوە کاتێك ئێران هێرشی کردە سەر تەنکەری نەوت لە ناوچەی کەنداودا و بگرە گورزی لە کێڵگەی نەوتی عەرەبستانی سعودیە وەشاند، بەڵام کاتێك هێرش کرایە سەر باڵەخانەی باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق، کە ئەمە هێڵی سوور بوو بۆ ئیدارەی ئەمریکا، باجەکەشی بەئامانجگرتن و لەناوبردنی قاسم سولەیمانی بوو. من پێم وایە ئەگەر ئەمریکا هیچ کاردانەوە و پەرچەکردارێکی نەبوایە لە بەرامبەر هێرشکردنەسەر باڵیۆزخانەکەی، ئەوا ئەم کارە دەبووە هۆی هاندانی ئێران بۆ ئەنجامدانی کار و کردەوەی هاوشێوە، لەبەر ئەوە سەرۆك ترەمپیش گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە ئیدی بەسە، بە تێڕوانینی من ئەمە پەرەسەندنێکی گەورە بوو، چونکە قاسم سولەیمانی کەسایەتییەکی بەهێز و کاریزمای ئێران بوو و سەرکەوتووانە فەرماندەیی هێزی قودسی دەکرد و ئەو بەرپرسیارێتیی هەناردەکردنی شۆڕشی ئێرانی لە ئەستۆ بوو، پێم وایە ماوەیەکی زۆری دەوێت تاوەکو کەسێکی دیکە بتوانێت شوێنی پڕ بکاتەوە.

*** ئێوە زیاتر جەختتان لەسەر سیاسەتەکانی ترەمپ لە ئاست ئێراندا کردەوە، بەڵام لە ماوەی چەند هەفتەی رابردوودا، سەرۆك ترەمپ پلانی ئاشتیی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینی راگەیاند، کە بە سەفقەی سەدە ناسراوە، ئێوە چ تێڕوانینێکتان لەبارەی ئەم پلانەوە لا دروست بووە؟**

- ئێمە دەزانین کە دوای راگەیاندنی ئەم پلانە لایەنی فەلەستینی هەوڵەکانی خستەگەڕ بۆ ئەوەی لە رێی ئەنجومەنی ئاسایشەوە بڕیارێك بۆ ئیدانەکردنی ئەم پلانە دەربچێت، بەڵام ئەوەی من بەدی دەکەم، ئەوەیە کە پشتیوانییەکی گەورە لە نێو جیهانی عەرەبیدا بۆ فەلەستینییەکان لە ئارادا نییە، بە چەشنێك کە دەوڵەتە عەرەبییە سوننە میانڕەوەکان شەکەت بوون لە کەیسی فەلەستین و هەموویان هانی فەلەستینییەکان دەدەن، بۆ ئەوەی ئەم پلانە لەبەرچاو بگرێت، بەلای کەمەوە وەك هەنگاوی یەکەم و وەك زەمینەسازییەك بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ.

*** کەواتە پێت وانییە، یان پێشبینیی ئەوە ناکەیت کە ئەم دەستپێشخەری و پلانە ببێتەهۆی دەستپێکردنەوەی گفتوگۆیەکی جددی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستیندا، بە ئامانجی گەیشتن بە رێککەوتنێك کە مایەی رەزامەندیی هەردوولا بێت؟**

- لە راستیدا من پێم وانییە لە ئێستادا لەم بارەیەوە هیچ شتێك رووبدات، تاوەکو هەڵبژاردنەکانی نێو ئیسرائیل ئەنجام نەدرێن و یەکلا نەبنەوە، کە لە دووی ئازاردا بەڕێوەدەچن، لەگەڵ ئەوەشدا کۆدەنگییەك لە نێو تێکڕای لایەنەکانی نێو ئیسرائیلدا هەیە، کە پێویستە ئەم پلان و سەفقەیە قبوڵ بکرێت و کاری لەسەر بکرێت. دواتر ئەگەر من لە جێی سەرکردە فەلەستینییەکان بوومایە، ئەوا پەسەندم دەکرد، من پرسیاری ئەوە دەکەم: ئایا چ سەرۆکێکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتیوانی خۆی بۆ دروستبوون و دامەزراندنی



دەوڵەتی فەلەستینی دەربڕیوە، لە کاتێکدا ئێستا سەرۆکێك هەیە بە ئاشکرا گوزارشت لە پاڵپشتی خۆی کردووە بۆ هێنانەئارای ئەم دەوڵەتە، بەڵام ئەوەی هەمیشە بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە فەلەستینییەکانی دەرفەتی بەدەستهێنانی دەوڵەت لە دەست دەدەن.

*** باشە تا چەند ئیسرائیل ئەم ڕەتکردنەوەیەی فەلەستینییەکان بە کێشەیەکی گەورە دەزانێت و تا چەند دەبێتەهۆی ئاڵۆزبوونی زیاتری دۆخەکە، بەو پێیەی هەم نەهامەتیی فەلەستینییەکان درێژە دەکێشێت و هەمیش ئیسرائیل ناتوانێت دڵنیا بێت لە ئاسایشی خۆی؟**

- لێرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە کێشە، یان ئەولەوییەتی سەرەکی و یەکەمی ئیسرائیل ئێرانە، بوونی ئێرانە لە وڵاتانی سووریا و لوبناندا، واتە هەوڵەکانی ئێران لە نێو ئەم دوو وڵاتەدا بوونەتە جێی نیگەرانی و بایەخی ئیسرائیل. بۆ نموونە: بوونی حزبوڵا لە لوبنان و جیهاد و حەماس لە فەلەستین، لەبەر ئەوە ئیسرائیلیش دەیەوێت ڕێگری لەم هەوڵانەی ئێران بکات، بۆ نموونە ئێران دەیەوێت چەکی ستراتیژی و پێشکەوتوو بگوازێتەوە بۆ سووریا و لەوێشەوە بۆ لوبنان، کە دەبینین بۆ ئەم مەبەستە ئیسرائیل چەندین هێرش و پەلاماری لە نێو خاکی سووریادا دژی ئامانجە ئێرانییەکان ئەنجامداوە، ئێرانیش هەمیشە بەڵێنی تۆڵەکردنەوەی داوە، بەڵام تا ئێستا هیچ ڕووی نەداوە، هەرچەندە ئەمەش دۆخ و پەرەسەندنێکی مەترسیدارە، چونکە بۆی هەیە بە ئاسانی لە کۆنترۆڵ دەربچێت.

**ئێران دەیەوێت چەکی ستراتیژی و پێشکەوتوو بگوازێتەوە بۆ سووریا و لەوێشەوە بۆ لوبنان، کە دەبینین بۆ ئەم مەبەستە ئیسرائیل چەندین هێرش و پەلاماری لە نێو خاکی سووریادا دژی ئامانجە ئێرانییەکان ئەنجامداوە**

*** ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد کە بەلای ئیسرائیلەوە ئێران سەرچاوەی مەترسی و هەڕەشەیەکی گەورەیە، لە هەمان کاتدا باس لەوە دەکرێت دەوڵەتە عەرەبییە سوننەکانیش هەمان تێڕوانینیان هەبێت و باس لە جۆرێك لە لێکنزیکبوونەوە دەکرێت لە نێوان ئەم دەوڵەتانە و ئیسرائیلدا، تێڕوانینی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- ئەوە ڕاستە، چونکە ئێمە دەبینین کە دەوڵەتە عەرەبییە سوننەکان پتر نیگەرانن لەبارەی ئێرانەوە، وەك لەوەی بایەخ بە کێشەی فەلەستین بدەن، لە ئێستادا هەندێك لەم دەوڵەتانەش پەیوەندیی نهێنییان لەگەڵ ئیسرائیلدا دروست کردووە.



# شێخ مەحموود باراوی

## نموونەی پێشمەرگەیەکی قارەمان و دێرین

فەرهاد محەمەد

شەوکەوتی مەلا سمایل کە یەکەم ئەفسەری پۆلیسی کورد بووە و، لە ساڵی ١٩٦١ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوول و ئەو هێزە تایبەتەوە کردووە، کە لەگەڵ مستەفا بارزانی بوون، یەکەم بەرپرسی بێتەلی شۆڕشی ئەیلوولیش بووە، لە دیدارێکدا پێی گوتم: «پۆلیسی کوردستان رۆڵێکی گەورەیان لە شۆڕشی ئەیلوولدا بینیوە، بۆیە زۆر جار دەڵێن، پۆلیس کۆڵەگەی شۆڕشی ئەیلوول بووە.»

ئەمڕۆ یادی پێشمەرگەیەکی قارەمان و دێرینی دیکەی کوردستان دەکەینەوە، کە ئەویش ئەفسەرێکی پۆلیس بووە و چۆتە ناو شۆڕشی ئەیلوول و، پلە پلە، پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕیوە، هەتا لە دواییدا بووەتە سەرلق لە شۆڕشی ئەیلوولدا، ئەو پێشمەرگە دێرینەش (حاجی شێخ مەحموود باراوی)یە کە مخابن ماوەیەك پێش ئێستا بۆ هەتا هەتایە ماڵئاوایی لێ کردین.

دیارە ناسینی ئێمە لەگەڵ شێخ مەحموود و بنەماڵەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوای ساڵی ١٩٧٥ و نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، بەڵام پێکەوە کارکردنمان وەك دوو هەڤاڵ و کادری پارتی، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی دوای راپەڕین لە سنووری ناوچەی سلێمانی لە لقی چواردا.

شێخ مەحموود باراوی یەکێك بوو لە ئەندامانی رێکخراوی ئەیلوول، ئەو رێکخراوەش ببووە بەشێك لە رێکخراوێکی دیکە کە نووسەری ئەم دێڕانە لەو کاتەدا بەرپرسیاریەتی رێکخراوەکەی لە سەرشان بوو. بە درێژایی ئەو ساڵانە، هەتا شەڕی شوومی ناوخۆ لە دوای ئایاری ١٩٩٤ کە سلێمانی پێ بەجێهێشتین، هەموو کات شێخ مەحموود وەك کادرێکی بەئەزموون و بەتەمەن، یەکێك بوو لە خۆشەویستەکانی ناو خەڵك و جەماوەر، ئەو هەرگیز لەسەر پرەنسیپی حزبایەتی کاری نەدەکرد و، هەمووکات کەسایەتییەکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر بوو، بەردەوامیش کاری بۆ هاندانی یەکڕیزی و دوورخستنەوەی دووبەرەکی لە نێوماڵی کوردستان دەکرد، بۆیە زۆر جار کە لە شوێنە گشتییەکانی ناوشاردا لەگەڵ خەڵك دەکەوتە قسەکردن و راگۆڕینەوە، پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد، کە ئەوە ئازایەتی نییە سەنگەر لە برای خۆت بگری، ئێمە دوژمنێکی هاوبەشمان هەیە، کە جیاوازی لە نێوان هیچماندا ناکات. پێی دەگوتن: «کە هەڵەبجە کیمیاباران کرا، پرسیاری ئەوە نەکرا، کام پێشمەرگە هی پارتی، یان هی یەکێتی، یان هی کام لایەنە، لەبەر ئەوەی کوردبووین، هەموومان بە یەك چاو سەیر کراین و بە یەك فڕۆکە و یەك بۆمب کۆمەڵکوژ کراین.»

شێخ مەحموود لەکاتی تەنگانەدا (ئەوجا تەنگانەکە ئابووری بوایە، یان سیاسی)، کەسێکی بەویژدان و خۆڕاگر بوو. ئەو بە حوکمی ئەوەی تا رادەیەك ژیانێکی مامناوەندی هەبوو، زۆر جاران کە روومان لێ دەنا، هاوکاریی کەسوکاری شەهیدان، یان کەسانێکی کەمدەرامەت بکات، بە پێکەنین و وردە جنێودانێکی پڕخۆشەویستییەوە پێی دەگوتین: «ئێوە وەکیلی منن، چیتان بە باش زانی، بیکەن و پرس بە من مەکەن.»

شێخ مەحموود باراوی چەند ساڵێك بوو تووشی نەخۆشییەکی سەخت ببوو، بەڵام هەر جارێك لەگەڵ شێخ بەختیاری کوڕی سەردانیمان بکردایە، وەك پێشمەرگەکەی ١٩٦١ هانی دەداین و پێی دەگوتین: «ئێوە بە پاکی خەریکی کاری خۆتان بن، خەمی منتان نەبێت.» ئەگەر بیرەوەریم هەڵەی لەگەڵ نەکردبم، یەك دوو مانگێك پێش کۆچی دواییەکەی سەردانم کرد، لەو سەردانەدا پێی گوتم: «فەرهاد دەبێت پێش ئەوەی بمرم، دەوڵەتی کوردستان ببینم.» منیش پێم وت: «یاشێخ، سەرۆك مسعود بارزانی هەموو ژیان و تەمەنی خۆی بۆ ئەم پرسە تەرخان کردووە و، دڵنیابە ئەم کاروانە هەر دەگەیەنێتە جێی خۆی...» شێخ دوای ئەم قسانەم گوتی: «شەو و رۆژ دوعای بەخێر بۆ سەرۆك دەکەم و دەپاڕێمەوە تەمەنی منیش بخرێتە سەر تەمەنی.»

ئەمڕۆ چل رۆژ بە سەر کۆچی دوایی شێخ مەحموود باراوی، پێشمەرگەی دێرین و خاوەن ئیرادەدا تێدەپەڕێت. ئەوەی لێی فێربووم، ئەوەیە: ئێمە بە کوردایەتی سەر دەکەوین نەك حزبایەتی.

# مستەفا زەڵمی

## ئەستێرەیەکی گەش، لە شەوگارێکی ڕەش



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەنووسێت

لە ئێستاو رابردوودا، لێرە و لەوێ ڕوویداوە کە ئاسمانی سافی هزر و بیری گەش، بە پەڵەهەوری چڵکنی هزر و بیری ڕەش داپۆشرابێت و، ئەوساش مرۆڤایەتی کەوتۆتە نێو گێژاوی دواکەوتوویی و پاشکۆبوونەوە.

لە شەوگارێکی ئاوا ڕەشی هزر و بیری تاریکدا، هەمیشە کەسێك، یان چەند کەسانێك دێنە مەیدان و بە بیر و هزری گەشیان وەك مانگی چواردە ڕووناکی بە زەوی دەبەخشن و، وەك ئەستێرەش ئاسمانی شەو دەڕازێننەوە.

ماموستا مستەفا زەڵمی یەکێك بوو لەو ئەستێرانەی لە ئاسمانی هزر و بیری کوردەواریدا دەرکەوت و گەشایەوە.

ئەو بە بەرائەتیی ڕۆح و ڕوخسارێکی نوورانی و بە دڵێکی ناسك و بە کۆڵێك کتێب و زانستی زەمانی خێرەوە، وەك فریادڕەسێك ڕێك لەو چاکسازانە دەچوو کە بۆ ئاشتی و ئارامی و ڕێنماییکردنی مرۆڤایەتیی ڕێگەیان کەوتبووە سەر ئەم هەسارە پڕ لە بیری چەوت و هزری ناپەسەندە و خۆیان حەشاردا و لە پەنا و بەرگی ئاییندا. ئەو پڕ لە نووری عەقڵ و زانستی بەسوود و، تەژی لە میهرەبانیی ڕۆح، خاکی و زۆریش خاکی بوو، وەکو مانگ لە ئاسماندا ژیا، هەرچەند وێنەی لە نێو ئاوی سەر زەویدا دەردەکەوت، حەیف زۆر جار ئاوە لێخنەکانی دنیای تێگەیشتنی دواکەوتووانە و پاشکۆیەتیی فیقهیی هەندێك لە بەناو زانا، وێنەی ئەویان دەشێواندو، وایان پیشانی ئەوانی دی دەدا، کە ئەو لە خەتی تەقلید لایداوە و بەوەش تۆمەتباریان دەکرد کە لە دەرەوەی شەرعزانانی کۆندا ئەسپی خۆی تاو دەدات.

ئەو چەند زانا بوو، دە هێندەش دڵپاك و دڵساف و بێ غەلوغەش بوو، ئەو وەك پەپوولە تەنیا و تەنیا عاشقی چرای زانست و نووری قەڵەم و



دەنگی هەڵدانەوەی کاغەزی کتێب بوو.

چەند وێستگەیەك بۆ فێربوون لە مامۆستا (زەڵمی )یەوە

یەکەم: شێوازی خوێندنەوەی بۆ سەرچاوەکان تایبەت و زانستییانە بوو.

گەورەترین گرفتی بواری ئایینناسیی ئەمڕۆمان بریتی نییە لە نەخوێندنەوە، بەڵکو بریتییە لە خراپ خوێندنەوە و خۆ تەسلیمکردنی کوێرانە بە هەموو ئەو قسانەی کە نووسراون و دەنووسرێن، بۆیە مامۆستا زەڵمی فێری کردین، چۆن بخوێنینەوە، ئەوەتا لە کتێبی (کاروانی ژیانم)دا باس لە ئەزموونی خۆی دەکات لە خوێندنەوەدا و دەڵێت: «ئەگەر لەسەر کتێب بڕۆم خوێندنەکەی کۆلێجم هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ خوێندنی حوجرە نابێت، بە درێژایی ساڵ دەبێت هەر فێری کتێب ببم و دوور بم لە راست و چەوتی ئەم کتێبانە و، بیروباوەڕم وا بێت کە هەرچی نووسراوە هەمووی راستە، باوەڕم بە خۆم نەبێت، کە منیش بیروباوەڕێکی تایبەتیم هەبێت لەم بابەتەدا.. هەرچیم دەخوێندەوە لە کتێبەکانی یاسا لە هەموو جۆرە بابەتێك، پێشەکی لە دڵی خۆمدا بڕیارم دەدا کە ئەمە راست نییە، ئینجا دوایی دەستم دەکرد بە لێکۆڵینەوەی، تا چاك و خراپی بکەوێتە بەرچاوم بۆ ئەوەی چاکەکەی بگرم و خراپەکەی لە خۆم دوور بخەمەوە.. هەر شتێك بخوێنمەوە، یان ببینم، پێشەکیی تەماشای وتەکە دەکەم، تەماشای خاوەنەکەی ناکەم، بەپێی فەرموودەی پێشینان وتوویانە: (انظر الی ما قیل، ولا تنظر الی من قال) واتە تەماشای وتراوەکە بکە و تەماشای خاوەنی وتەکە مەکە، تاوەکو پێشەکی خۆت نەبەستیتەوە بەو وتەیەوە، راست بێت، یان چەوت بێت... هەر وەك ئێستا باوە لە نێوان مامۆستاکانی ئایینی ئیسلامدا کاتێك گفتوگۆی لەگەڵ دەکەیت، لە بارەی هەر شتێکەوە پێشەکی پێت دەڵێت: فلان زانا، یان فلان مەزهەب وای فەرمووە، ئەمەش گەورەترین هۆی دواکەوتنی نەتەوە موسڵمانەکانە لە ژیانی ئەم جیهانەدا».

دووەم: مامۆستا زەڵمی زانستەکانی دەخستە خزمەتی واقیع و ژیانی مرۆڤەکانەوە.

مامۆستا زەڵمی بڕوای وابوو کە ئەو زانستانەی پێیان دەوترێت علوومی ئالەت، ئەوانە ئامانج نین، بەڵکو هۆکارن بۆ گەیشتن بە ئامانج، کە تێگەیشتنە لە مەبەستەکانی ئایین.

ئەو لای وابوو کە دوازدە عیلمەکە وەك کلیل وان، ئامانج لە خوێندنیان وەك ئامانجە لە بوونی کلیل، کە ئەویش کردنەوەی دەرگا داخراوەکان و دۆزینەوە و دەرهێنانی حوکمی زانستی و راست و سەردەمییانەیە بۆ پرسیارە زۆرەکانی مرۆڤی سەردەم.

ئەو دەیگوت: «زانستەکانی نەحو سەرف و مەنتیق و بەلاغە و ئوسووڵ و ئەوانی دی، زانستی گەورەن، بەڵام ئەگەر بەرهەمهێنەر نەبن، ئەوسا هیچ سوودێکیان نابێت، گەورەیی ئەو زانستانە لە بەرهەمهێنانە، نەك خولانەوە بە دەوری خۆیان.. ئەم زانستە ئالییانە لە خودی خۆیاندا سوودیان نییە، بەڵکو سوودە زۆر و گەورەکەیان لە بەرهەمهێنانەوە دەردەکەوێت».

سێیەم: کرانەوە و نوێگەری و هاوچەرخی و ژیانناسین.

مامۆستا زەڵمی نەوەی ژینگە و سرووشتی کوردستان بوو، بۆیە هەمیشە وەك سرووشت و ژینگەی کوردستان کراوە بوو. ئەو ئەگەرچی زادەی چارەکی یەکەمی سەدەی بیست بوو، کەچی لە چارەکی یەکەمی سەدەی بیست و یەکەمیشدا ژیانناس و سەردەمزان و هاوچەرخ بوو.

بۆ نموونە: دەیگوت: «لە هەندێك کتێبەکانی ئوسووڵی فیقهدا باس کراوە کە مەرجەکانی ئیجتیهاد بریتین لەوەی کە کەسی موجتەهید دەبێ ئازاد بێت و عەبد نەبێت، نێر بێت نەك مێ، موسڵمان بێت.

ئەو دەیگوت: ئەم پێناسە و مەرجانە هەمووی هەڵەن، چونکە:

أ: (حر) و (عبد) هەر لە سەرەتای ئیسلامەوە نەماون.

ب: ژن هەندێك جار لە پیاو عاقڵترن.

ج: موسڵمان بێت بۆ کاروباری ئیسلام، دەنا بۆ کاری دنیا هەندێ جار کابرایەکی مەسیحی لە بوارێکی وەك ئابووریدا خەبیرترە.

چوارەم: مامۆستا زەڵمی کوردێکی راستگۆ و ئازاد و ئازا بوو.

مامۆستا زەڵمی لە هەر شوێنێك، یان لە پلە و پایەیەك بوویێت، هەمیشە نەفەسی رەسەنی کوردەواری و هەناسەی خۆشویستنی کوردستان مۆرك و تایبەتمەندیی ئەو بووە.

ئەگەرچی لەبەر هۆکاری دوورە کوردستانیی و



غەریبی، بە عەرەبی نووسیویەتی، بەڵام هەمیشە هەناسەی ئازادانە و ئازایانەی کوردی بە نووسین و قسەکانیەوە دیار بوون.

ئەو کوردانە بیری لە ئیسلام دەکردەوە و نەدەهات عەرەبییانە بیر لە ئیسلام بکاتەوە و، قسەو باسی ئەوان بکاتە پێوەر بۆ تێگەیشتن لە ئیسلام، دەیزانیی کە هزری کوردییانەی هەرگیز کێشەی لەگەڵ خودی دەقە رەسەنەکانی ئیسلامدا نەبووە، بەڵکو کێشەی لەگەڵ هەڵەکانی نێو مەزهەب و داب و نەریتیی تێکەڵکراو بە ئایین بووە. لە رووی سیاسیشەوە بەردەوام دڵی لەگەڵ بزاڤی رزگاریخوازیی گەلی کورد بووەو، وەك خۆی دەڵێت: «من هاوکاریم لەگەڵ حزبێك کردووە کە خزمەتی کوردی کردبێت، بەڵام هەرگیز نەچوومەتە حزبێکی بێگانەوە».

پێنجەم: حەزکردن بە دەرکەوتنی ئەوانی دیکە و رێزگرتن لە زانایانی کورد.

لەوانەیە لە سەر ئاستی جیهان زانا و دانای هەڵکەوتوو زۆر بن، بەڵام زۆرێك لەوان بەکەم تەماشای زاناو دانای هاوتەمەن و زانای پێش خۆیان کردووەو، جۆرێك لە خودپەرستی و ئەنانییەتیان تێدا بووە، بەشێکی کەم لەو زانا و دانایانە نەبێت کە هەرچەند خۆیان لە پلە و پایەی بڵندی زانستیدا بوون، بەڵام بە چاوی رێزەوە تەماشای هەوڵ و ماندووبوونی زانای هاوپیشەی خۆیان، یان زانایانی پێش خۆیان کردووە.

مامۆستا زەڵمی وێڕای ئەوەی خۆی خاوەنی دەیەها کتێب بووەو، خاوەنی چەندین بڕوانامەی ئەکادیمی و فەخری بووەو، سەرپەرشتیی دەیان نامەی ماجستێر و تێزی دکتۆرای کردووەو، دەیان ساڵیش ئیمامەتی و وتاربێژیی کردووە و مامۆستای زانکۆش بووە، بەڵام زۆر رێزی لە زاناو دانای پێشین و هاوتەمەنی خۆی دەگرت، بە رادەیەك زۆر جار دەیگوت: «چەندین جار بە مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسم گوتووە، مامۆستا تۆ تا ئەو پەڕی پلەی زانایی، زانایت و، فەقیهی بڵندی، نازانم بۆچی ئیجتیهاد ناکەیت؟»

یان زۆرجاری دەیکەش باسی شێخ محەمەد بالیسانی دەکردو، دەیگوت: «زۆر بە شێخ موحەمەد بالیسانی مورتاح بووم و، زۆریش بە جوانی لە یەکتر دەگەیشتین».

سڵاو لە مامۆستای پایەبەرز و دانا، یادی هەمیشە زیندوو بێت، رۆحی شاد و جێی ئارام بێت.

تێبینی: ئەم نووسینە بەشێکە لەو پێشەکییەی کە بۆ ئەو کتێبەم نووسیوە، کە لە بارەی پرۆفیسۆر دکتۆر (مستەفا زەڵمی) و لەلایەن بەڕێز کاك زانیار سەردار قرگەیی ئامادە کراوە.